یۆران هێمبێری

Göran Hemberg

# ئەلفوبێی دێمۆکراسی

تەرجەمەی لە سوێدییەوە

ئاسۆس شەفیق

www.komak.nu

2011

Demokratiska utmaningar
Ordfront      www.ordfront.se
Demokratiakademin      www.democracy.se

«ئەلفوبێی دێمۆکراسی»

نووسەر: یۆران هێمبێری

Göran Hemberg: Demokratiska utmaningar

Ordfront förlaget

www.ordfront.se forlaget@ordfront.se

Demokratiakademin www.democracy.se

Stockholm 2008

© Göran Hemberg 2008

Översättning till kurdiska

Asos Shafeek

Stockholm 2011

www.komak.nu

تەرجەمەی لە سوێدییەوە: ئاسۆس شەفیق

www.komak.nu «کۆمەک»

سوێد، ستۆکهۆلم 2010

**پێڕست**


دەربارەی democracy.se

1. «ئەلفوبێی دیمۆکراسی»
   1) سێ پرسیاری بنەڕەتی
   2) دوو ڕوخسارەکەی دیمۆکراسی
   3) ئازاد و نەوزاد و بژارەکان
   4) پەیوەست
   5) پلاتفۆرمێکی دیمۆکرات
   6) بەرگەکانی «ئەلفوبێی دیمۆکراسی»

2. ئاستی سازمان
   1) ڕێبەرایەتیی دیمۆکراتانە
   2) گەشەیەکی دیمۆکراتانەی سازمان
      - بارۆمەتری دیمۆکراسی
      - بارۆمەتری دیمۆکراسی – ئەنجام
      - چێکلیستی دیمۆکراسی

3. ئاستی میللی
   1) دەوڵەتی «فەریکە دیمۆکرات» FD
   2) دەوڵەتی FD و دەوڵەتی دەستووربەند

4. کۆمەڵگەی مەدەنی
   1) دیمۆکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی
   2) کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاهێزراو
   3) پلانی کار

5. ئاستی نێودەوڵەتی

1) جیهانگیر، ناوچەگیر یان نێواندەوڵەتی
2) جەخت لەسەر ڕۆژەڤ

6. دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ
1) UN و دادی نێودەوڵەتی
1) لە پێداویستییەوە بۆ ماف
2) «مافنامەی مرۆڤ» - جاڕنامەی UN دەربارەی مافی مرۆڤ

7. پاشکۆی مێتودنامە

**دەربارەی democracy.se**

سایتی democracy.se بە پلەی یەکەم بۆ ئەو کەسانەیە کە بەشدرای چالاکییەکانی تۆڕی DemokratiAkademin دەبن بۆ پتەوکردنی پاشخانی خۆیان، بۆ پیادەکردنی مێتۆدەکانی ئەم تۆڕە لە سازمانەکانی خۆیاندا و هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەو مێتودانە،

ئەم دۆکیومێنتەش سەرەتا بۆ بارودۆخی سویدی داڕێژرا بوو. پاشان دەرکەوت کە لە بواری نێودەوڵەتیشدا برەوی هەیە، بۆیە ئەم نموونە فرەزمانە لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەینەوە.

ئەم سایتە پوختەی کاری چەندین ساڵی هەم هاوکاران و هەم خۆیشمە لە تۆڕی DemokratiAkademin دا: خول، وۆرکشۆپ، سەمینار، پرۆژەی هاوبەش و هتد.

لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەی کاردا، سەروکارمان لەتەک هەزاران کەس بووە. هەموو جارێکیش لە سەرەتای کاردا، دەرفەتمان داوە بەشداربوان دیدی خۆیان ڕوون بکەنەوە دەربارەی گرینگترین خەسڵەتی دیمۆکراسی. هاوڕایی لەم باسەدا بەرفرەوانە. بەشداربوان هەر جۆرێک بن: فێرخواز، کارگێڕ، سیاسەتمەدار یان کەسانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵکی هەر پەنایەکی ئەم دونیایە بن — زۆربەی هەرە زۆریان پێشەمی دەدەن بە بەشداری و هاوپشکی. کەم کەس هەیە بیرۆکە بنەڕەتییەکەی «دیمۆکراسیی نوێنەرەکی» هەڵبژێرێت کە بریتییە لەوەی دەسەڵات پشتیوانیی زۆرینەی هەیە.

لەوە ناچێ، نە سیاسەتمەداری هەڵبژاردەی میللەت و نە بەستێنی ئەکادیمی، ئەم بەرەنگارییە بە جیددی بگرن. یەک کەسی لێ دەرچێ، فەیلەسووف و سیاسەتناس Robert A. Dahl کە لە کتێبی *Democracy and Its Critics* (1989) [بە سوێدی *Demokratin och dess antagonister*]. ئەم هات و ڕوانگەی نوێنەرایەتی و ڕوانگەی بەشداری لەسەر بنەمایەکی کلاسیک لە تیۆرییەکی گشتیی دیمۆکراسیدا تێک بەست. ئێمە لەم دۆکیومێنتەدا ئەو تیۆرییە دەکەینە سەرشار.

سەرشارێکی دیکەی گرینگ لەم کارەدا بریتییە لە نەریتی «بزاڤی میللیی ئەندامگیر» ـە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی سوێدی کردۆتە یەک لە هەرە بەهێزەکانی دونیا. ڕاستە لەم ساڵانەی دواییەدا چەندین سازمان — بەتایبەتی پارتە سیاسییەکان — بەشێکی گەورەی ئەندامانی خۆیان لەدەست دا، بەڵام ئەوەی ماوە فەرهەنگێکی سازمانگەرییە بەلایەوە «ئەندامەتی» سەرچاوەی دەسەڵاتە.

بۆ کەسێکی دەرەکی، لەوانەیە ڕوانگەی وەها هەم نامۆ و هەم خۆشباوەڕانە بێت. ئەوەتا سازمانە «ئەندامگیر» ەکانن لە سوێد ئەو بنەما گەلێرە تایبەتە دەبەخشن بە نوێنەرسالاری (دەسەڵاتی نوێنەرەکی) Representative Government. ڕاستە، هەلومەرجی مێژووکرد بۆ فەرهەنگی دیمۆکراسی لە

ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ئەم دونیایە دێتە گۆڕین، بەڵام لە هەر جێیەک، مرۆڤ لە چێوەی دێمۆکراسیدا بە جیددی ئامادەی بەرەنگاری بێت، لەوێدا دەبێ سەنگی ئەندامەتی ڕەچاو بگرێ.

ئەم نامیلکەیە بریتییە لە مۆدێلێکی نموونەیی ئاسان: «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» لە سێ بواردا پیادە دەکرێ: بواری نێو سازمان، بواری نێو وەڵات و ئەوجا بواری نێودەوڵەتی. جگە لەوان، چەمکی «کۆمەڵگەی مەدەنی»، «مافی مرۆڤ» و «دێمۆکراسی» چاپتەری خۆیان هەیە. لە هەموو چاپتەرێکیشدا، پاشخانێکی تیۆری هەیە و یەک یان چەند نموونەیەکی پراکتیک بە ئاماژە بۆ «تۆماری مێتود». ئەمیان بە پاسوۆرد ڕێبەست کراوە و تەنها سازمانی بەشدار لەم دۆکیومێنتەدا، ئەو پاسوۆردەیان هەیە، بۆ نموونە: Forum Syd, Sida Civil Society Center, SIPU International, SHIA و هەروەها سازمانی Ordfront. ئەم سازمانگەلە لە ڕووی ئابوورییەوە هاریکاریی democracy.se یان کردوە بەڵام لە داڕشتنی ناوەڕۆکی دۆکیومێنتەکاندا بەشدارنەبوون. هاوکارم Pernilla Johansson لەم کارەدا یاریدەر بوە، بە گەرمی سوپاسی دەکەم.

دیسەمبەر 2007

Göran Hemberg
DemokratiAkademin


**ئەلفوبێی دیمۆکراسی**

**سێ پرسیاری بنەڕەتی**

ڕۆژانە لە بواری هەمەجۆردا بڕیار دەردەچێت خەڵکانێکی زۆر دەگریتەوە. ئەم پڕۆسەی بڕیاردانە کەی دەبێ دیمۆکراتانە بێ و ئەوەش دەکاتەوە چی؟

لەم پاشخانە تیۆرییەدا «ئەلفوبێی دیمۆکراسی» پێشکەش دەکەین بۆ چارەسەری ئەو پرسیارانە. مۆدێلەکە گشتییە - لە دەستەیەکی کاری بچووکەوە کارایە هەتا دەگەیتە سازمانی جیهانگیری وەک UN – و بریتییە لە سێ هەنگاو:

A. سەرەتا دەبێ مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ڕوونی بکاتە چ بژارە (بەدیل / ئەڵتەرنەتیڤ) یەک هەیە بۆ دیمۆکراسی
B. ئەوجا هەلومەرج باشتر لەبارە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەڵوێست لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی دیمۆکراسی وەربگرێت و بڕیاری چەند و چۆنی کارابوونیان بدات
C. گەر مرۆڤ بڕیاری دا بژارەی دیمۆکراسی هەڵبژێرێت، ئەوجا دەبێ ڕێگەی پیادەکردنی بەرجەستە بکات



A. **شێوازەکانی فەرمانڕەوایی**

B. **پێشمەرج و بیرۆکە بنەڕەتییەکانی دێمۆکراسی**

C. **«چەرخی دێمۆکراسی» و پێوانەی پرۆسەی دێمۆکراتانە**

## A. شێوازەکانی فەرمانڕەوایی

ئەو دۆزانەی پەیوەندیان بە خەڵکانێکی زۆرەوە هەیە، چۆن چارەسەر بکرێن باشە؟ یان وردتر بڵێین: کێن ئەوانەی «دەسەڵات» یان هەیە چارەسەرێک بسەپێنن و ئەو پرۆسەیە چۆن دەچەرخێ؟

سەرەتا لەم دارشتنە گشتییەی بنەماکانی سیاسەتەوە دێین چارەسەری ئاشتەوا لە چارەسەری توندوتیژ جودا دەکەینەوە. زۆر جار مرۆڤ باز دەدات بەسەر ئەم هەنگاوەدا و لەبری ئەوە دێمۆکراسیی ئاشتەوا بەرانبەر دیکتاتۆریی توندوتیژ ڕادەگرێ. بەراوردی لەم جۆرەی چاکە بە خراپە لەوانەیە لە بواری مشتومڕدا کاریگەر بێ، بەڵام دوالیزمی وەها ڕەش و سپی هەڵەبەرە: وەهای ڕادەنوێنێ تەنها دوو ڕێگەچارە هەیە. لە ڕێبازەکەی ئێمەدا سەرشار باسێکی دیکەیە، ئێمە دەڵێین: توندوتیژی دێت دەسەڵاتی ڕەوا دەگۆڕێ بە توندوتیژیی فیزیکی، بەوەش هەموو شیرازەیەکی سیاسی دەڕمێنێ – دێمۆکرات بێ یان نادێمۆکرات.[1]


لەو خاڵە دەرباز دەبین و لە چارەسەری ئاشتەوا ورد دەبینەوە. ئایە دەکرێ ناکۆکی بە بێنەوبەرەی ئازاد چارەسەر بکرێ یان دەبێ بە ڕێساگەلێکی کۆیەکی Collective ی پێشکات بڕیاردراو بێ کە گشت لایەنی پەیوەندیدار بگرێتەوە. بڕیاری کۆبەندیش کە هەموان دەگرێتەوە و چاوەڕێی دەکرێت پەیوەست (جڤات) Association ێک پەیڕەوی بکات، دەکرێ بە دوو جۆری جیاواز بێتە بڕیاردان: بڕیاری چەند کەسێکی کەم یان بڕیاری هەموو کەسانی پەیوەند. ئەم هزرکارییە لەم خشتەیەی خوارەوەدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی فەرمانڕەوایی ڕوون دەکاتەوە. هەڵبەت ئەمەیان مۆدێلی نموونەیە، لە پراکتیکدا ئەو شێوازانە تێهەڵکێشی یەکدی دەبن.


---

[1] – یەک لەو باسانەی تۆژەرانی ناکۆکی و ئاشتی پەیجۆری تێدا دەکەن بریتییە لە «لە کامە هەلومەرجدا ڕشتەی سیاسی دەست دەداتە توندوتیژی». بڕوانە تۆژینەوەی Adam Przeworski بە ناوی
Demokrati som möjligt utfall av konflikter
لاپەڕە 245 و هی دیکە، لە کتێبی
*Idéer om demokrati.* Tidens förlag 1992

ئەریستۆ Aristoteles ی فەیلەسووفی یۆنانی بەر لە 2300 پۆلێنێکی لەم بابەتەی ڕێکخستوە، تێیدا دیمۆکراسی دەکاتە یەک لە سێ بژارە. ئەم هێڵکارییە گشتی و تارادەیەک بێلایەنە، شاخاڵی دیکەش ڕوون دەکاتەوە:

- بڕیاری دیمۆکراتانە دەبێ لە چێوەی پەیوەستدا درابێ. گەر هەڤبەندی نەبێت، دیمۆکراسی نییە.
- گەر ئەوانەی دەکەونە بەر تاوی بڕیارەکە ناویان بنێن «گەل» و ئەوانەی بەشدارن لە بڕیاردانەکەدا ناویان بنێین «هاوزێد» (وەڵاتی، هاووەڵاتی)، ئەوسا دەتوانین ئەم پێناسە بنەڕەتییەی دیمۆکراسی دابڕێژین:
- هەموو ئەوانەی بەشێکن لە «گەل» دەبنە »هاوزێد» و کەس نابێتە «هاوزێد» گەر بەشێک نەبێ لە «گەل».






**دەستەسالاری، سەرتەڵسالاری و چاودێری**

دەستەسالاریش لەسەر بنەمای «کۆیەکی» هەڵدەنرێ بەڵام لەوێدا هەموو کەسانی پەیوەند بەشداری بڕیار نابن – نە ڕاستەوخۆ نە تیان (ناڕاستەوخۆ). هەر بۆ نموونە، 100 ساڵ لەمەوبەر، کاتێک خەباتی ڕووە دێمۆکراسی لە سوێد لەوپەڕی گەرمیدا بوو، وەڵاتەکە دیکتاتۆری نەبوو. لە چێوەی دەستەسالاریدا، دەوڵەتێکی دەستووربەند بوو. خەرەندی چینایەتیی تێیدا مۆرکێک بوو دێمۆکراتخوازانی پێشەنگی ئەو دەمە دەیانویست لە ڕێی «مافی گشتیی دەنگدان» ـەوە نەیهێڵن.

لە زۆر بواردا «چاودێری» بە باشترین شێوازی فەرمانڕەوایی دادەنرێت. مەزنایەتیی دایکوباب لە پەروەردەی منداڵدا بە دەگمەن نەبێ ناخرێتە ژێر پرسیار. لە فێرگە و فێرکاریدا وەها باوە مامۆستا هێندە کارزانە ڕێبەرایەتیی هەم فێرخواز بکات و هەم خوێندن. لە فەرمانگە و کۆمپانیادا فەرمانی کار، بە دەست ڕێبەری خاوەن توانای تایبەتە.

سیاسەتی نێودەوڵەتی نموونەیەکی ڕەسەنە لەو سیستەمە بێفەرمانیەی ناچێتە ژێر باری هیچ شیرازەیەکی بڕیاری کۆیەکییەوە. دەوڵەتان ئازادانە بێنەوبەرە لەگەڵ یەکدا دەکەن – جار هەیە پێک دێن و جاریش هەیە پێک نایەن. هەتا لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێ، یان هەتا لایەنی بەهێز بیەوێت، بێنەوبەرە بەردەوامە.

بازاڕیش نموونەیەکی دیکەیە. لێرەدا بەرهەمهێن و بەرهەمبەر ئازادانە بێنەوبەرە لەسەر فرۆشتن و کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری دەکەن. ئەنجامی بێنەوبەرەش بەندە بە توانای لایەنی بەشدار، پێوەریش لێرەدا پارە (پووڵ) یە.

لەم ساڵانەی دواییدا ڕێچکەی ئازادیخوازی بێفەرمانی، مەودای لە شێوازی حوکومڕانیی دێمۆکراتی تەسک کردۆتەوە و بۆ خۆی بەرفرەوانتر بوە: لە چەندین وەڵاتی دونیا، چارەسەری بازاڕانە بروەی لە مەیدانی وەهادا پەیدا کردوە زووتر جێی بڕیاری هاوکۆ بوون. هاوکات چەندین وەڵاتی کە زووتر ئۆلیگارکی بوون، پەڕینەوە بۆ دیوی دێمۆکراسی. ئەم دوو جۆرە گۆڕانکارییە لە لایەن ئۆرگانی فراژووتنی

نێودەوڵەتی (ئۆرگانی گەشەکردن ئینتەرناسیۆنال) ـەوە بە مەرج دەگیرێن لە وەڵاتانی هەژار بۆ سەلماندنی وام دان و وام سڕینەوە (سڕینەوەی قەرز).

**میانڕەویی دیمۆکراتانە**

فەرمانی «دەستەسالاری» و «چاودێری»، ڕەوایەتیی خۆی لەسەر توانای تایبەتی ڕێبەر هەڵ دەچنێ. لە ڕێبازی نافەرماندا، ئازادیی کرداری کەسەکی لە هەموو باسێکی دیکە باڵاترە. دیمۆکراتی ڕێچکەیەکی میانڕەوە - و زۆر جاریش سەختە، بنەماکەشی دابەشینی دەسەڵات و سەلماندنی ئەو بڕیارانەیە کە مرۆڤ بەشدار بوە لە بڕیاردانیاندا.

هیچ کام لەم سێ شێوازی حوکومڕانییە، تەواو بێگەرد، لە ڕاستیدا نییە. بۆ نموونە: چۆن و لە کوێدا سنوور دەکێشیت لە نێوان بڕیارێک لە لایەن دەستەیەکی کەمژمارەوە بدرێت یان لە لایەن هەموو کەسانی پەیوەندیدار. ئەم دۆزە لە سیستەمی سیاسیی گەورەدا، بە شێوازی «نوێنەرسالاری» (فەرمانڕەوایی نوێنەرەکی) دەخرێتە بەرباس. لە باشترین باردا، نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵک، ئەو بڕیارە سیاسییانە دەدەن کە لە بەرژەوەندیی زۆرینەدایە. دیمۆکراسیی ڕۆژاوا خۆی وەها دەبینێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرتەڵ (ئەلیت، نوخبە) یێک سنووردار نییە دەسەڵاتی پاوان کردبێ (مۆنۆپۆلی هەبێ)، دیسان هەموو میللەت بەشداری بڕیاردان نییە. بە پێوەری «ئەلفوبێی دیمۆکراسی»، شێوازی «نوێنەرسالاری» جێگەیەک دەگرێت لە نێوان ئۆلیگاری و دیمۆکراسیدا.

### B. پێشمەرج و بیرۆکە بنەڕەتییەکانی دیمۆکراسی

ئاماژەمان دا بەوەی پەیوەست هەیە «توانای تایبەتی بەرپرسان» تێیدا دەبێتە مایەی ڕەوایەتیی دەستەسالاری. نموونەشمان هێنایەوە لە سیستەمی بێفەرمانیی وەها کە «ئازادیی تاکەکەس» تێیدا پێشەمیی بەرزتری هەیە لە بەهای کۆیەکی. ئەدی شێوازی فەرمانڕەوایی دیمۆکراتانە چی: پێشمەرجەکانی چین و لەسەر کامە بیرۆکە هەڵنراوە؟

**1) هەڤبەندی** Community

سەرەتا دەبێ پەیوەست Association یَکی هاوبەرژەوەند هەبێت: *«یەکەیەکی سنووردار تێیدا ئەندامەکان پێک هاتوون لەسەر ئەو دۆزانەی مەبەستیانە بڕیاری هاوکۆی تێدا بدەن»*. ئەم ئەندامانە دەبێ بە جۆرێک هەم بڕوایان بە یەکدی هەبێ و هەم خۆیان بە یەکتر پێناسە بکەن بۆ ئەوەی پێشکات خۆیان بە پابەندی ئەو بڕیارانە بزانن. مەرج ئەوەیە جۆرێک لە ناسنامەی کۆیەکی هەبێت، ئەندامەکانی ئەم پەیوەستە گیانی «ئێمە» - بوونیان تێدا بڕسکێ. سەلماندنی ئەم «هەڤبەندی» ـە دەکاتەوە وێڵکردنی ڕێبازی بێفەرمانی.

**2) ڕەچاوگرتنی یەکسان** Equal Consideration

ئەوجا گەر مەبەست بێ شێوازێکی حوکومڕانیی دیمۆکراتانە هەڵبژێرین نەک شێوازێکی دەستەسالار، دەبێ ئەندامان دوو بیرۆکەی بنەڕەتی دیکە بسەلمێنن.

بیرۆکەی یەکەم: سەنگی یەکسانی هەموانە. بەهایەکی یەکسان دەکاتە: «بەرژەوەندی هەموو کەسێک، وەک یەک شایەنی ڕەچاوگرتنە».

گەر مرۆڤ ئەم مەرجەی بە جیددی گرت، دەکاتەوە سەلماندنی بیرۆکەیەکی تاڕادەیک ڕادیکال دەربارەی دابەشینی دەسەڵات: دەبێ دەرفەتی ڕەچاوگرتنی بەرژەوەندی هەموان وەک یەک بێ. هەموو جۆرە ئیمتیازێک – بنەماکەی هەر چییەک بێ، بۆ نموونە: زایەند، تەمەن، پارە، ئاستی خوێندن، چین، ئێتنیسیتێ (ڕیشاڵی نەتەوەیی) و ... هتد – دژ دەوەستی بەرانبەر بیرۆکەی «ڕەچاوگرتنی یەکسان». لێرەدا، بۆ نموونە «فێمێنیزم» دەبێتە دۆزێکی دیمۆکراسی.

### 3) سەرفەرازیی کەسەکی Personal Autonomy


بیرۆکەی دوەم - ئەمیشیان دەربارەی دەسەڵاتە - بریتییە لەوەی: کێ بڕیار دەدات کامە بەرژەوەندە و کامە پێداویستی ڕەچاو بگیرێ. وەڵامی دیمۆکراتانە دەڵێ: میللەت. «ئەندامانی میللەت خۆیان بایی ئەوەندە ڕسکاون کە بزانن بەرژەوەندی خۆیان کامەیە» - هەم بەرژەوەندی کەسەکی و هەم بەرژەوەندی هاوکۆ.

کەواتە داکۆکی لە یەکسانی بە تەنێ تێر ناکات. جگە لە یەکسانی، دەبێ هەموو کەسێک بە مرۆڤێکی ڕسکاوی وەها دابنرێ خاوەن هەڵسەنگاندن و هەڵوێست. گەر ئەم «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» یەی لەگەڵ نەبێ، ڕێگە بۆ ڕێبەر چۆڵ دەبێ - وەک چاودێر یان دادوەرێکی لە ڕووی زانین و ئاکارەوە بەرزتر – بێتە پێش و داوای باڵادەستی بکات بەسەر ئەوانەی دیکەدا.

## C. «چەرخی دێمۆکراسی» و پێوانەی پرۆسەی دێمۆکراتانە

### «چەرخی دێمۆکراسی»

لەو خاڵەوە کە گرووپێک مرۆڤ تێدەگەن لەوەی دۆزێکی هاوکۆیان هەیە، هەتا ئەوەی ڕاوێژی لە نێو خۆدا دەکەن و بڕیار لەو دۆزەدا دەدەن، دەشێ کاتێکی درێژ بخایەنێ. ئەو پرۆسەیە یەک کاژێر بخایەنێ یان یەک ساڵ، چوار قۆناخی هەیە تێیاندا پرسی «ئەندامەتی»، «ڕۆژەڤ»، «بەشداری» و «بڕیار» بەسەر دەکرێنەوە. زۆر پەیوەست هەیە ئەمڕۆ کەم و زۆر جێگیرە و بڕیارەکانی، پەیتا پەیتا، دەسووڕێن.




پرۆسەی بڕیاردان لەم **«چەرخی دێمۆکراسی»** یەدا پێشان دەدرێت. لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکات.

پەیوەست لە دوو قۆناخی سەرەتا - لە «ئەندامەتی» و «ڕۆژەڤ» - دا شیرازەی خۆی دادەڕێژێ و ڕوونی دەکاتەوە ئەندامانی کێن، بەرژەوەندیان چییە و مۆڵەتیان کامەیە؟ ئەوجا قۆناخی بێنەوبەرە دێت: چۆن بکەن باشە بۆ ئەوەی لە دۆزێکی دیاریکراودا بگەنە بڕیار؟ لە کۆتاشدا قۆناخی بڕیاردان دێت: دوا بڕیار لەو دۆزەدا چۆن دەدرێ؟


**پێوانەی دێمۆکراسی**

گەر سێ بەها بنەڕەتییەکەی دێمۆکراسی لەسەر هەر چوار قۆناخی پرۆسەی بڕیاردان پیادە بکەین، ئەم چوار پێوەرە بەرجەستەیەی دێمۆکراسی پەیدا دەبن:

1) «هەر هەموو بەشدارن». هەموو ئەندامێک دەرفەتی هەیە وەک هاوزێدێکی پرسەنگ بەشداری پرۆسەی بڕیاردان بێ. نابێ کەس وێڵ بکرێت. لەبەر ئەوە دەبێ وریای هەڵاواردن و سەرکردنەسەر بین.
2) «جڵەوی ڕۆژەڤ بەدەست ئەندامانە». ئەندامان بڕیار دەدەن کامە دۆز دێتە بەرباس. نابێ کەسێکی لابەلا «ڕۆژەڤ» داڕێژێ.
3) «بەشداریی چوست». لە کاتی بێنەوبەرەدا دەبێ دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان ڕەخسا بێ، هەم پێشنیاز ڕەپێشخەن و هەم لێیان ببیسترێ.
4) «مافی دەنگدان یەکسانە». کاتی بڕیاردان دەبێ هەموو وەک یەک دەسترۆ بن. لەم کاتەدا تەنها و تەنها هەڵوێستی ئەندامان بڕیاردەرە.

ئەوجا بۆ ئەوەی پرۆسەی بڕیاردان تەواو دێمۆکراتانە بێ، دەبێ مەرجێکی دیکە لە هەر چوار قۆناخەکانی پرۆسەکەدا ڕەنگ بداتەوە، ئەویش بریتییە لە:

5) «دەرکی ڕۆشناک». دەبێ دەرفەتی یەکسان و دروست هەبێ بۆ هەموو ئەندامێک زانیاری تەواو وەدەست بێنی بۆ ئەوەی دەرکی تەواوی هەبێ بۆ بەرژەوەندی خۆی.


2- «جڵەوی ڕۆژەڤ بەدەست ئەندامانە»
ئەندامان بڕیار دەدەن.
3- «بەشداریی چوست»
کاتی بێنەوبەرە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان ڕەخساوە، هەم پێشنیاز ڕەپێشخەن و هەم لێیان ببیسترێ.
ڕۆژەڤ
بەشداری
دەرک
ئەندامەتی
بڕیار
1- «هەر هەموو بەشدارن»
هەموو ئەندامێک دەرفەتی هەیە وەک هاوزێدێکی پڕسەنگ بەشداری پرۆسەی بڕیاردان بێ. نابێ کەس کەنار بخرێت.
5- «دەرکی ڕۆشناک»
دەبێ دەرفەتی یەکسان هەبێ بۆ هەموو ئەندامێک زانیاری تەواو وەدەست بێنی بۆ دروستکردنی بۆچوونی خۆی.
4- «مافی یەکسانی دەنگدان»
کاتی بڕیاردان دەبێ هەموو وەک یەک دەسترۆ بن.

پەیوەستێک گەر ماوەیەکی درێژخایەن کارا بوو، قۆناخەکانی «دارشتنی شیرازە» تێیدا بە قۆناخی بەسەرچوو دەزانرێن. بە ئاسانی جەخت لە سەر «ئێستا»، لە سەر «بەشداری» و «بڕیاردان» ی لای ڕاستی چەرخەکە دەکرێ. بەڵام گەر لێرەدا کەماسی پەیدا بوو، وەها باشە بۆ دۆزینەوەی هۆکار، بگەڕێینەوە بۆ قۆناخەکانی زووتری پرۆسەکە. زۆر جار خویا (ئاشکرا) دەبێ کە هەلومەرجی ئێستا، بە بەراورد بە کاتی پێکهاتنی ئەم پەیوەستە، گۆڕاوە - دەشێ ئەندامی تازەی تێ هاتبێ کە خاوەن بەرژەوەندی تازەن، دەشێ دونیای دەوروبەر گۆڕابێ، دۆزی نوێی هێنابێتە کایەوە و دۆزی دیکەی تێبردبێ. کەواتە کاتی هاتوە شیرازەی بڕیار بیراز بکرێ و پەیمانی دێمۆکراسی نۆژەن بکرێتەوە.

پەیوەستی بەرباس هەر چییەک بێ، لە کارخانەوە هەتا یانەی وەرزشی و لەویشەوە بۆ وەڵاتی گەورە، پرۆسەی دێمۆکراتانە تێیاندا هەر دەبێ ئەو پێنج پێوەرە پڕ بکەنەوە: «هەر هەموو بەشدارن»، «جڵەوی ڕۆژەڤ بەدەست ئەندامانە»، «بەشداریی چوست»، «مافی دەنگدان یەکسانە» و هەروەها «دەرکی ڕۆشناک».

پەیوەست نییە لە دونیادا پرۆسەی بڕیاردان تێیدا ئەم پێنج مەرجە بێ کەماسی پڕ بکاتەوە - هەر بۆ نموونە مەیلی هەڵاواردن و سەرکردنەسەر لە زۆر سازماندا هەیە. تەنانەت لەبەر ئەوەی وشەی «دێمۆکراسی» بە زۆری ئەوەندە بەهاهەڵگرە. لەبەر ئەوە دەبێ «مەرجەکانی دێمۆکراسی» بکرێنە پێوەر، بۆ پێوانەی داکەوت (واقیع). ئەمانە ئامرازن بۆ دۆزینەوەی کەماسیی دێمۆکراتانە لەو سازمانەدا کە هەیە و ئەوجا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان.

دێمۆکراسیی بێگەرد وێنەیەکی نموونەیە و بۆ ئەوەی هەنگاوێک لەو ئامانجە نێزیک بینەوە دەبێ مرۆڤ ئامانجی لێ ڕوون بێ.

## دوو ڕوخسارەکەی دیمۆکراسی

**مەبەست**

- تۆژینەوەیە لە مەیل ئەم گرووپە بۆ دیمۆکراسی
- بە دوو جار پیادەکردنی میتودی «چوار گۆشەی گفتوگۆ» دەرفەت بدە بەشداربوان هەستی خۆیان دەربارەی دیمۆکراسی دەرببڕن (بڕوانە پاشکۆی میتودنامە).

### 1) «چوار گۆشە»: ڕێکاری ئایەتی (پۆزەتیف) ی دیمۆکراسی

بە دیدی ئێوە کامەیە لایەنی ئایەتی لە دیمۆکراسیدا:

1- هەموو کەس بۆی هەیە بەشدار بێ
2- دەسەڵات پشتیوانیی زۆرینەی هەیە
3- بڕیارەکان باشتر دەبن
4- خاڵی دیکە

(لەوانەیە کەسێک داوای ڕوونکردنەوە و پێناسە بکات. وەڵام ئەوەیە بەشداربوان ئازادن، پرسیارەکان وەها لێک بدەنەوە کە بە باشی دەزانن.

ئەو بەشداربوانەی گۆشەی «خاڵی دیکە» هەڵدەبژێرن، بەگشتی هەڵبژاردنێکی نایەتی دەکەن – هیچ گۆشەیەکی دیکەیان لە لا پەسەند نییە. لەوانەیە پاش ڕامانێکی زیاتر ڕێکارێکی ئایەتی هەڵبژێرن).

### 2) «چوار گۆشە»: ڕێکاری نایەتی (نێگەتیف) ی دیمۆکراسی

چی سەختە، دژوارە، کێشەدارە لە دیمۆکراسیدا؟ بۆ نموونە: لە دیمۆکراتاندنی پەیوەستەکەی خۆتاندا – کارخانە، کۆمەڵە، کۆمیون، وەڵات و... هتد – چ دەرئەنجامێکی نایەتی دەبێ؟

1- ئاژاوڵە (بێسەروبەری، هەرا)
2- کەس بەرپرسایەتی ناگرێتە ئەستۆ
3- بڕیارەکان خراپتر دەبن
4- خاڵی دیکە

### 3) ئەنجامگیری

سەرنجی بەشداربوان ڕاکێشە بۆ ئەو گۆشەیەی زۆرترین و ئەوەی کەمترین لایەنگری هەبوو لە هەردوو ڕاپرسییەکەدا.

**تێبینی**

- لە ڕاپرسیی یەکەمدا زۆر جار وەها دەبێ گۆشەی «هەموو کەس بۆی هەیە بەشدار بێ» زۆرترین لایەنگری دەبێ و گۆشەی «دەسەڵات پشتیوانیی زۆرینەی هەیە» کەمترین لایەنگر.
- ئەم ڕاهێنانە دەروازەیەکی باشە بۆ کارێکی سیستەماتیکی ورد و درێژمەودا دەربارەی دۆزەکانی دیمۆکراسی. گەر ئەم گرووپەی بەشداربوان کەمتر سەرنجی دایە بژارەی «دەسەڵات پشتیوانیی زۆرینەی هەیە» - کە شاخاڵە لە دیدی دیمۆکراسیی باوی ڕۆژاوادا – ئەوسا وەها باشە دەرفەتی بیردانەوەی زیادتری بۆ برەخسێنین.

**داستانی ئازاد و نەوزاد و بژارەکان**

**مەبەست**

- بەم دیلێمما (کێشە) یە، جیاوازیی نێوان «بڕیارێکی کۆبەند» (بڕیارێک هەموو پەیوەست پابەندی بێ) و «بێنەوربەرەی ئازادانە» پێشان دەدات
- بژارەکانی دیکەی پرۆسەی دیمۆکراسی پێشان دەدات – بێفەرمانی و چاودێری – پێشانیشی دەدات چۆن ئەو بژارانە زووتر خۆ دەدەن بەدەستەوە وەک چارەسەری دیمۆکراتانە.

**1) داستانی ئازاد و نەوزاد**

هەبوو نەبوو سێ کوڕ هەبوون خەریکی گەمان بوون. لە ناکاو سێوێکیان بینی.

- ئازاد هاواری کرد، بۆ منە!
- نەوزاد گوتی، نەخێر وا نییە، خۆ هەر تۆ نەت بینی!
- ئازاد گوتی: نەخێر. بەڵام من یەکەم جار گوتم هی منە.
- نەوزاد گوتی: ئەمە دادپەروەری نییە. خۆ تۆ بە تەنیا بڕیاری ئەم باسە نادەیت!
- ئازاد گوتی: سێوەکە هی منە! و مستێکی دا لە چاوی نەوزاد.

خەریک بوو ببێتە هەرا، پیاوێکی ڕێبوار ئاگای لە باسەکەیان بوو، کەوتە نێوانیان:

- کوڕینە نابێ شەڕ بکەن، شەڕ هەر شەڕی لێ دەزێ.
- ئازاد گوتی: سێوەکە هی منە. من یەکەم جار هاوارم کرد.
- نەخێر، وەها نابێ. ئێمە دەبێ بە یەکسانی بەشی بکەین.

کابرا باڵی هەردووکیانی گرت و گوتی:

- کوڕینە ئێوە دەبێ کێشەکانتان بە بێنەوبەرە چارەسەر بکەن. دەبێ فێری سازش بن.

ئازاد و نەوزاد بە دیار گوتەکانی کابراوە سەرسام مان. کابرا بۆ ڕوونکردنەوە گوتی:

- لە سازشدا، بۆ پێکهاتن، هەردوو لا نیوەڕێ بەرەو یەکتر دەچن.

دوو کوڕەکە هەر وەها بە سەرسامی لێیان دەڕوانی.

- ئەوە چییە؟ بۆ تێ ناگەن؟ یەکتان هەموو سێوەکەی دەوێت و ئەوەی دیکە نیوەی. خۆ دەزانن وەها نابێ. ئێوە کوڕی باشن و دۆستیشن. ئادەی ئازاد تۆ دەبێ نەوزاد ڕازی بکەیت و چارەکێک لە سێوەکەی بدەیتێ و لەمەولاش دۆستایەتیتان هەر بەردەوام بێ.

پرسیار ئەوەیە ئەوجا چی ڕووی دا!

**2) کوورەهەنگ**

لەم داستانەدا چی جێی نەسەلماندنە؟ داوا لە بەشداربوان بکە دوو سێ خولەک، دەستە دەستە مشتومڕی لەسەر بکەن (بچنە کوورەهەنگەوە - بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە) و کەماسییەکانی داستانەکە بخەنە ڕوو. خاڵەکان لەسەر پارچە کاخەزێکی گەورە تۆمار بکە. ئاگات لێیان بێ و بزانە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ هەنگاوەکانی خاڵی داهاتوو.

**3) ئاخاوتن**

ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخرێنە دووتوێی ئاخافتنەوە. لێرەشدا سوود لە «هێڵکاریی شێوازە جیاوازەکانی فەرمانڕەوایی» (بڕوانە سەرەدێڕی «ئەلفوبێی دیمۆکراسی») وەربگرە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست.

- گوتار و کرداری کابرا یەک ناگرنەوە: باس لە بێنەوبەرە دەکات بەڵام لە ڕاستیدا چارەسەرێکی خۆی دەکاتە فەرمان. چاودێری دەنوێنێ و پێشنیازێک کە بریتییە لە «بڕیارێکی کۆبەند» وەک چارەسەر بەسەر کوڕەکاندا دەسەپێنێ: «ئادەی ئازاد تۆ دەبێ نەوزاد ڕازی بکەیت و چارەکێک لە سێوەکەی بدەیتێ و دۆستایەتیی خۆتان بپارێزن». پێشنیازەکەشی سەرچاوە لە داخوازیی یەکەمی کوڕەکانەوە دەگرێ: ئازاد هەموو سێوەکەی دەوێ و نەوزاد نیوەی.
- ئازاد ڕێسای «خۆم یەکەم بووم...» دەکاتە پێوەر. پێی وا نییە باسی سێوەکە بابەتێکی هاوکۆیە و پێویستی بە بێنەوبەرە و بڕیارە. ویستی خۆی دەسەپێنێ و پەنا دەباتە بەر توندوتیژی.
- نەوزاد پێی وایە سێوەکە بەباتێکی هاوکۆیە: «خۆ تۆ بە تەنیا بڕیاری ئەم باسە نادەیت!». گەرچی ئەمیش ئامادەیە بیکاتە شەڕە مستەکۆڵە بەڵام داوای دادپەروەریش دەکات: «ئەمە دادپەروەری نییە».
- کوڕی سێیەم کە لە سەرەتای داستاندا باسی هات، کوا؟ لەوە دەچێ خۆی بە بەشدار نەزانێت لەم باسەدا، ئەندامێکی ئەم دەستەیە نییە.

وردبوونەوە لەو چوار خاڵە پرسیاری زۆری لێ دەزێ. بۆ ئەوەی زنجیرەی پرسیار و وەڵامدانەوە لە بابەت لامان نەدەن و سوورەداو لەدەست نەدەین، وەها باشە چەمکی «بەفرانگە» (یەخچاڵ، سەللاجە) بخەیتە

کار (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە).

### 4) گفتوگۆ

چارەسەری دیمۆکراتانە پێشمەرجی هەیە:

- پەیوەستێک تێیدا دۆز هەیە وەک بابەتێکی هاوکۆ دەژمێردرێ، با بۆچوونی جیاوازیش هەبێ بۆ چارەسەریان
- ئەندامانی ئەم پەیوەستە ئامادەن نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و ڕێسای «سەرفەرازیی کەسەکی» بەسەر خۆیاندا پیادە بکەن
- هەموو کەسێکی ئەم پەیوەستە ئامادەیە پەیڕەوەی بڕیاری هاوکۆ بکات، بڕیارەکەی بەدڵ بێت یان نەبێت.

ئایە هیچ دەرفەت هەیە بۆ چارەسەرێکی ئاشتەوا و دیمۆکراتانەی ئەم کێشەیە؟

**سەرنج** - ئەم داستانە دەشێ بکرێتە نموونە بۆ دیاردەی گشتیتر. هەر بۆ نموونە، ئازاد بگۆڕە بە سەربیا، نەوزاد بگۆڕە بە بۆسنیا، کوڕە خامۆشەکە بە کرواتیا، پیاوی ناوبژیوانیش بە «ناتۆ». دۆزێکی چارەسەری ناکۆکی دێتە بەرهەم لە هەمان شێواز. «پەیماننامەی دایتۆن Dayton» ی ساڵی 1994، چارەسەرێکی لەم جۆرەی سەپاند بەسەر لایەنە بەگژیەکدا چووەکانی یوگۆسلۆڤاکیای جاران — جیاوازییەکیش هەیە: «مامە ناتۆ» نەک هەر داوای لێکردن لە داهاتووشدا هەر دەبێ کۆک بن، بگرە داواشی کرد لە وەڵاتی بۆسنیادا فەرمانڕەواییەکی دیمۆکراتانەی هاوکۆی هەموو نەتەوە پەیوەندیدارەکان بێتە دامەزراندن. بەشداربوان هان بدە نموونەی دیکەی نوێ یان کۆن بهێننە بەرباس.

ڕاهێنانی «جەخت لەسەر ڕۆژەڤ» شێوازێکی دیکەی داستانی «ئازاد و نەوزاد» ە.

**پەیوەست**

**مەبەست**

دەرفەت بدە بەشداربوان:

- پێشمەرج و بیرۆکە بنەڕەتییەکانی دێمۆکراسی بەسەر خۆیاندا پیادە بکەن
- بیر بکەنەوە لە واتای دروستکردنی پەیوەستی دێمۆکرات
- بە مێتودی «گەرمەکورسی» (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە) گرژیی نێوان نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» بخەنە بەرهەست.

**1) قۆناخەکانی «شیرازەهۆن» لە پرۆسەی دێمۆکراسیدا**


داوا لە بەشدرابوان بکە لە شێوەی بازنەدا دابنیشن، بزانە کەی دوا جار بەم جۆرە دانیشتوون و چییان لەلا باش بوە. بەم جۆرە لەگەڵیان بدوێ:

*ئەمە شێوازێکە لە پەیوەستی دێمۆکرات – هەمووتان لە یەک ئاستدا. ڕوەو ناخ، پشتەو دەرەوە، سەرنجتان ڕووی لە دۆزەکانی هاوکۆی خۆتانە. گەر ئەندامێکی نوێ بێتە ڕیزەوە دەبێ هەموو ببزوون. بەڵام، ئایە ئەم پەیوەستە ئەوەندە دێمۆکراتە وەک بە ڕوخسار دیارە؟*

داوا لە بەشداربوان بکە بیردانەوەی خۆیان بخەنە گۆ. ئەوجا بەردەوام بە لەسەر ئەوەی ئایە دەرفەت هەیە بۆ ئەم پەیوەستە ببێتە پەیوەستێکی دێمۆکرات. ئەوسا دەبێ وەڵامی ئەم دوو دەستە پرسیارە بدرێتەوە:

- ئێمە کێین؟ چیمان هەیە هاوکۆ بێ؟ بۆچی ڕێک ئێمە لێرە دانیشتووین نەک کەسانی دیکە؟ دەکرێ هەرچی هات ببێتە ئەندام؟ بێ هیچ مەرجێک؟
- دەسەڵاتمان چییە؟ چی هەیە ئێمە بمانەوێت و بتوانین ئەنجامی بدەین؟ باسێک بتوانین بیخەینە ڕۆژەڤەوە؟

لێرەدا ناسنامەی بنەڕەتیی دێمۆکراتانە پێشکەش بکە:




**2) قۆناخەکانی دیکە لە پرۆسەی دیمۆکراسیدا**

پوختەی کاری هەنگاوی یەکەم لێرە لە »چەرخی دیمۆکراسی« دا کۆ بکەوە. وشەی «ئەندامەتی» لە قۆناخی یەکەم و «ڕۆژەڤ» لە دووەمدا بنووسە. کورتەیەکی «بێنەوبەرە» لە ژێر سەردێڕی «بەشداری» لە قۆناخی سێیەمدا و پاشان کورتەیەکی «بڕیاردان» لە ژێر ناوی «بڕیار» لە قۆناخی چوارەمدا تۆمار بکە. لە ناوەندی چەرخەکەشدا بنووسە »دەرک«. ئەمیان لە هەموو قۆناخەکانی پرۆسەکەدا پێویستە.

**3) فەرهەنگی نێو پەیوەست**

«ئاخافتنی-گەرمەکورسی» (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە: ) دامەزرێنە دەربارەی فەرهەنگی دیمۆکراتانە لەم پەیوەستەی ئێستا پێک هاتوە. گریمانەیەک بخە بەرباس و داوای هەڵوێست لە بەشداربوان بکە. ئەوەی گریمانەکە دەیسەلمێنێ هەڵستێتە سەر پێ، دەنا لەسەر کورسییەکە دانیشێت. یەکبەیەکی بەشداربوان هان بدە دیدی خۆی ڕوون بکاتەوە: بۆ دانیشتوە، بۆ وەستاوە؟ لێرەدا جێی گفتوگۆ و مشتومڕ نییە. گەر دەرفەت هاتە پێش ئاماژە بە نۆرمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» بکە. شەش – هەفت گریمانەی ئەم لیستەیە بەکار بهێنە، گرینگە یەکەم و دوا خاڵیان لەگەڵ بێ.

1- لە هەموو دەستەیەکدا، ڕێبەرێک هەیە
2- کاتی بڕیاردان مرۆڤ دەبێ «بەرژەوەندیی گشتی» ڕەچاو بگرێ
3- منم بڕیار بەسەر ژیانی خۆمدا دەدەم
4- شێوازی «پشکی تەرخان – کۆتا Quota» بۆ پێشخستنی «یەکسانیی زایەند» باشە
5- لاوان دەبێ گوێ لە کەسانی تەمەندارتر بگرن
6- من دەسەڵاتم گەورەکە
7- لە هەموو سازمانێکدا، کەسانی سەرتەڵ (ئەلیت، نوخبە) دەبنە بڕیاردەر

8- گەر ژنێک پێی خۆش بێ ڕووپۆشی لەسەر بێ، ئازادیی خۆیەتی
9- خەڵک بەگشتی بڕیاری ژیرانە دەدەن
10- شیرازەیەکی زایەندەکی هەیە ڕێ دەدات ستەم بەرانبەر ئافرەتان بکرێ
11- مرۆڤ دەبێ ڕێز لەو بڕیارە بگرێ کە دەدرێ، با پێیشی هەڵە بێ

**سەرنج**

- گریمانەکانی سەرەوە لەوانەیە هەست ورووژێنەر بن
- زۆر جار نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» یەک ناگرنەوە. تێبینی بکە جار هەیە مرۆڤ «مامناوەندە»، دەیەوێ هەم دانیشێ و هەم ڕاوەستێ.
- «ئاخافتنی — گەرمەکورسی» بۆ خۆی دەربڕینە لە بەها بنەڕەتییەکانی دیمۆکراسی: «مرۆڤ هان دەدرێ بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی سەرفەراز و بە یەکسانیش ڕێز لە هەڵوێستی هەموان دەگیرێ».

**پلاتفۆرمێکی دیمۆکرات**

**مەبەست**

داوا لە بەشداربوان بکە:

- پێک بێن لەسەر پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتی هاوکۆ
- ئەو پلاتفۆرمە بەراورد بکەن بە «پێوانەی دیمۆکراسی»
- ئاستی دیمۆکراسی لە «پرۆسەی بڕیار» ی خۆیاندا هەڵسەنگێنن

**1) بێنەوبەرە و بڕیاردان لە دەستەی کاردا**

بەشداربون بەسەر دەستەی کاری جیاوازدا دابەش بکە، هەر دەستەیەک 4-5 کەس. هەر دەستەیەک سێ پارچە کاخەزی A5 ی بدەرێ، (گەر بکرێ هەر دەستەیەک ڕەنگی جیاواز) لە سەری نووسرابێ:

«چی پێویستە بۆ ئەوەی پەیوەستەکەی ئێوە بە شێوازێکی دیمۆکراتانە بڕیار بدات؟ ڕێک بکەون لەسەر 2-3 مەرج. هەر مەرجێک لەسەر پارچە کاخەزێک بنووسن. درشت بنووسن بۆ ئەوەی لە دووریی چەند مەترەوە ببینرێ».

هەتا بەشداربوان لە کاری خۆیان دەبنەوە، ڕێبەری پۆل «چەرخی دیمۆکراسی» لەسەر کاخەزێکی گەورە دەکێشێ و بە دیوارێکدا هەڵی دەواسێ. دەبێ ڕووبەرێکی فرەوان لە دەوری چەرخەکە کراوە بێ چونکە پاشان وەڵامی بەشداربوانی لێ دەدرێ دەربارەی «مەرجەکانی دیمۆکراسی».

**2) گردبوونەوە و پاشخان**

ڕێبەری پۆل قۆناخە جیاوازەکانی «پرۆسەی بڕیار» بە یارمەتیی «چەرخی دیمۆکراسی» ڕوون دەکاتەوە.

### 3) پێشکەشکردنی پلاتفۆرمی دیمۆکراتی دەستەکانی کار

هەر دەستەیەک نوێنەرێکی خۆی دیاری دەکات بۆ ئەوەی بچێتە پێش و «مەرج» ـەکانی خۆیان کە لەسەر کاخەزی A5 نووسراوە، نێزیک ئەو قۆناخەی مەرجەکە دەگرێتەوە، هەڵواسن.

- جاروبار مەرج هەیە بە ئاسانی جێی نابێتەوە لە قۆناخێکی دیاریکراودا. لەوانەیە بەشێک نەبن لە «پرۆسەی بڕیاردان»، بەشێک بن لە «بەها بنەڕەتییەکان». گەر پەیوەندییان هەبوو بە «دەرکی ڕۆشناک» ـەوە ئەوا دەخرێتە نێوەندی چەرخەکە.
- قۆناخ هەیە لەو مەرجانە بێبەش بێ؟

### 4) وردکردنەوەی «پێوانەی دیمۆکراسی»

ڕێبەری پۆل، پێشکات «کێلەڕێ» ی داناوە دەربارەی «پێوانەی دیمۆکراسی». ئەم پارچە کاخەزانە، هەر یەکەیان، نێزیک قۆناخی خۆی لە «پرۆسەی بڕیار» دا هەڵدەواسرێ و بە کورتی ڕوون دەکرێتەوە. ڕێبەری پۆل، وەڵامی دەستەکانی کار دەربارەی پلاتفۆرمی دیمۆکرات بەراورد دەکات بە «پێوانەی دیمۆکراسی». زۆر جار پلاتفۆرمەکان بە دەستەواژەی گشتیی وەها ڕوون دەکرێنەوە، ڕێک دێن لەگەڵ پێوەرەکان.

### 5) هەڵسەنگاندن: «پرۆسەی بڕیار» لە دەستەی کاری خۆماندا و «پێوانەی دیمۆکراسی»

هەر دەستەیەک بە هاودەنگی بڕیاری ڕێساکانی خۆی داوە. ئەوجا ئەم ئەم پرۆسەیە دەخرێتە هەڵسەنگاندنەوە بەرانبەر «پێوانەی دیمۆکراسی».

- «فۆرمی هەڵسەنگاندن» دابەش بکە بەسەر دەستەکاندا بۆ ئەوەی هەر دەستەیەک کارەکەی خۆی هەڵسەنگێنێ.
- لە هەموو پۆلەکەدا بگەڕێ بزانە:

- کەس باس لەوە دەکات ئایە «کۆنترۆڵیان هەیە بەسەر ڕۆژەڤدا» (لە ڕاستیدا ڕێبەری پۆل ئەم ڕۆژەڤەی داڕشتوە).
- هیچ دەستەیەک هەیە تێیدا هەموو ئەندامان پێیان وەها بێ لە بڕیارداندا وەک یەک دەستڕۆ بن.
- ئەو خاڵە چۆن یەکلا دەبێتەوە بێ ئەوەی پەنا بەریتە بەر دەنگدان؟

6) **هێڵی کۆتا:** «هێڵ» ێک ڕاکێشە (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە) و ئەوجا هەر کەسێک هەڵوێست وەر دەگرێ لەم گریمانانەی خوارەوە:

- من دەزانم ئەو مەرجانە چین بۆ ئەوەی «پرۆسەی بڕیار» دێمۆکراتانە بێ
- دەرفەتم هەبوو چالاکانە بەشداربم
- خۆشم لێ گوزەرا

**«ئەلفوبێی دێمۆکراسی»**

لەو خاڵەوە کە گرووپێک مرۆڤ تێدەگەن لەوەی دۆزێکی هاوکۆیان هەیە، هەتا ئەوەی ڕاوێژی لە نێو خۆدا دەکەن و بڕیار لەو دۆزەدا دەدەن، دەشێ کاتێکی درێژ بخایەنێ. ئەو پرۆسەیە یەک کاژێر بخایەنێ یان یەک ساڵ، چوار قۆناخی هەیە تێیاندا پرسی «ئەندامەتی»، «ڕۆژەڤ»، «بەشداری» و «بڕیار» بەسەر دەکرێنەوە.


پەیوەست لێرەدا هەر چییەک بن، لە کارخانەوە هەتا یانەی وەرزشی و لەویشەوە بۆ وەڵاتی گەورە، پرۆسەی دێمۆکراتانە تێیاندا هەر دەبێ ئەو پێنج پێوەرە، ئەو پێنج مەرجە، پڕ بکەنەوە: «هەر هەموو هاوزێدن»، «کۆنترۆڵی ڕۆژەڤ»، «بەشداریی چوست»، «مافی یەکسانی دەنگدان» و هەروەها «دەرکی ڕۆشناک».

© DemokratiAkademin


**سێ پرسیاری بنەڕەتی**

ڕۆژانە، لە بواری هەمەجۆردا، بڕیار دەردەچێت خەڵکانێکی زۆر دەگرێتەوە. ئەم پڕۆسەی بڕیاردانە کەی دەبێ دیمۆکراتانە بێ؟ ڕوونتر بڵێم:

A. بژارە (بەدیل / ئەڵتەرنەتیف) کانی دیمۆکراسی چین؟
B. ئەو هەلومەرجانە چین کە بژارەی دیمۆکراسی پێش دەخەن و بەها بنەڕەتییەکان کامەن مرۆڤ بنیاتیان لەسەر هەڵ بچنێت؟
C. گەر مرۆڤ بڕیاری دا ڕێگەی دیمۆکراسی هەڵبژێرێت، چۆن بکات باشە؟




**A. بژارەکان چین؟**




جۆرێکی ئەم هێڵکارییەی «شێوازەکانی فەرمانڕەوایی» بەر 2300 ساڵ لە لایەن ئەریستۆ Aristoteles ی فەیلەسووفی یۆنانیەوە داڕێژراوە. لەم ڕۆژگارەدا، فەیلەسووف و سیاسەتناس Robert A. Dahl لە کتێبی (1989) *Democracy and Its Critics* بە سوێدی *Demokratin och dess antagonister,* ordfront 1999, pocket 2002 ئەو هێڵکارییەی لە چێوەی تیۆرییەکی گشتیدا داڕشتەوە.

شاخاڵێکی ئەم مۆدێلە لەوەدایە دەڵێ: بڕیاری دیمۆکراتانە دەبێ لە چێوەی «پەیوەست» ێکدا بێ. «پەیوەست» نەبێ، دیمۆکراتی نییە.

تەنانەت دەستەسالاریش لەسەر پەیوەست هەڵدەچنرێ. بەڵام لەویاندا هەموو کەسێک بەشداری پرۆسەی بڕیاردان نییە. نە ڕاستەوخۆ نە تیان (ناڕاستەوخۆ).

## B. بۆ دیمۆکراسی؟

«چاودێری» ڕەوایەتیی بوونی خۆی لەوەدا دەبینی کە «سەرتەڵ» (ئەلیت) ێک هەیە بۆ بڕیاری هاوکۆ کارامەترە لە خەڵکی دیکە.

بۆ کامە جۆر پرسیار وەها باشە مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر بڕیاری کۆبەند؟ لە کوێدا ئازادیی تاکەکەس ئەوەندە گرینگ دەبێ کە «بێفەرمانی» - سیستەمی بەدەر لە بڕیاری کۆبەند - باشتر بێ؟

«دیمۆکراسی» ڕێگەیەکی مامناوەندە، مۆرکی دابەشینی دەسەڵاتی پێوەیە و لەسەر سێ بنەما ڕاوەستاوە:

1

**«پەیوەست» ێک هەیە دەسەڵاتی هەیە لە چەند دۆزێکدا بڕیار بدات**

«هەڤبەندی»

2

**لەم پەیوەستەدا هەموان هاوبایەخن. بەرژەوەندی هەموو ئەندامانی شایانی هەمان ڕەچاوگرتنە.**

«ڕەچاوگرتنی یەکسان»


3

**ئەندامانی ئەم پەیوەستە مرۆڤی ئەوەندە ڕسکاون دەتوانن بە باشترین شێوە بەرژەوەندی خۆیان هەڵسەنگێنن**

«سەرفەرازیی کەسەکی»

## C. تایبەتمەندیی پڕۆسەی دێمۆکراتانە چییە؟

**«چەرخی دێمۆکراسی»**



**ئاستی سازمان**

**ڕێبەرایەتیی دیمۆکراتانە**

لەم پاشخانە تیۆرییەدا،

- لە ڕوانگەی «شێوازە جوداکانی فەرمانڕەوایەتی»ی نێو مۆدێلی «ئەلفوبێی دیمۆکراسی»، جۆری سازمانی جیاواز بە یەکدی بەراورد دەکەین بۆ ئەوەی بزانین پێشەمی دەدەن بە کامە بەهای بنەڕەتی
- بەراوردیان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو جۆرە سازمانگەلە تا چ ڕادەیەک ڕێک دێن لەگەڵ «پێوانەی دیمۆکراسی» ی نێو «چەرخی دیمۆکراسی»
- سەرنج ڕادەکێشین بۆ دەرفەتی «ڕێبەرایەتیی دیمۆکراتانە» لەو جۆرە جیاوازانەی سازماندا.

**جۆری جیاوازی سازمان – شێوازی فەرمانڕەوایی جیاواز**

**کۆمپانیا و فەرمانگە**

«پرۆسەی بڕیار» لە سازماندا هەرگیز دیمۆکراتانە نییە، مەگەر دەگمەن. بۆ نموونە، لە بەستێنی بازاڕی ئەهلیدا، دەسەڵاتی بڕیاردان بۆ هەموو ئەندامان وەک یەک نییە. لەوێ خاوەن کار چەند بەڕێوەبەرێک دیاری دەکات بۆ بەڕێوەبردن و کارگێڕی. گەر کۆمپانیا بەشی زۆر بێ دوور نییە هەڕەم (هیرارکی) ی ڕێبەرایەتی تێدا ساز بێت. لە کۆمپانیادا دەگوترێ پێویستمان هەیە بە فەرمانی چوستی کاروبار و کارکردی ڕێبەرایەتی دەبێ کارامەیی تایبەتی هەبێت. زۆر جار، کارمەندان هیچ دەستیان نییە لە دیاریکردنی بەڕێوەبەراندا. بەڕێوەبەر لە لایەن ئەنجومەنی کۆمپانیاوە دیاری دەکرێ. ئەم ئەنجومەنەش نوێنەری زۆرینەی پشکدارانی کۆمپانیاکەن.

فەرمانگەی حکومەتیش هەمان ساختاری دەسەڵاتی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام کارگێڕانی میللی و ناوچەیی لێرەدا لە لایەن ئۆرگانی سیاسیی باڵاترەوە دیاری دەکرێن.

له ڕاستیدا مەرج نییە «ڕووکاری کاروبار» بڕیار بدات فڵانە پەیوەست دێمۆکراتانە فەرمانڕەوایی دەکرێت یان مۆدێلی دەستەسالاری گرتۆتە بەر، خاڵی گرینگتر بریتییە لە «سەنگی ئەندامان» لەم پەیوەستەدا: بۆ نموونە، کۆمپانیا هەیە موڵکی کارمەندانەکانی خۆیەتی. لەوێدا نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» فرەوانترین دەرفەتی گونجاوی هەیە.

**«مەکۆک» (مەکۆ، وەقف) Foundation**

«مەکۆک» شێوازێکی ڕیزپەڕە. ئەمیان ناکرێ دێمۆکراتانە بێ چونکە «ئەندام» ی نییە. سەرەتا، دامەزرێنەرانی ئەم «مەکۆک» ـە «ئەنجومەن» دیاری دەکەن و پاشان ئەو ئەنجومەنە خۆی تازە دەکاتەوە. «پەیڕەو» ی «مەکۆک» لە لایەن «یاداشتی پەیوەست» Memorandum of Association ەوە دێتە داڕشتن و ئەمیش بەدەگمەن نەبێ دەستکاری ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ شێوازی نادێمۆکراتانەی «مەکۆک» بخرێتە کار بۆ مەبەستێکی دێمۆکراتانە، وەک ئەوەی فڵانە «مەکۆک» سەرپەرشتیی بڕێک سەرمایە بکات و سوودەکەی بۆ پرۆژەیەکی کۆمەکبەخش بێ کە ئەندامانی خۆی فەرمانڕەوایی دەکەن.

**کۆمەڵە**

بازاڕی کار بەهای وەک «کارزانی» و «چوستی» لێ بوە بە مۆرک. لەبەر ئەوە شێوازی فەرمانڕەوایی «چاودێری» و «پسپۆڕسالاری» تێدا باوە. بەڵام لە بواری کۆمەڵەسازیدا دەرفەت بەرینترە بۆ نۆڕمی وەک «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی».

کۆمەڵە هەر چەند بچووکیش بێ، بەگشتی «ئەنجومەن» ی هەیە. گەر کۆمەڵەکە خۆ بە دێمۆکرات بزانێ دەبێ بەرپرسایەتیی خۆی بەرانبەر ئەندامان بەجێ بێنی، ئەویش لە ڕێی جڤین (کۆبوونەوە) ی ماوەماوەی ڕێکوپێکی کۆمەڵەکەوە. «جڤینی کۆمەڵە» بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردەرە: بەرژەوەندی هەموو ئەندامان وەک یەک شایانی ڕەچاوگرتنە. هیچ کەسێک – تەنانەت سەرۆکیش – بۆی نییە پێشەمی بداتە بەرژەوەندیی ئەم و ئەو.

کۆمەڵەی گەورەی خاوەن توانای ئابووری لەوانەیە کارمەندی هەبێ. ئەوسا جڤینی کۆمەڵە لە پەرلەمانی وەڵات دەچێ، «ئەنجومەن» دەبێتە نموونەی حکوومەت و ئەو کارمەندانەش دەبنە نموونەی فەرمانگەکانی دەوڵەت کە بڕیاری حکوومەت جێبەجێ دەکەن.

**تۆڕ**

کۆمەڵە «پەیوەست» ـە بەڵام تۆڕ پەیوەست نییە، مەیدانێکە بۆ بێنەوبەرە و هاریکاری. تۆڕ شێوە سازمانێکی بێفەرمانییە، هاوکاران تێیدا تەنها «پێکهاتنی ئازادانە» یان دەبێ، نەک «بڕیاری کۆبەند». لە تۆڕدا «ئازادی» شابەهایە: هیچ کەسێک ناچار نییە بەشداری هیچ پڕۆژە و هەڵمەتێکی هاوکۆ بێت. تۆڕ «کەسایەتییەکی قانوونی» نییە، بۆی نییە هیچ پەیماننامەیەک واژۆ بکات و بۆی نییە نوێنەرایەتیی کەسی دیکە بکات جگە لەو کەسانەی ئەو تۆڕبەندییە دەکەن و بۆشی نییە بە ناوی کەسی دیکەوە گوتەبێژ بێ. تۆڕ بەرپرسیش نییە لە کرداری هاوکاران.

هەر بۆ نموونە «ئەکادێمیای دێمۆکراسی DemokratiAkademin» تۆڕێکە نێزیکە 40 سازمان تێیدا هاوکارە و بە ویستی خۆیان هاریکاری دەکەن بە بیرۆکە و بە پارە بۆ هەڵسووڕاندنی ئەنجومەنێکی بچووکی کارا لە بواری فێرکاری و پێشخستنی مێتودی دێمۆکراتانەدا. سازمانگەلی هاوکار - ئەمانە ئەندام نین — ئازادن لەوەی یارمەتیی ئابووری بکەن یان نا، سایتەکەمان بەکار بێنن یان نا، سوود لە ئەنجومەنی تۆڕ وەرگرن بۆ سازکردنی خول یان ڕوو لە لایەنی دیکە بکەن بۆ پڕۆژەی هاوبەش. تۆڕی DemokratiAkademin بۆ خۆی سازمان نییە، بەڵکوو سەکۆیەکە و سازمانی Ordfront کە یەکێکە لە سازمانە هاوکارەکانی ئەم تۆرە، خاوەن ماڵە - ئەمیان بەرپرسە لە چالاکی و ئابووریی ئەنجومەنی تۆڕ.

## شێوازە هەمەجۆرەکانی سازمان و «پێوانەی دێمۆکراسی»

### ئەندامەتیی هەمەگیر – شاپێوەر

مەرجی هەرە گرینگ ئەوەیە هەموو ئەندامان مافیان هەبێ وەک یەک بەشداری پرۆسەی دەنگدان بن. پەیوەستێک تەنها لەو بارەدا دێمۆکراتە کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو ئەندامانی خۆی وەک یەک بێ و هەموو کەسێک تێیدا وەک تاکێکی سەرفەراز ڕێزی لێ بگیرێ، هەموو کەسێک هاوزێدێکی یەکسانە.

هەموو شێوازێکی هەڵاواردن و سەرکردەنەسەر، سنووربەزێنی لەم مەرجە دەکات. ڕەنگ دانەوەی نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» لە فەرهەنگی سازماندا، ڕێ دەبەستن لە گەشەکردنی مەیلی لەو بابەتە.

مەرجی «ئەندامەتیی هەمەگیر» داوای بنگەی فەرمیی وەها دەکات کە لەوانەیە لە هەموو سازمانێکدا دەست نەکەوێت. بۆ نموونە هەموو ئەندامان وەک یەک دەسترۆ بن لە پێکهێنانی ئەنجومەن و دیاریکردنی سەرەکبەش. ئەگەر سازمانەکە بەو جۆرە هەڵنەبەسترابێ ئەوا بەرژەوەندی بەشێک لە ئەندامان سەنگینتر دەبێ لە هی ئەوانەی دیکە، ئەمەش دژوەستانە بەرانبەر نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان».

سازمانێک دەتوانی ئەو مەرجە پیادە بکات گەر کراوە بێ بۆ هەموو کەسێکی پەیوەندیدار بە کاروبارییەوە و کار بۆ ئامانجەکانی بکات. دەنا دەبێتە یانەیەکی داخراو، بەشێک بۆیان هەیە بەشداری بن و بەشێک نا.

ئەوجا دەبێ نیشانەی ئەندامبوون هەم ئاشکرا بێ و هەم دوور لە هەڵاواردن. ڕاستە مەرج نییە مرۆڤ ئەندام بێ بۆ ئەوەی بەشداری چالاکی بێ، بەڵام دیسان دەبێ دەرفەت هەبێ ئەندام - ئەو کەسەی بۆی هەیە بڕیار بدات - بە ڕوونی لە نائەندام جودا بکرێتەوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا دۆزی دەسەڵاتە: بۆ ئەوەی زەمینە هەبێ بۆ دابەشینی دەسەڵات، دەبێ ئەو دەسەڵاتە بابەتەکی (ئۆبژەکتیف) و تەواو دیار بێ. ئەگەر ئەندامەتیی کەسێک بەند بێ بە ئارەزووی کەسێکی دیکەوە ئەوا بە ئاسانی دەکەوینە داوی نێپۆتیزم (بنەماڵەسالاری) Nepotism و دەستەسالارییەوە. چارەسەرێکی باو «ئابوونە» یە. ڕاستە ئابوونە بۆ داپۆشینی خەرجیی چالاکییەکانی کۆمەڵەکەیە بەڵام کارکردی هەرە گەورەی بۆ ئەوەیە ببێتە پسووڵە - فەرموو ئەوەتا من ئابوونەی خۆم داوە و مافم هەیە.

هەڵبەت گرینگە ئەندامە «کۆنەکان» ماوەماوە ئاماژە بدەن بەوەی هێشتا هەر ئەندامن و پشتیوانی لە ئامانج و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە دەکەن و بەردەوام دەبێ سەنگیان هەبێ. لە سەردەمی سەختانگ

(قەیران، تەنگژە) دا، کە پێویستە ئەندامان کۆک بکرێن بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەم یان لەو دۆزە، دوور نییە کۆنەکینە سەر هەڵدەنەوە و کاریگەریی ناجۆر لەسەر بڕیار دروست بکەن.

**تا چ ڕادەیەک جۆرە جیاوازەکانی سازمان مەرجەکانی «چەرخی دیمۆکراسی» پڕ دەکەنەوە**

**لێرەدا سێ جۆرەکەی سازمان بەرانبەر پێنج «پێوانەی دیمۆکراسی» ڕادەگیرێن**

تێبینی بکە ئەو مەرجانەی سەربە «ئەندامەتی» و «بڕیار» ن زیاتر پەیوەندییان بە «فۆرم» ی پرۆسەکەوە هەیە: هەر لە ساختاری فەرمیی سازمانەکەوە دیارە گەر کورتی بێنێ. ئەوجا کۆمەڵەش هەیە «پەیڕەو» ی دروستی هەیە بەڵام بە کردەوە ناگاتە ئەو ئاستە.

کە دێتە سەر مەرجی «بەشداری» و «دەرک» لە »چەرخی دیمۆکراسی» دا، «جۆرایەتی» ی پرۆسەی بڕیار جێی سەرنجە. ئەم دوو پێوانەیە لە سازمانی وەک کۆمپانیا و فەرمانگەشدا دەشێ کاریان پێ بکرێ گەرچی پرۆسەی بڕیاردان تێیدا «بانوژێرفەرمان» Top-Down ـە (فەرمان لە سەرەوە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە).

گەر بێینە سەر باسی «جڵەوکێشی ڕۆژەڤ» ئەوا دەوروبەرە سنووری ئەو دۆزانە دەکێشێ کە ئەم پەیوەستە بۆی هەیە بڕیاری تێدا بدات. ئەم سنوورانەش بەگشتی لێڵن بۆیە زۆر جار دەبنە مایەی ململانێ و ناکۆکیی پسپۆڕی لە نێوان پەیوستی جیاواز لە ئاستی جیاوازدا.

| جڵەوگرتنی ڕۆژەڤ | |
|---|---|
| جۆر | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| کۆمپانیا | نەخێر. ئەنجومەن و ڕێبەرانی کۆمپانیا ڕۆژەڤ دادەڕێژن. |
| فەرمانگە و یەکەی فەرمی | نەخێر. سیاسەتی فەرمانگە لە لایەن ئۆرگانی باڵاترەوە بڕیاری دەدرێ. |
| کۆمەڵە | لەوانەیە |
| «مەکۆک» | نەخێر. ڕۆژەڤی «مەکۆک» سەرەتا لە »یاداشتی پەیوەست» دا دێتە داڕشتن و هەتا سەرە. |

| ئەندامەتیی هەمەگیر - ئایە هەموو ئەندامان بەشدارن | |
|---|---|
| جۆر | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| کۆمپانیا | نەخێر. ئەنجومەن و ڕێبەرانی کۆمپانیا دەسەڵاتیان لە ئەندامانی دیکە زیاترە و لە لایەن «پشکداران» ـەوە دیاری دەکرێن. |
| فەرمانگە و یەکەی فەرمی | نەخێر. ڕێبەرایەتیی فەرمانگە دەسەڵاتی لە کارمەندان بەرزترە و لە لایەن ئۆرگانی باڵاترەوە بڕیاری دەدرێ. |
| کۆمەڵە | لەوانەیە. گەر ئەندامەتی کراوە بێ و «ئەنجومەن» لە لایەن ئەندامانەوە هاتبێتە هەڵبژاردن و «جڤینی کۆمەڵە» ئۆرگانی بڕیاردەری باڵا بێت. |
| «مەکۆک» | نەخێر. ئەندامی نییە، تەنها «ئەنجومەن» ی هەیە. |




| **بەشداریی چوست** | |
|---|---|
| جۆر | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| کۆمپانیا | لەوانەیە، لە بەشێکی دۆزەکاندا |
| فەرمانگە و یەکەی فەرمی | لەوانەیە |
| کۆمەڵە | لەوانەیە |
| «مەکۆک» | لەوانەیە، بەڵام تەنها لە نێوخۆی ئەنجومەنی سازمانەکەدا. |

| **دەنگدانی یەکسان** | |
|---|---|
| جۆر | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| کۆمپانیا | نەخێر. ئەنجومەن و ڕێبەرانی کۆمپانیا ڕۆژەڤ دادەڕێژن. |
| فەرمانگە و یەکەی فەرمی | نەخێر. ئەنجومەن و ڕێبەرانی کۆمپانیا ڕۆژەڤ دادەڕێژن. |
| کۆمەڵە | لەوانەیە |
| «مەکۆک» | لەوانەیە، بەڵام تەنها لە نێوخۆی ئەنجومەنی سازمانەکەدا. |

| **«دەرکی ڕۆشناک»** | |
|---|---|
| جۆر | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| کۆمپانیا | لەوانەیە، تاڕادەیەک |
| فەرمانگە و یەکەی فەرمی | لەوانەیە، تاڕادەیەک |
| کۆمەڵە | لەوانەیە |
| «مەکۆک» | لەوانەیە، بەڵام تەنها لە نێوخۆی ئەنجومەنی سازمانەکەدا. |

### ڕێبەرایەتیی جڤین بە شێوازێکی دیمۆکراتانە

دیمۆکراسی لە ئاستی سازماندا کەم تا زۆر بریتییە لە: مەرجی بەشێک لە «چەرخی دیمۆکراسی» باشتر لە بەشێکی دیکەی ساز بوە. تەنانەت لە سازمانی «بانوژێرفەرمان» ـدا سەرۆکایەتیی سازمان دەتوانێ فیدباک Feedback (سەرنج و تێبینی) ی باشتر لە کارمەندانەوە وەربگرێ (بەشداریی چوستتر). ڕەوتی بڕیاردان و دابەشینی دەسەڵات دەکرێ ڕوونتر بێ (دەرکی ڕۆشناکتر). بەر لە هەموو شتێک دەکرێ فەرهەنگی جڤینکاری گەشتر بێ.


### شێوازی جیاوازی جڤین – شێوازی جیاوازی فەرمانڕەوایی

جڤین زۆر جار بە خەمێکی ناچاری دەزانرێ و بە شێوەیەکی ڕوتینی بەڕێ دەکرێ. کەم جار وا دەبێ مرۆڤ لە مەبەستی جڤینەکە ڕامێنێ و شێوازێکی بۆ بدۆزێتەوە لەگەڵ مەبەستدا ڕێک بێ:

- گەر مەبەست ئەوەیە زانیارییەکی گرینگ بدرێتە بەشداربوان ئەوا دەکرێ شێوازێکی کلاسیکی «چاودێری» پیادە بکرێ، سەرۆک یان کەسی پسپۆڕ ئاخێوەرە و بەشداربوان بیسەر
- گەر باس لە گۆڕانکارییەکی گەورە دەکرێ لە کاروباردا، ئەوا جڤینێکی دیمۆکراتانە باشە، ڕۆژەڤێکی هاوکۆی هەبێ و دەرفەتی ئاخافتن بداتە هەموان
- گەر مەبەست کۆکردنەوەی زانیاری بێ دەربارەی بارودۆخی کاروبار، ئەوا جڤینێک باشە شێوازێکی بێفەرمانی هەبێت، ئەندامان دەرفەتیان هەبێ ئازادانە بابەتی ئاخافتن هەڵبژێرن و دەستە دەستە گفتوگۆی بکەن.

جڤین و «ڕۆژی پلانڕێژی» هەیە تێکەڵەی هەموو ئەو جۆرانەیە. ئەوسا دەبێ بە وردی بیر لە ڕێبەرایەتیی پرۆسەیەک بکەینەوە شێوازەکانی جڤینەکە لەگەڵ هەلومەرجدا بگونجێنێ. ئەمەش کارێکی سەختە و زۆریش پێویستە بۆ ئەوەی جڤینەکە بگاتە ئەنجامی گەش و جێکەوتوو.

**جڤین و قۆناخە جیاوازەکانی «چەرخی دیمۆکراسی»**



هەموو سازمانێک مێژووی خۆی هەیە، هەروەها هەموو دۆزێکیش کە لە جڤیندا دێتە بەرباس. هەیە باشتر ئاگاداری باسەکەیە لەوانەی دیکە. ئەندامی کۆن هەیە لەوانەیە مەبەستی بێت هەموو شتێک وەک جاران بڕوا، هەیشە مەبەستی گۆڕان و بەرەنگاریی نوێیە. هەیە نەوئەندامە (تازەیە)، وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەی لا نییە، کەنارگیر و چاوەڕێیە. گرژیی لەو بابەتە لە جڤینی هەموو سازمانێکدا ڕوو دەدەن: هەر ڕێی جارانمان بگرین یان کاتی گۆڕانکاری هاتوە؟ لە سازمانی ڕێبەرفەرماندا، تەنها ڕێبەرایەتی وەڵامی پرسیاری وەها دەدەنەوە.

لە سازمانی دێمۆکراتدا، کە خەڵکی بۆ دێن و لێی دەردەچن، دەبێ هەم ئامانج و هەم شێوازی کار ماوەماوە بژار بکرێنەوە و سەرلەنوێ لە لایەن هەموو کەسانی پەیوەندیدارەوە جەخت بکرێنەوە. ئا لێرەدایە زۆربەیان کورتی دەهێنن. هەردوو قۆناخی شیرازەهۆنی پرۆسەی بڕیاردان – ئەندامان کێن و ڕۆژەڤمان چی بێت – بە خاڵی بەسەرچوو دەژمێردرێن، کاتی پێویستی نادرێتێ، پەلەیانە بۆ گەیشتنە بڕیار. کاتێک دەگاتە ئەوەی ئەندامان بەشداری جڤین نابن، ئەوجا هەست دەکرێ بەوەی خەڵک پشتی تێ کردووە.

### جڤین و دەسەڵات

جڤین کات دەبات. زۆر جار مرۆڤ نیگەرانە کات بەش نەکات، لەبەر ئەوە خێرا ئەو خاڵانەی لای خۆی مەبەستن دەخاتە بەرباس. لە باری وەهادا بۆ کاتی گرانبەها بەفیڕۆ بدات و خەریکی شێوازی جڤین بێ؟ بەم دیدە مرۆڤ تەڵە بۆ خۆی دەنێتەوە: یان دەبێتە جڤێنێکی بێ شیرازە و چەند کەسێک دەکەونە ڕکابەری بۆ خۆ سەپاندن، یان سەرۆکی جڤینەکە جڵەو دەگرێتە دەست و بە دڵی خۆی ڕەوتی گفتوگۆ دیاری دەکات. پاشکات ئەندامە بێدەنگەکان لە خۆیان دەپرسن، ئەرێ ئێمە بۆ بەشداری ئەم جڤینە بووین، خۆ ئامادەبوونمان هیچ نەخشی نەبوو؟

هەموو کەسێک لە ناخی خۆیدا دەزانێ کات لە جڤیندا دەسەڵاتە. هەیە کەنارگیرە و ڕکابەریی لەسەر ناکات. ئەمانە دەزانن کە کەسانێکی خۆڕاپەرموو هەن، بە یارمەتی تەکنیکی «خۆسەپاندن» (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە) خەڵکی دیکە بێدەنگ دەکەن و ویستی خۆیان هەر دەسەپێنن. لەبەر ئەوە گرینگترین ئەرکی ڕێبەرێکی دێمۆکراتی جڤین ئەوەیە:

- دەرفەت ساز بکات بۆ ئەندامانی خامۆش و هانیان بدات بێنە گۆ
- کاتی تەرخان باشتر دابەش بکات بەسەر بەشداربواندا

زۆر چاک دەکرێ جڵەوی کات بگریتە دەست و بەشداریی ئەندامان چوستتر بکەیت – دەبێ دەرفەت یەکسان بێ بۆ هەموان پێشنیازیان هەبێ، بێنە گۆ و لێیان ببیسترێ. دەستاوێژی ئەزموو (تاقیکراوە) هەیە بۆ ئەم مەبەستە، ئاسان و کاریگەر (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە - «دەستاوێژ بۆ جڤینی باشتر»).

بەڵام ئەو دەستاوێژانە جێی مشتومڕن چونکە شیرازەی دەسەڵاتی نێو سازمانەکە دەهەژێنێ.

**فراژووتنی دێمۆکراتانەی سازمان**

**گرووپی ئامانج**

سازمانەکانی بەشداربوان

**مەبەست**

- دیاریکردنی کەماسیی دێمۆکراتانە لە سازمانەکەی خۆمدا
- دارشتنی «پلانی کار» بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەماسییانە

کۆنفەرانسی دیالۆگ (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە) بریتییە لە سێ سووڕی ئاخافتن لە دەوری چەندین مێزی خاوەن 5-6 کورسی. هەر مێزێک «خودان» (خاوەن) ی خۆی هەیە. پاش هەر سووڕێکی گفتوگۆ، جگە لە «خودان»، هەموو بەشداران مێز دەگۆڕن. ئەرکی «خودان»:

- فۆرمی پێویستی ئەم کۆنفەرانسە بەسەر بەشداربواندا دابەش بکات و لە کاتی سێ سووڕەکەی گفتوگۆدا مێزەکەی خۆی جێ نەهێڵێ
- یاریدەی بەشداربوان بدات، ڕێساکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە و دەرفەتی گفتوگۆیان بۆ ساز بکات
- کەسێک دیاری بکات بە «زەنگژەن»، کات بۆ دەستەکە بگرێت، کە پێنج خولەکی ما بۆ کۆتای گفتوگۆ، دەستەکە ئاگادار بکاتەوە و ئەوجا کە کات نەما دیسان بەدەنگ بێ.
- لە سووڕی دوەم و سێیەمدا، سەرەتا پوختەیەکی گفتوگۆی بازنەی پێشوو بۆ ئەم بازنەیە ڕوون بکاتەوە.

گفتوگۆی یەکەم (گرووپی بنەما)

**بارۆمێتەری سازمان**

- بەشداربوان هەر کەس بە جودا «دیمۆمێتەر» (بارۆمێتری دیمۆکراتی) پڕ دەکەنەوە و نمرەڕێژی دەکەن (نمرەی بۆ دادەنێن) / 10 خولەک
- کۆکردنەوەی کاری هەموو بازنەی مێزەکە لەسەر فۆرمی هاوپێچ. چی دەتوانین بگۆڕین؟ کامە قۆناخی «پرۆسەی بڕیاردان» لای ئێمە پێویستی بە کاری زیاترە؟ / 15 خولەک
- بەشداربوان وێکڕا لە »چێکلیستی دیمۆکراتانە» ورد دەبنەوە. ئایە هیچ «دامودەزگە» یەک لە نێو سازمانەکەی ئێمەدا هەیە ڕێبەست بێ لە پڕکردنەوەی یەک لە «مەرجەکانی دیمۆکراسی»؟ / 20 خولەک

گفتوگۆی دووەم (گرووپی تێهەڵکێش- هەر ئەندامێکی، زووتر سەربە گرووپێکی جودای بنەما بوە)

**ڕووماڵکردنی دەرامەد و کۆسپ / 30 خولەک**

- «خودان» پوختەیەک لە گفتوگۆی «بارۆمێتری سازمان» دەگێڕێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کامە قۆناخ «گرووپی بنەما» دەیانەوێت پتر کاری لەسەر بکەن
- شرۆڤەکاریی SWOT (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە)

1- لێرەدا ڕێبەر و کەسانی چالاکی سازمانەکە دەخرێنە سەر «بەستێنی ناوەکی». ئەندامانی دیکە، گرووپی ئامانج و کەسانی دیکە لە »بەستێنی دەرەکی» دادەنرێن.

2- لە هەر خانەیەکدا لایەنی کەم سێ هۆکار دەنووسرێ.

| **هێزی ناوەکی** | **لاوازیی ناوەکی** |
|---|---|
| | |
| **دەرفەتی دەرەکی** | **هەڕەشەی دەرەکی** |
| | |

گفتوگۆی سێیەم (گرووپی بنەما)

**نەخشەی پلانی کار**

- «خودان» پوختەیەک ڕوون دەکاتەوە لە ڕووماڵکردنی «گرووپی تێهەڵکێش» بۆ دۆزینەوەی هەم بەربەست و هەم هۆکاری بەهێز و یاریدەری گۆڕانکاری. دەرفەت دەدرێتە بەشداربوان بۆ دەستکاری و پڕکردنەوە. گفتوگۆیەکی کورت: مرۆڤ چۆن دەتوانێ سوود لە خاڵە بەهێزەکان وەر بگرێت و چۆن لاوازەکان چارەسەر بکات؟
- بەشداربوان دێن و گۆڕانکاریی مەبەست لە شێوەی ئامانجدا دیاری دەکەن و ئەوجا پلانێکی کاری سێ هەنگاوی بۆ دادەڕێژن.

| |
|---|
| **ئامانج:** |
| **هەنگاوی یەکەم:** |
| **هەنگاوی دوەم:** |
| **هەنگاوی سێیەم:** |

**پێشکەشکارییەکی گەلدەست و گفتوگۆ**

- تابلۆی شرۆڤەکاریی SWOT ی هەر یەک لە «گرووپەکانی بنەما» بە دیوارەکانەوە هەڵدەواسرێن و لە تەکیاندا «پلانی کار» ی ئەو گرووپانە
- هەموو بەشداربوانی کۆنفەرانس تابلۆکانی شرۆڤە و «پلانی کار» ی هەموان بەسەر دەکەنەوە
- هەموو بەشدارێک بۆی هەیە ئازادانە «گوتە» ی هەبێ دەربارەی هەر خاڵێکی بەلایەوە سەرنجڕاکێشە لە تابلۆکاندا
- ئەوجا کاتێک تەرخان بکەن بۆ پرسیار و ڕاوێژ

**هێڵ** (بڕاونە پاشکۆی مێتودنامە)

- ئەم کۆنفەرانسە دنەدەر بوو بەلاتانەوە
- هیچ بیرۆکەی نوێتان لێ دەست کەوت؟

## بارۆمێتەری دیمۆکراسی

| ژمارە | گریمانە | ڕێک وەهایە | زۆر وەهایە | کەم وەهایە | هیچ وەها نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | 3 خاڵ | 2 خاڵ | 1 خاڵ | 0 خاڵ |
| 1 | سازمانەکەی ئێمە ئاواڵەیە بۆ هەر کەسێک مەبەستی بێت ببێتە ئەندام و ئامادە بێت ئابوونەی خۆی بدات. | | | | |
| 2 | هەمیشە جوان ئاشکرایە گەر کەسێک ئەندامی تەواوە یان نا. | | | | |
| - | **کۆی خاڵەکان** | | | | |
| 3 | لە سازمانەکەی ئێمەدا دەرفەت یەکسانە بۆ هەموو ئەندامان پێشنیاز و پرسیاریان هەبێ | | | | |
| 4 | هیچ کەسێکی دەرەکی نییە بڕیار بەسەر سازمانی ئێمەدا بدات. | | | | |
| - | **کۆی خاڵەکان** | | | | |
| 5 | لە جڤینەکانی ئێمەدا کەسانێک هەن هەمیشە بێدەنگن. | | | | |
| 6 | بۆچوونی هەموو ئەندامان وەک یەک ڕێزیان لێ دەگیرێ | | | | |
| - | **کۆی خاڵەکان** | | | | |
| 7 | یەک دوو کەس هەن لە سازمانەکەماندا هەمیشە ویستی خۆیان دەسەپێنن | | | | |
| 8 | لە سازمانی ئێمەدا، دۆزی گرینگ لە جڤینی ئەندامان و جڤینی ساڵانەی پڕ ئاپۆرەدا، دەنگی لەسەر دەدرێ | | | | |
| - | **کۆی خاڵەکان** | | | | |
| 9 | لە سازمانی ئێمەدا هەموو ئەندامێک ئەو زانیارییەی دەدرێتێ کە پێویستە بۆ شارەزابوون و هەڵوێست گرن | | | | |
| 10 | لە سازمانی ئێمەدا هەموو ئەندامان دەزانن چۆن پرسیارێک ڕەپێش بخەن و ئاڕاستەی کێی بکەن. | | | | |
| - | **کۆی خاڵەکان** | | | | |

**«چێکلیستی دیمۆکراسی»**

**بنگەی فەرمی لە کۆمەڵەی دڵخوازدا**

| ژمارە | پرسیار | ئەرێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەم سازمانە «پەیڕەو» ی هەیە سەلمێندراو بێ لە لایەن جڤینی گشتیی ئەندامانەوە؟ | | |
| 2 | ئایە ئەندامەتی ئاواڵەیە بۆ هەموو کەسێکی پشتیوانی لە ئامانجەکانی سازمانەکە بکات؟ | | |
| 3 | ئایە ئەم سازمانە پێوانەی ڕوون و ئاشکرای هەیە بۆ ئەندامەتی؟ | | |
| 4 | ئایە »جڤینی ساڵانە» ئۆرگانی باڵای بڕیارە؟ | | |
| 5 | ئایە ئەم سازمانە «ئەنجومەن» ی هەیە بەرانبەر ئەندامان بەرپرس بێت؟ | | |
| 6 | ئایە «ئەنجومەن» جڤینی ماوەماوە و پرۆتۆکۆلداری هەیە؟ | | |
| 7 | ئایە ئەندامان ڕاپۆرتی ساڵانەی کاروبار و ئابووریيان بۆ دەچێت؟ | | |
| 8 | ڕێبازێکی ئاشکرا هەیە بۆ گۆرانکاری لە «پەیڕەو» دا؟ | | |
| 9 | ئایە هەموو ئەندامانی ئەم سازمانە دەزانن وەڵامی پرسیارەکانی ئەم چێکلیستە بدەنەوە؟ | | |

## ئاستی میللی

## دەوڵەتی فەریکە دێمۆکرات

زۆر جار لە باس وەڵاتی دێمۆکراتدا، ئاماژە دەکرێ بە هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادیی دەربڕین و مافی دیکەی بنجی، گەرچی تەنانەت ئەو وەڵاتانەش زۆریان ماوە بگەنە ئەو ئاستە نموونەیەی مۆدێلی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» داوای دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە دەوڵەتانێکن لە سیستەمی مەزنی نوێنەرسالاریدا کۆسپێکی گرینگیان تێپەڕاندوە و شایانی ئەوەن نازناوی دەوڵەتی «فەریکە دێمۆکرات FD» Fairly Democratic (FD) Country یان بدرێتێ. ئێمە لێرەدا پەیجۆری (تحقیق) دەکەین دەربارەی ڕادەی گونجانی ئەم دیدە مافخوازە باوە لەگەڵ مۆدێلی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» دا. لێرەدا:

- بیرۆکە بنەڕەتییەکانی دێمۆکراسی لە مۆدێلی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» دا بەراورد دەکەین بە نیشانە باوەکانی دەوڵەتی FD
- دەگەڕێین بزانین کامە بنگەی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی نیشانەکان دروست دەرچن. ئەمانە خەسڵەتگەلێکن لەسەر بنەمای مافی سیڤیل (مەدەنی Civil-rights) و سیاسیانە دامەزراون و ئەمانەش لە «مافنامەی UN» دا چەسپیون.
- بنگەکانی FD لە دەوری «چەرخی دێمۆکراسی» جێگیر دەکەین و پەیوەندییان لەگەڵ پێوانەکانی دێمۆکراسیی نێو مۆدێلی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» دا پێشان دەدەین. گەر ئەو مەرجانە پێوەر بن، ئەو دەوڵەتانە تەنها «فەریکە» دێمۆکرات دەردەچن
- چ جۆرە »بێنەوبەرەی سیاسی» پێویستە بۆ ئەوەی پەڕینەوە بۆ فەرمانڕەوایی FD باشتر بێ؟ بنگەی FD جودا بکەوە لە مافی بنگەداری دیکەی وەها کە وەڵات دەکەنە دەوڵەتی دەستووربەند.

مۆدێلی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» پەیوەستێک پێشان دەدات، تێیدا هیچ کەسێک دەسەڵاتی زیادتری نییە لە کەسێکی دیکە بۆ بڕیاردانی کاروباری هاوکۆ. بارودۆخی وەها لەوانەیە لە دەستەی کاری بچووکدا ساز بێ بەڵام دەوڵەت نییە لە دونیادا بگاتە ئەم ئاستە نموونەیە. بنگەی سیاسی لە زۆربەی وەڵاتان زادەی خەباتێکی سیاسییە، بارودۆخی دەسەڵاتی ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی دوورودرێژ و زۆر جار خوێنینە. لەبەر ئەوەیە چ پەیوەندییەک ساز نابێ لە نێوان سیاسەتی میللی لە لایەک و بەها بنەڕەتییەکانی دێمۆکراسیی وەک «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» لە لایەکی دیکە.

لەوەش بترازێ، ئایە لە ڕاستیدا دەکرێ دوو وەڵات بەراورد بکرێن گەر هەلومەرجی خاوەنەتی، شیرازەی دادپەروەری، سیستەمی هەڵبژاردن و بنگەی سیاسییان جودا بێ؟

ئەرێ! پرسیاری بنەڕەتی ئەمەیە: ئایە ئاپۆری هاوزێدان - بێ ئەوەی ناچار بن پەنا بۆ توندوتیژی بەرن - دەسەڵاتیان هەیە سەرۆکی سیاسیی خۆیان بگۆڕن گەر لێی ناڕازی بوون؟ زۆر جار کە وەڵاتێک بە دێمۆکرات دادەنرێ و یەکێکی دیکە نا، ڕێک ئەم کۆسپەیە دەبێتە پێوەر. بەهاری 2011 شەپۆلێک ڕێپێوانی ئاشتیخوازانە باکووری ئافریقا و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گرتەوە بۆ پەڕێنەوە لەم کۆسپە. لە لیبیا و سووریا بەرهەڵستکاری بە توندوتیژییەری بەرفرەوان وەڵام درایەوە. بەڵام ئەم بەردە گلۆر بۆتەوە و دێمۆکراتخوازیی لە وەڵاتانی عارەب بەردەوامە..

**بەها بنەڕەتییەکانی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» و نیشانە باوەکانی دەوڵەتی FD**

1) پەیوەستی مەزن و نوێنەرسالاری

سەرەتا، لە جووتە شۆڕشی ئەمریکا و فڕانسەدا، دەمەو کۆتای سەدەی هەژدەیەم، مرۆڤ هاتە سەر خەیاڵی پیادەکردنی بیرۆکەی «یەکسانی» لە بوارێکی بەرفرەوانی وەک وەڵاتدا. هەڵبەت نەدەکرا ملیۆنان مرۆڤ لە جێیەک گرد ببنەوە و بڕیار لە کاروباری هاوکۆی خۆیاندا بدەن. بەڵام گەر هاوزێدان ماوەماوە دەستەیەک نوێنەر هەڵبژێرن ئەوا دەکرا ئەم نوێنەرانە لە جێیەکی وەک پەرلەمان کۆ ببنەوە و هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو، لە جێی میللەت فەرمانڕەوا بن. هەر زوو سیستەمی «نوێنەرسالاری» بوە بژارەیەکی دێمۆکراتانە لە جیهانێکی پڕ لە دەستەسالاری خۆسەپێندا – وێڕای بەرهەڵستیی فەیلەسووفی سیاسی ڕوسو Jean Jacques Rousseau کە پێی وابوو ئەم نوێنەرانەش هەر دەبنە سەرتەڵ (نوخبە) وەک سەتەلانی دیکە.[2]

2) هاوزێدی یەکسان لە ڕووی سیاسییەوە

پێشمەرج بریتی بوو لەوەی زۆرینەی مرۆڤی ڕسکاو لە وەڵاتێکدا بە هاوزێدی لە ڕووی سیاسییەوە یەکسان دابنرێن و هەروەها بنگە هەبێت هەڵبژاردنی ئازاد و بێلایەن دەستەبەر بکات. ئەمە بووە کرۆکی ئەو خەباتەی سەدەی نۆزدەیەم ڕوەو دامەزراندنی بنگەی هەڵبژاردنی گشتی و مافی یەکسانی دەنگدان.

---

[2] – بۆ ئاشنابوون بە گفتوگۆی ئەم سەردەمە دەربارەی خەسڵەتی سەرتەلایەتی لە سیستەمی نوێنەرسالاریدا بڕوانە:
Bernard Manin, *Den representativa demokratins principer,* SNS 2002

سەرەتا تەنها بەرژەوەندی پیاو ڕەچاو دەگیرا بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ژنانیش لە چەندین وەڵاتی دونیادا لە پێناوی یەکسانیی سیاسیدا خەباتیان بەرپا کرد. نۆرمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» ئەوانیشی گرتەوە.

3) هاوزێدی سەرفەراز

لە دەوڵەتی FD دەبێ هاوزێد دەرفەتی هەبێ هەڵبژاردنی خۆی هەبێ. بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاشکرا دژ بە دەسەڵاتداری ناپەسەند بوەستێ و بە شێوازێکی ئاشتییانە لە دەسەڵات لایان بدات، دەبێ دەرفەت هەبێ هاوزێد بە ویستی خۆی «ئازادانە سازمانی خۆی دروست بکات» بۆ بەرهەڵستی کاریگەر. دەبێ دەرفەتیان هەبێ بێ ترسی تۆڵە، «ڕای خۆیان دەرببڕن» و دەستڕەسییان هەبێ بۆ «زانیاری لە سەرچاوەی جیاوازەوە».

بنەمای ئەم خاڵە وابەستەیە بە بیرۆکەی «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی»، بڕوایە بەوەی مرۆڤ توانای هەیە سەرفەرازانە بیر بکاتەوە و ڕەفتار بنوێنێ. مرۆڤ هێندە ڕسکاوە بتوانێ بەرژەوەندی خۆی بناسێ.


| نیشانە | بنگەی پێویست | گرێدان بە مافنامەی **UN** دەربارەی مافی سیاسی و سیڤیل (مەدەنی) |
| --- | --- | --- |
| -1-<br>نوێنەرسالاری | ڕێبەری هەڵبژێردراو<br><br>مافی خۆ ناوزەدکردن لە هەڵبژاردندا | بەندی 21<br>1- هەموو کەسێک مافی هەیە بەشدار بێ لە فەرمانڕەوایی وەڵاتی خۆیدا، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی نوێنەرەوە ئازادانە هاتبێتە هەڵبژاردن<br>2- هەموو کەسێک مافی یەکسانی هەیە بەشدار بێ لە خزمەتگوزاریی گشتیی وەڵاتەکەی خۆیدا |
| -2-<br>زۆربەی مرۆڤی ڕسکاو لە ڕووی سیاسییەوە هاوزێدی یەکسانن | هەڵبژاردنی ئازاد و بێلایەن<br>مافی دەنگدان گشتی و یەکسان بێ | بەندی 21<br>3- ویستی گەل دەبێتە بنەمای فەرمانگەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەم ویستە دەبێ لە هەڵبژاردنی ماوەماوە و ڕاستیدا بێتە دەربڕین، ئەمەش بە پیادەکردنی مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان دەبێ و هەروەها دەنگدانی نهێنی یان شێوازی دیکەی هاوبایەخی دەنگدان. |
| -3-<br>هاوزێدان بۆیان هەیە بە ئاشکرا دژ بە ڕێبەرانی خۆیان بوەستن و بە شێوازی ئاشتییانە لە دەسەڵات لایان بدەن | ئازادیی دەربڕین<br><br>سەرچاوەی هەمەڕەنگی زانیاری<br><br>ئازادیی کۆمەڵەسازی | بەندی 19<br>هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا و ئازادیی دەربڕینی هەیە. ئەم مافە دەڵێ بێ دەستتێوەردان، هەموو کەسێک ئازادە بیروڕای خۆی دەرببڕێ و ئازادیشە لە گەڕان بە دوای، وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروڕا، لە هەموو جۆرە دەستاوێژێکدا و بێ ڕەچاوگرتنی سنوور.<br><br>بەندی 20<br>1- هەموو کەسێک مافی هەیە ئازاد بێ لە جڤین و پەیوەستبوونی ئاشتییانە.<br><br>بەندی 23<br>4- هەموو کەسێک، بۆ داکۆکی لە مافی خۆی، مافی هەیە هەم ببێتە ئەندام لە سەندیکادا و هەم دایمەزرێنێ. |

زۆر جار دیمۆکراسی لە ئاستی میللیدا لە ڕوانگەی «ماف» ـەوە سەیر دەکرێ. لە وەڵاتێکی FD بنگەی کارا هەیە - پرۆسە و میکانیزمی وەها کە جێی سەلماندنی گشتین — سنوور دادەنێن بۆ دەسەڵاتی فەرمانگەی دەوڵەتی بەرانبەر هاوزێدان. لە وەڵاتی وەهادا کۆمەڵێک مافی سیڤیل و سیاسی بە کردەوە تاکەکەس دەپارێزن:

- «ڕێبەری هەڵبژاردەی میللەت» و هەروەها «مافی ناوزەدکردنی خۆ لە هەڵبژاردندا» سیستەمی «نوێنەرسالاری» دروست دەکەن
- گەر هەڵبژاردن «ئازاد و بێلایەن» بن و هەروەها «مافی دەنگدان گشتی و یەکسان» بێ، ئەوا بە کردەوە زۆربەی مرۆڤی ڕسکاو لە ڕووی سیاسییەوە هاوزێدی یەکسانن.
- گەر «ئازادیی دەربڕین» و «ئازادیی کۆمەڵەسازی» جێکەوتوو بێ و هاوزێدان دەسترەسییان هەبێ بۆ سەرچاوەی هەمەڕەنگی زانیاری، ئەوسا دەتوانن بە مەبەستی دابینکردنی ماف، خۆیان ڕێک بخەن بێ ئەوەی ترسی دەستدرێژییان هەبێ. جگە لەوەش دەرفەتیان دەبێ ڕێبەری سیاسیی خۆیان لا بدەن بێ ئەوەی ناچار بن پەنا بۆ توندوتیژی بەرن. بۆیان هەیە لە هەڵبژاردندا — کە پێشکات ئەنجامەکەی بڕیار نەدرابێ - دەنگ بدەن بە ناوزەد (کاندید) ی دیکە کە خۆیان دیاری دەکەن.

کاتێک وەڵاتێک بە «دیمۆکرات» ناودێر دەکرێ، بەگشتی ئەو مەرجانەی سەرەوەن مرۆڤ لە خەیاڵی گرتوون. بەڵام وشەکە بۆ خۆی «بەهاگیرە» (بەها و نرخاندنی لێ بارکراوە) و جار هەیە چەمک و دەستەواژەی دیکەی بۆ بەکار دەهێنرێ، بۆ نموونە «دیمۆکراسیی لیبەڕاڵ» و «دیمۆکراسیی ڕۆژاوایی». Robert A. Dahl چەمکی «پۆلیارکی» *Polyarchy* (فرەسالاری — پێچەوانەی مۆنارکی *Monarchy*) ی بۆ داهێناوە. ئێمەی کارمان لەسەر ئەم مۆدێلی «ئەلفوبێی دیمۆکراسی» ـیە کردووە، لامان باشە بڵێین «دەوڵەتی فەریکە دیمۆکرات» - دەوڵەتی FD.

**بنگەی FD، «چەرخی دیمۆکراسی» و «پێوانەی دیمۆکراسی»**



چەرخەکە لەم هێلکارییەدا بریتییە لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە وەڵاتێکی FD و لە ماوەی یەک ماندادا (ماوەی فەرمانڕەوایی نێوان دوو هەڵبژاردن). دەوروبەری چەرخەکە زانیاریمان داوە دەربارەی کامە بنگەی FD پێویستە هەبێ — بەڵام مەرج نییە بەس بێ — بۆ ئەوەی هەر یەک لە پێوانەکانی دێمۆکراسیبوون پڕ بکەنەوە. «ڕێبەری سیاسی هەڵبژێردراو» لەگەڵ «مافی خۆ ناوزەدکردن بۆ هەڵبژاردن» دانەنراون چونکە ئەو دوو بنگەیە بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەرسالارییە نەک دێمۆکراسی.

لەم شرۆڤەکارییەی خوارەوە ڕوون دەبێتە کە «مافی گشتی و یەکسانی دەنگدان» بنەمای بۆ پڕکردنەوەی دوو مەرج: «ئەندامەتیی هەمەگیر» و «مافی یەکسانیی دەنگ».

لەوە بترازێ، پەیوەندیی نێوان بنگەی FD و پێوانەی دێمۆکراسی پتر جێی گفتوگۆن، لەبەر ئەوەی وەڵاتان پەیوەستی هێند بەرفرەوانن وەها دەکات ڕیشاڵی «نوێنەرایەتی» لە حوکومڕانییاندا تەواو زاڵ بێ.

گەر مۆدێلی «ئەلفوبێی دێمۆکراسی» بکەینە سەرشار، ئەوپەڕەکەی «دەوڵەتی فەریکە دێمۆکرات» دەدۆزینەوە. گەر پەنا بەرینە بەر چەمکی دیکە دەڵێین: «دێمۆکراسیی نوێنەرەکی» و «دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ». بەڵام ئایە ئەوە جوداکارییەکی هەڵەبەر نییە؟ خۆ بە کردەوە هەموو پەیوەستێک — هەم بچووک و هەم گەورە - ئەنجومەنی هەیە. تەنانەت «کۆمەڵە» ش کە زۆر جار بە فێرگەیەکی «دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ» دادەنرێ، نوێنەری خۆی هەیە.

**ئەندامەتیی هەمەگیرە - هەموان هاوزێدی هاوبایەخن**

«مافی گشتیی دەنگدان» پێشمەرجە بۆ «ئەندامەتیی هەمەگیر». لە وەڵاتی سوێد بۆ نموونە، چەمکی «هاوزێد» بەگشتی دەکاتەوە »مرۆڤێک مافی دەنگدانی هەیە». کەواتە پێوانەکەمان تاڕادەیەک پڕ کردەوە، بەڵام تەنها «تاڕادەیەک» - کەسانی بیانی دەبێ سێ ساڵ چاوەڕێ بن و منداڵ هەتا 18 ساڵ پڕ دەکاتەوە.

### جڵەوگرتنی ڕۆژەڤ

لێرەدا «هەڵبژاردنی ئازاد و بێلایەن» مەرجە. ئەگەر هەڵبژاردن، یان بازنەکانی هەڵبژاردن، دەستکاری بکرێن، ئەوسا خەڵکی دیکە سەر دەکەون،کە دوور نییە سیاسەتێک پیادە بکەن جودا لەوەی هاوزێدان مەبەستیان بوو لە ڕێی نوێنەرانی خۆیانەوە پیادە بێ.

ئەوجا دەبێ «ئازادیی کۆمەڵەسازی»، «ئازادیی دەربڕین» و «سەرچاوەی هەمەڕەنگی زانیاری» هەبێ بۆ ئەوەی دیدی هاوزێدان دەربارەی ئەرکی دەوڵەت بێتە داڕشتن و بخرێتە چێوەی بەرنامەی پارت و بزاڤی هەڵبژاردنەوە.

دەشبێ بزانین کە ئەو چەمکانەی لە جووتکەوانەدان («») ئامرازێکن بەدەست هاوزێدەوە بۆ جڵەوگرتنی نوێنەری خۆی نەک جڵەوگرتنی ڕۆژڤ. کامە دۆزی سیاسی دەخرێتە ڕۆژەڤەوە و چۆن هەڵسوکەوتی لەتەک دەکرێ باسێکە لە لایەن نوێنەرانەوە بڕیاری دەدرێ نەک خودی هاوزێدان.

لەوەش بترازی، لەم چەند دەیان ساڵەی ڕابوردوودا، مەودای دەسەڵاتی ڕێبەرە میللییەکان (ڕێبەرانی سیاسیی هەر وەڵاتێک) تەواو تەسک بۆتەوە. سەروەری و خودفەرمانیی میللی، هەتا دێ بەرتەسکتر دەبێتەوە لەبەر پەستانی جیهانگیریی پێشڕەوتدا.

### بەشداریی چوست

لێرەشدا چەمکی «ئازادیی کۆمەڵەسازی»، «ئازادیی دەربڕێن» و «سەرچاوەی هەمەڕەنگی زانیاری» پێویستن بۆ چوستاندنی بەشداریی هاوزێدان لە بزاڤی هەڵبژاردندا و گەیشتن بە دەرئامانجی مەبەست.

بەڵام ئەو چەمکانە بەتەنێ تێر ناکەن، پارە، کات، دەسترەسی بە سەرچاوەی زانیاری و هتد پێویستن. هەتا نارێکیی زیادتر بێ لە دابەشینی دەرامەدی وەهادا، جیاوازیی زیادتر دەبێ لە ڕەخساندنی دەرفەتی ڕا دەربڕینی هاوزێدان و بەوەش پڕکردنەوەی پێوانەکانی دێمۆکراسی کورت دەهێنێ.

ئەگەر پارتە سیاسییەکان بتوانن ئاپۆرەیەکی گەورەی هاوزێدان ڕاپێچی پرۆسەی سیاسی بکەن ئەوسا بەشداری چوستتر دەبێ. گەرنا، گرووپی بەرژەوەندداری هەمەجۆر، کە وەها ئاواڵە نییە بۆ هاوزێدان، کاریگەرییان زیاد دەکات.

گرینگترین پێوەر لێرەدا «گۆڕانی بەشداربوونە لە هەڵبژاردندا». نزمبوونەوەی ڕێژەی بەشداربوون نیشانەیە بۆ ئەوەی میللەت خۆی کەمتر بە بەشدار بزانێ و سیاسەت خەریکە دەبێتە بوارێک تەنها بۆ پسپۆران.

## مافی یەکسانی دەنگدان

لێرەدا بنگەی پێویستی FD جووت دێن لەگەڵ مەرجەکانی «چەرخی دێمۆکراسی» دا. گەر «مافی دەنگدان یەکسان» بێ و «هەڵبژاردن ئازاد و بێلایەن» بێ ئەوا هاوزێدان لە کاتی هەڵبژاردندا وەک یەک دەرفەتی کاریگەرییان دەبێ. ئەم مەرجە لە هەڵبژاردنی نوێنەراندا پڕ کراوەتەوە.

## دەرکی ڕۆشناک

بۆ ئەوەی زانیاریی جێباوەڕ بێ، دەبێ «ئازادیی کۆمەڵەسازی» و «ئازادیی دەربڕین» جێگیر بن. پەیامی ڕێبەرێکی سیاسی کە زانیاریی پاوان کردبێ، جێباوەڕ نییە. دەبێ سازمانی سەربەخۆ هەبێ و توانای دەربڕینیان هەبێ، دەبێ زۆریش بن - «سەرچاوەی هەمەڕەنگی زانیاری».

لە لایەکەوە بوارێکی مەزنی مێدیاگەری لەسەر بنەمای مافی بنگەدار هەڵنراون. زانیاری وەک هەرەسی بەفر بەسەر هاوزێداندا دەبارێ. ئەوەی گرینگ و پێویستە - بۆ نموونە سەرخستنی پەی بردن بە پرۆسەی دێمۆکراسی – خەریکە لە واژەواژی مێدیادا دەخنکێ.

لە لایەکی دیکە، دەرفەتی وەدەست هێنانی زانیاری هەرگیز وەک ئێستا بەرین نەبوە. لە ڕێی کۆمپیوتەرەوە بە ماوەیەکی کورت دەگەیتە ئەو زانیارییەی مەبەستتە. بەڵام ئەم دەرفەتە بۆ هەموان وەک یەک نییە. بۆ نموونە ئاست و جۆری خوێندن کاریگەریی لەم باسەدا هەیە - ئەمەیان هۆکارێکی هەرە گرینگە بۆ جیاوازیی چینایەتی لە وەڵاتانی FD دا و بەربەستیشە لە «دەرکی ڕۆشناک» ی «چەرخی دێمۆکراسی».

**مەرجی سیاسی بۆ سەرکەوتنی دیمۆکراسی**

سازمانی UN لە پەیماننامەی مافی سیڤیل و سیاسیدا داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات بەسەر ئەو کۆسپەدا زاڵ بن کە بریتییە لە دابینکردنی بنگەی FD. ئەم پەڕینەوە فەرمییە هەنگاوێکی دابڕە لە پرۆسەی دیمۆکراتاندندا. بەر لەو کارە، ڕژێمی سالارفەرمان دەتوانێ پەلاماری هەموو بابەتێک بدات هەڕەشە لە پێگەی خۆی بکات. پاش ئەوە هیچ کەسێک ناتوانێ دڵنیا بێ لەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین دەکرێن. ڕوونتر بڵێین: دەسەڵات گوێزرایەوە، زووتر چەند کەسێک بوو، ئێستا کۆمەڵێک ڕێسا.[3]

ئەم هەنگاوە نرخی خۆی هەیە: گەر مەبەست بێ، پەڕینەوەکە ئاشتییانە بێ، دەبێ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ ڕازی بکەین. ئەوان بۆ ئەوەی دەست لە دەسەڵاتی خۆیان هەڵگرن و سازش لەسەر خاڵی بابەتەکی بکەن، داوای دەستەبەری وەها دەکەن بنگەی لە پشت بێ:

- لە وەڵاتی سوێد، بۆ نموونە، سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ دابینکردنی مافی گشتیی دەنگدان بۆ هەموو پیاوانی ڕسکاو، پاش بێنەوبەرەی درێژخایەن دوو مەرجی بەرەی ڕاستڕەو سەلمێندرا: یەکەم هێشتنەوەی جووت هۆبەی پەرلەمان، دووەم سیستەمی ڕێژەکارانەی هەڵبژاردن – ئەرکی ئەم بنگەیانە دەستەبەرکردنی شیرازەی وەڵاتە لەو ماوەیەدا کە پێویستە بۆ کۆککردنی میللەت. پاش ئەوە دە ساڵی دیکەشی خەباتی سیاسی و هاندان خایاند هەتا ژنانیش لە سیستەمی سیاسیی سوێددا جێیان کرایەوە.
- لە وەڵاتی چیلێ، جەنەڕاڵ پینۆچێت Pinochet ساڵی 1973 بە کودەتایەکی سەربازی سەرۆکی هەڵبژاردە، ئالێندە Allende، ی لە دەسەڵات لا دا و سوپافەرمانییەکی خوێنینی سەپاند. ساڵی 1989 بینوچێت دەسەڵاتی بۆ سەرۆکی هەڵبژاردە جێهێشت بە مەرجێک مافی قانوونبەست (حەصانە) ی پەرلەمانی بدرێتێ. پاش دە ساڵ ئەو پاراستنە کەوتە بەر پرسیار: دادوەرێکی سپانیایی (خەڵکی وەڵاتی سپانیا) داوای کرد لە ئینگلاند بینوچێت بە تاوانی بەزاندنی «دادی نێودەوڵەتی» Crime Against International Law ڕادەستی دادگە بکەن. بینۆچێت مرد بەر لەوەی هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە و داواکارییەکی دیکەی هاوجۆری ئەمەیان لە نێو چیلێ، بە ئەنجام بگەن.
- جار هەیە دارمانی سیاسی نەک بێنەوبەرە، دەبێتە هۆی دیمۆکراتاندنی وەڵات. پاش ڕمانی سۆڤیەت، ساڵی 1991 هەڵبژاردنێکی تارادەیەک ئازاد لە ڕووسیا ساز کرا. پاش ماوەیەک کودەتا هەڕەشەی تێکدانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی کرد. سەرۆک یەلتسین Jeltsin لەگەڵ ئەوەشدا

---

[3] -بڕوانە ل 245 و هی دیکەی:
Adam Przeworski, "Demokrati som möjligt utfall av konflikter" - *Idéer om demokrati* Tidens förlag 1992.

کە بزاڤە دیمۆکراسییەکەی پشتیوانی بوون، کز بوون، توانی کودەتاکە بشکێنێ. کودەتاچییەکان نەیاتوانی هێزێکی پێویست لە نێو سەرتەڵی کۆندا گرد بکەنەوە. ئەو سەرتەڵە وەهای لا باشتر بوو سوود لەو تەوژمە مەزن و پەلەیەی بازاڕ وەربگرن، کە دەوڵەت هاوکات ڕێگەی بۆ کردەوە.

لە ڕووسیا کۆمەڵگەی مەدەنیی بەهێز نەبوو پرۆسەی دیمۆکراتاندن پێش بخات. لە بری ئەوە، ململانێی سەرتەڵی کۆنی دەسەڵات هەر بەردەوام بوو هەتا دەمەو کۆتای 2007 کە سەرۆک پوتین Putin لە ڕێی جڵەوگرتنی بنگەکانی FD، توانی فەرمانڕەواییەکی سالارپەرستانە بسەپێنێ.

- ساڵی 2001 ئامەریکا پەلاماری ئەفغانستانی دا و حکوومەتی تالەبانی خست. دە ساڵ ڕابورد بەڵام ئەو وەڵاتە هێشتا هەر لە جەنگێکی خوێنینی نێوخۆدایە گەرچی لەشکتی بیانیشی لێیە. سەرۆک خێڵی خاوەن ڕێچکەی دینیی جیاواز هێشتا نەگەیشتوونەتە سازشێکی بنەڕەتیی وەها کە ببێتە بناخەی دابەشینی دەسەڵات لە دامودەزگەی FD دا.

لە عیراق بارودۆخ کەمێک باشترە. لەوێ، پاش ئەوەی ئامەریکا ساڵی 2003 داگیری کرد بۆ ئەوەی بە زەبری توندوتیژی دەسەڵاتێکی فەریکە دیمۆکرات دامەزرێنێ، چەند ساڵێک ئاژاوڵەیەکی خوێنین بەردەوام بوو. هەم لەشکری عیراق و هەم حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا لە ناکاو هەڵوەشێنرانەوە، بێ ئەوەی پاراستنی ژیانی ئەندامانی ئەو کۆنە سەرتەڵانە دەستەبەر بکرێت. هەفت ساڵ ڕابورد، ساڵی 2011، لەشکری بیانی خەریکە وەڵاتەکە جێ دەهێڵێت و توندوتیژیی سیاسی خامۆش بۆتەوە. وەڵاتەکە حکوومەتێکی هەیە سەلمێنراوە لە لایەن پەرلەمانێکی هەڵبژاردەی خەڵکەوە. بەڵام هێشتا ماویەتی ببێتە حکوومەتێکی کاریگەر.

**توندوتیژی، دەوڵەتی دەستووربەند و دیمۆکراسی**

ڕێگەی ئاشتییەکی جێگیر لەم نموونەیەی دواییدا، سەختە، چونکە خودی یەکە سیاسییەکە لە مەترسیدایە - یەک دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێکی بچووکتر — تێیاندا دەستاوێژی توندوتیژی لە ژێر فەرمانی دەستەیەکی تاڕادەیەک کۆکی دەسەڵاتدارە. ئەوجا بەر لەوەی باس بێتە سەر دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی فەریکە دیمۆکرات، دەبێ ئەو یەکە سیاسییە لەگەڵ دەوڵەتێکی دەستووربەنددا هەر نەبێ وێکچوونێکی هەبێ، بۆ ئەوەی لایەنەکانی ئەو ململانێیە و پشتیوانەکانیان قانوون بە ئارەزووی خۆیان پیادە نەکەن.

دەوڵەتی دەستووربەند مەرج نییە زۆر دیمۆکرات بێ. بۆ نموونە لە سوێد پێش سەرهەڵدانی دیمۆکراسی، هەژار و دارا لە ئاست قانووندا تاڕادەیەک هاوشان بوون، ئەگەرچی ئەو قانوونانە هەڵاواردنی تێدا بوو دژ بە ژن و چینی کرێکار.

لەو وەڵاتانەدا کە تازە لەم کۆسپە دەپەڕنەوە لەوانەیە پێچەوانەی ئەو دیاردەیە ڕوو بدات: برازیل لە سەرەتای دوو هەزاردا دەوڵەتێکی فەریکە دیمۆکرات بوو، کەسانی کەمژماری خاوەن سەرماف (ئیمتیازداران) دەیانتوانی بە پارە خۆیان لە دادگە دەرباز بکەن و بەرزتر بوون لە قانوون. زۆرینەی هەژاریش لە زۆر ڕووەوە ژێرکەوتە بوو — بۆ نموونە تاوانی کوشتن لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی São Paulos کە هەرگیز پەیجۆرییان لێ نەکرا.

دەوڵەتی دەستووربەند پێشمەرجە بۆ دابینکردنی ئاشتییەکی جێگیر لە نێوان چین، نەتەوە و گرووپی دینی جیاوازدا. ئەم ئاشتییەش پێشمەرجە بۆ فەرمانڕەواییەکی FD.

## دەوڵەتی FD و دەوڵەتی دەستووربەند

**مەبەست**

- لە ڕێی دۆخێکی نموونەوە دەرفەت بدە بەشداربوان ورد ببنەوە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی دەستووربەند "Rule of law" و دەوڵەتی فەریکە دیمۆکرات.

**1) فوتبۆڵ – گەمەی نێوان سوید و دانمارک**

سەرەتای هاوینی 2007 ـە و گەمەی سەرکەوتنە بۆ جامی ئەورووپا، لە دانمارک، سوید بەرانبەر دانمارک یاری دەکات. سوید زوو کەوتە خۆی و سێ گۆڵی کرد. دانمارک لە بەشی دووەمی گەمەکەدا بە سێ گۆڵ هاتەوە مایە. ئەم دوو تیپە کە لە مێژە ڕکابەری سەختی یەکن، یارییەکی زۆر جوانیان کرد و سەرنجی ئەو 42 هەزار بینەرەیان تەواو ڕاکێشا. لە خولەکی 89ی گەمەکەدا، یاریزانێکی دانمارکی کرایە دەرەوە لەبەر ئەوەی مستێکی لە سکی یاریزانێکی سویدی دا – بڕیار بوو پەنەڵتییەک بدرێتە سوید.

تەماشاچییەکی دانمارکی دابەزییە یاریگە و بەر لەوەی پاسەوانگەل ڕێی لێ بگرن پەلاماری بژیوانی دا. بژیوان گەمەی بڕی و بردنەوەی 3-0 دا بە سوید.

**2) کوورەهەنگ** (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە)

ئایە بژیوان کارێکی دروستی کرد گەمەکەی بڕی؟

**3) گفتوگۆ**

- بگەڕێ بە نێویاندا و بەڵگەکانی کوورەهەنگ کۆ بکەوە
- هیچ کام لەو بەڵگانە بە ڕێسای دیسیپلینکاری UEFA سەنگینتر دەبن؟

بەندی 19، بڕگەی 1: گەر نەکرێ گەمەیەک بەردەوام بێ یان بە ئاسایی تەواو بێ، ئەوا دەسەندرێتەوە لە یانەی بەرپرس (...)

– بڕگەی 2: لە بارودۆخی جیددیدا دەکرێ سزای یانەی بەرپرس زیادتر بکرێت بەپێی بەندی 14، بڕگەی 1.

- بەندی 14، برگەی 1: هەر تیپێک سزا بدرێت بە سەندنەوەی گەمە، سزاش دەدرێت بە دۆڕانی 0-3.

- ڕاپرسیی پاش گەمەکە، لە سوێد و دانمارک، پێشانی داوە کە زۆربەی بەشداربوان پێیان وایە بڕیاری بژیوان دروست بوو. یەک ڕۆژنامەوان پێی وابوو گەمەکە دەبا بەردەوام بێ، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئیمەیلی لە خوێنەرانی تووڕەوە بۆ چوو. ئەم ڕێک کەوتنە گشتییە چۆن ڕاڤە بکەین؟

**4) بەسەرکردنەوە**

- فوتبۆڵ هەم بە ناوەڕۆک و هەم بە شێواز گەمەیەکی ڕێسافەرمانە بەڵام دیمۆکراتانە نییە. ڕێسا فەرمییەکان —کە ڕوونی ناکەنەوە مەبەست لەم گەمەیە چییە - لە چوار خاڵدا کۆ دەکرێنەوە:
  1. بژیوان و کەسانی دیکەی کاردار دەبێ بێلایەن بن
  2. ڕێساکان پێشکات دانراون و لە دەمی گەمەکەدا نایەنە گۆڕین
  3. یاریزان و کارداران نابێ دەستدرێژییان لێ بکرێ
  4. دەرفەت هەیە بۆ لاریبوون لە بڕیاری بژیوان

- وێکچوونی ئاشکرا هەیە لە نێوان گەمەی وەها و دەوڵەتی دەستووربەندی خاوەن ئەم خەسڵەتانە:
  1. نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» لە ئاست قانووندا دابینە. هەموو لە ئاست قانووندا یەکسانن (یەکسانیی قانوونی).
  2. هیچ تاوانێک بوونی نییە گەر قانوونی نەبێ و قانوونیش بە ئارەزوو نایەتە گۆڕین (دەستووربەندی).
  3. هیچ کەسێک نابێ بکەوێتە بەر دەستدرێژیی دەسەڵات و زەبری ناقانوونی (ئاسوودەگیی قانوونی).
  4. هەر کەسێک تاوانی بەرانبەر بکرێت دەرفەتی هەیە کۆمەکی قانوونی وەربگرێ (دەستڕەسیی قانوونی).

**5) گفتوگۆ**

- ئایە دروستە دەوڵەتی دەستووربەند بەراورد بکرێ بە گەمەیەکی ڕێسابەند یان جیاوازیی ئەوەندە گرینگ هەن کە ئەم وێکچواندنەی پێ تێک بچێت؟
- ئەگەر وێکچواندنەکە دروست بێ، ئیدی پێویست دەکات دەوڵەتی دەستووربەند ببێتە «فەریکە دێمۆکرات»، خۆ ئاشکرایە گەمەی فوتبوڵ وەها نییە؟

## کۆمەڵگەی مەدەنی و دیمۆکراسی

زۆر لایەن – یەک لەوان فەرمانگەی هاریکاریی سویدی SIDA - پێی وایە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز بەشێکی گرینگە لە فراژووتن (گەشەکردن) یکی دیمۆکراتانەی جڤات.[4] لەم مۆدیلەدا جڤات دەکەین بە چوار بوارەوە، یەکیان کۆمەڵگەی مەدەنییە و بە سێ بەڵگە سەنگی دیمۆکراتانەی ئەو بوارە پێشان دەدەین:

- بواری سیڤیل سەکۆیەکە بۆ سازمانگەریی سەربەخۆ
- بواری سیڤیل – سەکۆیەکی متمانەسازە
- بواری سیڤیل - سەکۆیەکە بۆ پرۆسەی دیمۆکراتانە

بۆمان ڕوون دەبیتەوە کە گرینگترین کۆمەکی بواری مەدەنی بۆ فراژووتنی جڤاکی بریتییە لە هاندانی هەڵویستێکی سیڤیل (مەدەنی) لە دەسەڵات و بەرپرسایەتی.

### بواری سیڤیل – سەکۆیەکە بۆ سازمانگەریی سەربەخۆ




هەر گرووپێکی جڤاکی بە پێی کارکردی خۆی - هەر لە سازمانی جێگیرەوە هەتا تۆڕی بەربڵاو – لە یەک لەم چوار بوارەی جڤاتیدا جێ دەکریتەوە:

- دەسەڵات ئەرکی ئەوەیە بڕیاری سیاسی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاریی فەرمیی بەڕێوە دەبات
- بازاڕ کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ بوارەکانی دیکە دابین دەکات
- خێزان یەکەی بنەڕەتییە بۆ زیادبوون و بەرهەمبەری
- سازمان و تۆڕی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بۆ ئامانجی تایبەتیی خۆیان دەکەن و بە شێوەیەکی فەرمی جودان لە سازمان و تۆڕی بوارەکانی دیکەی جڤات. سەربەخۆن، وابەستە نین.

بە کردەوە، لە گوزەرانی ڕۆژانەدا سنووری نێوان ئەو بوارانە بزۆزە. بۆ نموونە »وەشان« (انتشارات / دار النشر) هەیە کۆمپانیایە و سەرجەم پشکەکانیماڵی کۆمەڵەیەکی دڵخوازە. گەر هەوڵ بدەین لە «چەرخی

---

[4] - بڕوانە: *Sidas stöd till det civila samhället*, Edita 2007

جڤات» دا جێی بکەینەوە ئەوا کۆمپانیاکە دەکەوێتە بواری «کۆمپانیا و بازاڕ» ەوە و کۆمەڵە دڵخوازەکەش لە بواری «سیڤیل» (کۆمەڵگەی مەدەنی) ـدا جێ دەگرێ. ئەوەی لەم بوارەدا ڕوو دەدات بەرهەمی بڕیاری بوارێکی دیکەیە.

ئەدی پارتی سیاسی لە کوێ جێی دەبێتەوە؟ لەبەر ئەوەی سازمانێکی خاوەن ئەندامانە، لە هەڵبژاردندا ناوزەدی هەیە و کار بۆ دۆزی تایبەت دەکات ئەوا بەشێکە لە بواری سیڤیل. گەر هەڵبژاردنی بردەوە و دەسەڵاتی گرتە دەست، وەزارەت و فەرمانگەی بە ئەندامانی خۆی پڕ کردەوە ئەوا دەبێتە بەشێک لە بواری دەسەڵات.

هەر ئەم سنوورکێشانەیە دەبێتە هەم دۆز و هەم ڕاڤەکاری ئەو خاڵەی زۆر کەس پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی: سازمانی بێلایەنە و چاودێری دەسەڵات دەکات.

مێژوو پێشانی دەدا کە خەبات لە پێناو دروستکردنی سازمانی سەربەخۆدا دەبێتە مۆتۆر لە پرۆسەی گەشەکردنی دەسەڵاتێکی FD. بۆ نموونە بزاڤی میللیی سەربەخۆی سوێد لە دەمەو کۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا و سازمانی «سۆڵیداریتی» ی پۆڵۆنیا لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا. گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەم مەبەستە لە زۆر وەڵاتدا بوە هاندەر ڕوەو دەسەڵاتێکی FD لە سەر ئاستی میللی.

چۆن دەتوانین لە بەشەکانی دیکەی جیهان، زەمینە بۆ فراژووتنی لەو بابەتە خۆش بکەین؟ ئەمە پرسێکە چەندین فەرمانگە و سازمانی کۆمەکبەخش پێوەی خەریکن. گرێیەکیش ڕەپێش دەخات: چۆن دەکرێ دەسەڵات پشتیوانی لە سازمانی بێلایەن بکات بێ ئەوەی «وابەستەبوونی دەسەڵات» پەیدا ببێ. گەر ئەم دۆزە بە جیددی بگرین ئەوا یەکەم هەنگاوی چارەسەری دەدۆزینەوە.

**بواری سیڤیل – سەکۆیەکی متمانەسازە**

تۆژینەوەی ئەزموونەکی Robert D. Putnam بوونە دەستپێکی ڕوانگەیەک، بواری سیڤیل بە سەکۆیەکی متمانەساز دابنێ.[5] مەبەستیش ئەوەیە مرۆڤ کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەک بوو، جۆرە پەیوەندییەک لە نێواندا ساز دەبێ، متمانە و هاودەنگی، واتە «سەرمایەی جڤاکی» لێ دەزێ. گەر مرۆڤ بڕوای هەبێ بەوەی کەسانی دیکە ئامادەی هاریکارین، مەیلی هاریکاری لای خۆیشی گەرمتر دەبێ. ئەم «سەرمایە جڤاکی» یە زەمینەی دێمۆکراسی خۆش دەکات و دەشێ بخرێتە فراژووتنی ئابوورییەوە.

پێچەوانەکەی: زۆربەی سازمانەکانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێکی زۆری ئەندامەکانی خۆیان لە دەست دەدەن. بۆ نموونە ئەوەی لە وەڵاتانی زەنگینی دەمەو کۆتای سەدەی بیستەم – بە تایبەتی USA – ڕووی دا و بوە ماکی زیادبوونی هەستی نیگەرانی، کەنارگیری و گومانکاری لە دەوروبەر. «سەرمایەی جڤاکی» کەم دەبێتەوە.

**چەند پرسیارێک**

تۆژینەوە و ئەنجامگیرییەکانی Putnam لە زۆر وەڵات کاری کردە سەر ستراتیژی فراژووتنیان. هاوکات گفتوگۆ گەرمە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان دێمۆکراسیی کارا و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز. دوو نموونە:

- ڕووکاری ئەو پەیوەندییە کوێیە؟ بۆ نموونە سوێدی، بەراورد بە ئاستی جیهانی، متمانەیەکی بەرزیان هەیە بە فەرمانگەی دەسەڵاتی خۆیان بەڵام متمانەیان بە نوێنەرسالاری زۆر نزمترە. کەواتە »فەرمانڕەوایی» هۆکارێکی زۆر گرینگە. گەر تاڕادەیەک بە باشی هەڵسووڕێن و دەستووربەند بن، ڕێ بۆ گەشەندی «سەرمایەی جڤاکی» خۆش دەبێ.[6]

- سازمان هەیە - بۆ نموونە Hell's Angels- «سەرمایەی جڤاکی» دەڕمێنێ. ئایە ئەمانەش بەشێکن لە کۆمەڵگەی مەدەنی؟ ئەرێ، چونکە تاڕادەیەک وابەستەی بواری دیکەی جڤات نین. ڕاستە بە

---

[5]- Robert D. Putnam,
*Making democracy work: Civic traditions in modern Italy* (1993)
*Bowling Alone: The Collapse and Revival of American Community* (2000)

بە سوێدی

*Den fungerande demokratin*, SNS 1996
*Den ensamme bowlaren*, SNS 2001

[6] - Bo Rothstein, *Sociala fällor och tillitens problem*, SNS 2003

ئاشکرا سەرۆکفەرمانە، سەرۆکی بەهێزی هەیە زاڵە بەسەر ئەندامانی ژێرەوەدا. لەگەڵ ئەوەشدا Hell’s Angels سازمانی سەربەخۆن و کار دەکەن بۆ هاندانی شێوە گوزەرانێکی تایبەت و بۆتە ڕێنوێنێک بۆ چەندین گرووپی دیکەی کەموزۆر تێکدەر. لە گرووپی وەهادا «هۆگری» (وەلاء) ی بەهێز ڕەپێش دەخرێ. بەڵام سەرمایەی تێکبەستەی وەها دەبێتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دەوروبەر. ئەم دیاردەیەش دەبێتە هۆی داڕووخانی سەرمایەی تێکبەستەی نێوان گرووپ و چینی جیاوازی جڤات و بنەمایەکە بۆ هاوژینی ئاشتەوا و هەڵکردنی مرۆڤی خاوەن دیدی جیاواز.

ئەم نموونە دژە، پرسێکی سەربە ڕێبازی کار ڕەپێش دەخات: ئایە مەرج نییە سازمانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێوەری «چەرخی دێمۆکراسی» فەریکە دێمۆکرات بن بۆ ئەوەی سوودێکیان بۆ پێشخستنی ڕەوتی دێمۆکراسی هەبێت لە جڤاتدا و بەوەش مافی هاریکارییان هەبێ؟ یان هەر ئەوەندەی خەریکی تاوان و توندوتیژی نەبن، باشە؟

**بواری سیڤیل – سەکۆیەکە بۆ پرۆسەی دیمۆکراتانە**

دەسەڵاتی بڕیاردان لە فەرمانگە و کۆمپانیادا بەگشتی سنووردارە بۆ دەستەیەکی کەمژماری ڕێبەرایەتی. ئەمانە یەکەی کارگێڕی و ڕوو لە ئەنجامن، بەهای وەک چوستی و کارزانی لە لایان بنەماسازە. هەرچی خێزانە، ئەوا دایک و باوک تێیدا گەورەی منداڵانن – هەم لە ڕووی قانوونی و هەم گوزەرانی ڕۆژانەوە. لەبەر ئەوەیە پرۆسەی بڕیاردان لەم دوو بوارەی جڤاتدا ڕێبازێکی دیمۆکراتانەی نییە. بەڵام لە بواری سیڤیلدا، خەڵک دڵخوازانە کۆ دەبنەوە ڕوەو ئامانجێکی تایبەت بە خۆیان. گەر مرۆڤ لەم بوارەدا بەرانبەرەکەی خۆی بە کەسێکی هاوشان و سەربەخۆ بزانێ، ئەوا «ئازاد» یش دەبێ لە هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی دیمۆکراتانە بۆ فەرمانی سازمانەکەی خۆی.

ئەرێ، ئازادن بەڵام ناچار نین. ئەمەش پرسێکی هەتا ئێستا کراوەیە: پرۆسەی «فەریکە دیمۆکرات» چەند برەوی هەیە لە بواری سیڤیلدا. زۆر جار هاریکاریی بێفەرمانی تۆڕبەند ئاسانتر دەگاتە ئامانج.

- پرۆسەی دیمۆکراتانە - بەرنامەیەکی ڕاهێنانە بۆ سنگفرەوانی

گەر پرسیار لە خەڵک بکەیت، باشترین خەسڵەتی دیمۆکراسی چییە؟ وەڵامەکەی زۆرجار «بەشداربوون» ـە.[7] پیادەکردنی هەڤبەندییەکی وەها بە کردەوە لایەنێکی گرینگە لە ڕاهێنانی سنگفرەوانیدا کە پرۆسەی دیمۆکراسی گیرۆدەیەتی.

زۆر کەس لەوانەی چالاکانە کار لە کۆمەڵەدا دەکەن، زۆر جار ناچاری سازش دەبن، خاڵی گرینگ لێرە فەرامۆش بکەن و مرۆڤی ناجۆر لەولا پەسەند بکەن. چەندین جار ڕووی داوە ڕەنجێکی زۆر بەبا دەچێ و هاودەنگی چی نابێ. ئەوجا ناچاری دەنگدان دەبین - سەرباری ڕەنج، دەنگیش ناهێنین!

لە تۆڕدا کە بڕیاری کۆبەند نییە، مرۆڤ ناچاری ئەو هەموو ماندووبوون و هەراسانییە نابێ. لە کۆمەڵەشدا دەکرێ مرۆڤ خۆی لادا لەو کۆسپانە گەر مەرجەکانی دیمۆکراسی کاڵ بکاتەوە و ڕێ بدات ڕێبەرێکی بەهێز بڕیار بدات کامە بەرژەوەند پێشەمی دەبێ. لە هەردوو باردا مرۆڤ ئەو بەرەنگارییەی لە دەست دەچێ کە پرۆسەی دیمۆکراسی لە بەشداربوانی داوا دەکات: فێر بین دڵاسوودە بین بەوەی جار هەیە هەڵوێستی کەسانی دیکە دژە.

---

[7] - بڕوانە پێشەکیی ئەم کتێبە.

- ئەندامەتیی ئاواڵە

ڕووکارێکی دیکەی خزم بە خاڵەکەی سەرەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی وەک سەکۆیەکی دیمۆکراسی بریتییە لە ئەندامەتیی کراوە. سازمانێکی داخراو - کە ئەندامی تازە بە مەرجی خۆی وەردەگرێت یان هاوکاری نوێ بە پێوەری کارزانی — بە جۆرێک هەڵاوێرکارە. سازمانی کراوە هەموو ئەندامێک وەردەگری کە هاوئامانج بێ و گەر بەرژەوەندی هەموو ئەندامێکی بە شێوەیەکی یەکسان ڕەچاو بگرێ، ئەوجا ئەوپەڕی هەمەگیرە. هەموو کەسێک بۆی هەیە ببێتە ئەندام و خۆی سنووری ئەرکی خۆی دیاری بکات: مرۆڤ دەرفەتی هەیە ببێتە ئەندامێکی چالاک و دەرفەتیشی هەیە ڕێ بدات نوێنەرایەتیی بکرێت لە ئەنجومەنێکی هەڵبژاردەدا. پێکهاتە و ڕێبازی ئەم ئەنجومەنەش بەرتاوی ئەندامانە کە لە جڤینی ساڵانەدا وەک ئەندامی تەواو هاوبایەخ دەنگیان هەیە.

ئەم ڕووکاری «نوێنەرایەتی» یە زۆر جار لەبیر دەکرێ، بەڵام هەر ئەمەیە ڕەوایەتی دەداتە سازمانەکە ببێتە گوتەبێژی بەرژەوەندێکی تایبەت لە جڤاتدا — گەورە بێ یان بچووک، بەستەگیی هەیە بە ژمارەی ئەندامانەوە.

ئەمە دەنگوباسێکی باش نەبوو بۆ کەسێک چالاکانە خەریکی تۆڕبەندی ئازادانەیە و بە ئاسانی دڵگەرمیی خۆی لە بەرژەوەندیی جڤاتدا دەناسێنێ. مرۆڤی وەها جگە لە خۆی نوێنەرایەتیی کێ دەکات؟ زۆر چاک دەشێ مەبەستیان بەرز بێ و شایانی هەموو پشتیوانییەک بن، بەڵام نەک لەسەر بنەمای «دیمۆکراتانە».

گەر پرنسیپی «ئەندامەتیی ئاواڵە» بە جیددی بگیرێ، کاریگەریی دەبێ لەسەر جۆری ئەو سازمانگەلەی نێو بواری سیڤیل کە فەرمانگەی دەوڵەتی دەتوانێ هاریکار و پشتیوانی بێ. گرفتیش بۆ سازمانی کۆمەکبەخشی پیشەوەر ساز دەکات: بۆ نموونە، «مەکۆک» ی هاریکاری، کە خۆی پەیوەستێکی ئاواڵە نییە، داوای کراوەیی لە سازمانێک بکات پێویستی بە کۆمەکە؟

**هاوزێدەتی و دەسەڵات**

پەیوەستێکی مەبەستی بێ، دێمۆکراتانە کار بکات، کە دێتە سەر ئەوەی شیرازەی خۆی دارێژێ، بە کردەوە پەیمانێکی ناوتۆژ Implicit دەبەستێ تێیدا دەڵێ: ساختاری جێکەوتووی دەسەڵات — بنەمای پارە بێ یان زایەند، ئاستی خوێندن بێ یان چین، یا هەر دەرامەدێکی دیکە - بۆی نییە دەست بخاتە ئەو بڕیارەی گەلدەست دەدرێت. لە بنەڕەتیشدا هەر ئەمەیە نۆرمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» وێکرا مەبەستیانە.

ئەمە هەڵوێستێکی ڕادیکالانەیە بەڵام ڕێک بەوە نابێتە هەڵوێستێکی ئوتۆپیانە (خەیاڵبازانە). هەر نەبێ لە ئاستی سازماندا، مێتودی ساکار هەیە بۆ چارەکردنی کەماسیی قۆناخە جیاوازەکانی پڕۆسەکە. بەڵام مشتومڕیان لەسەرە. هەنگاوی وەها هەمیشە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی بەدەمەوەیە: ئەندام هەیە دەسەڵاتی کەمتر دەبێ لەوەی زووتر هەیبوە، هەیشە دەسەڵاتی زیاد دەکات. ڕاستییش هەر ئەوەیە: پڕۆسەی دێمۆکراسی گەمەیەکە تێیدا بیرۆکەی خاوەنبەدەر Egalitarian (ئەوەی خاوەنی تایبەتی نییە، بۆ هەموانە، وەک هەوا...) ی هەیە و هەر نەبێ لە بواری سیڤیلدا هیچ کۆسپێک نییە ڕێ لەو گەمەیە بگرێ.

سازمانی سەربەخۆی خاوەن ئەندامەتیی ئاواڵە و هاوبایەخ دەرفەت دەداتە خەڵک هەم دەسەڵات پیادە بکەن و هەم - لە دۆزی تایبەتدا - لە نێو خۆدا بەش بکەن. ئەم ئەزموونە مەدەنییە گرینگترین بەرهەمی بەرەی سیڤیلە بۆ پڕۆسەی فراژووتنێکی دێمۆکراتانەی جڤات. تەنانەت لە ئاستی میللی و نێودەوڵەتیدا، ڕوانگەیەکی سیڤیلانە بۆ چارەسەری دۆزی هەمەجۆر.

**کۆنفەرانسی دیالۆگ**

**کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاهێزراو**

**گرووپی ئامانج**

سازمان و فەرمانگەی خاوەن پرۆژە بۆ بەشداری لە فراژووتنێکی دێمۆکراتانەی جڤاتدا.

**مەبەست**

دەرفەت برەخسێنێ بۆ بەشداربوان:

1- بە شێوەیەکی بەرجەستە، بابەت و ڕووداوی پرۆژەی ئایەندە بخەنە بەرچاو، گفتوگۆیان بکەن و هەڵیان سەنگێنن.

2- لە ڕوانگەی ئەو کارەوە، بیرۆکەکانی پرۆژەی داهاتوو، بە ئاراستەیەکی دێمۆکراتانە، دەستکاری بکەن.

کۆنفەرانسی دیالۆگ (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە) بریتییە لە سێ سووڕی ئاخافتن لە دەوری چەندین مێزی خاوەن 5-6 کورسی. هەر مێزێک «خودان» ی خۆی هەیە. پاش هەر سووڕێکی گفتوگۆ، جگە لە «خودان»، هەموو بەشداران مێز دەگۆڕن. ئەرکی «خودان»:

- فۆرمی پێویستی ئەم کۆنفەرانسە بەسەر بەشداربواندا دابەش بکات و لە کاتی سێ سووڕەکەی گفتوگۆدا مێزەکەی خۆی جێ نەهێڵێ
- یاریدەی بەشداربوان بدات، ڕێساکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە و دەرفەتی گفتوگۆیان بۆ ساز بکات
- کەسێک دیاری بکات بە «زەنگژەن»، کات بۆ دەستەکە بگرێت، کە پێنج خولەکی ما بۆ کۆتای گفتوگۆ، دەستەکە ئاگادار بکاتەوە و ئەوجا کە کات نەما دیسان بەدەنگ بێ.
- لە سووڕی دوەم و سێیەمدا، سەرەتا پوختەیەکی گفتوگۆی بازنەی پێشوو بۆ ئەم بازنەیە ڕوون بکاتەوە.

**گفتوگۆی یەکەم** (گرووپی بنەما، نوێنەری یەک یان چەند پرۆژەیەکی تێدایە)

**«یادگار» لە ڕووداوەکانی ئەو پرۆژەیەی ئێستا دەچەرخێ**

- بیرۆکەبارانە. خەیاڵ لە ئایەندە بکەوە: ساڵێک تێپەڕیوە و پرۆژەکەتان تازە تەواو بوە. ئێوە ئێستا کۆ بوونەتەوە بۆ بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردوو. هەم چاوەڕوانی و هەم مەترسییەکانی کاتی کار ئێستا بوونەتە «یادگار». هەر هەموو یادگاری خۆی هەیە لە ڕووداوەکانی دەمی پرۆژەکە، بچووک بێ یان گەورە، چاوەڕێکراو و نەکراو، ئایەتی یان نایەتی (پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ) — لە نێو کارەکەدا یان لە دەورەبەری پرۆژەکە.
  هەر کەسێک پێنج یادگار لە سەر پێنج پارچەکاخەزی سرێشدار Post-it بنووسێت. هەرنەبێ دوو لەو پێنجە دەربارەی ڕووداوی دەرەکی ناچاوەڕوانکراوی دەوروبەر بێ.

**ڕێسا:**

1- هەموو بیرۆکەیەک باشە. تەنانەت بیرۆکەی سەیروسەمەرە و خەیاڵبازانەش.

2- لەم هەنگاوەدا ئێوە هیچ بەرپرسایەتییەک ناگرنە ئەستۆ و مەرجیش نییە هاوڕا بن.

3- با بیرکردنەوەت کۆنکرێت (بەرجەستە) بێ:

- کەی ئەو باسە ڕووی دا، لە کوێ ڕووی دا
- چەند کەس بوون، کێ بوون؟
- وردەکاریی دیکەی لە یاددا چەسپیوە

4- بە خەتێکی خۆش بنووسە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێ پارچەکاخەزەکە بخوێنێتەوە.

15 خولەک

- پۆلین. بەشداربوان کاخەزەکان یەک بە یەک دەخوێننەوە و لەسەر مێزکە، نێزیک یەک دایان دەنێن، بەڵام یەکتر داناپۆشن.
  - نەخشێکی تایبەتی دەبینن؟ کاخەزی هاوپەیامی تێدایە لێکیان بدەین؟
  - کاخەزی هاومەبەست بدە لە یەک.
  - سەرەدێڕی هاوکۆی بۆ بدۆزەوە.

20 خولەک


**گفتوگۆی دوەم (گرووپی تێهەڵکێش)**

- خشتەی دەرفەت (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە)

«یادگار» ە پۆلێنکراوەکانی گفتوگۆی یەکەم، لە لایەن «خودان» ـەوە پێشکەش دەکرێن. ئەوجا بەشداربوان وێکڕا ئەو ڕووداوانە هەڵسەنگێنن:

- بەرخواست بوون یان نا؟
- پێدەچێ ڕوو بدەن؟

«خودان» تاکە یەک ئەرکی لەسەرە: بەشداربوان هان بدا ڕێک بکەون و ڕوونی بکەنەوە چۆن و بۆ کاخەزەکان لەسەر «نەخشەی دەرفەت» دادەنێن. لەسەر کاخەزی گەورە ئەم سیستەمی ئاڕاستەیە دەکێشرێ و هەڵدەواسرێ: 35 خولەک




نەخشەی دەرفەت — سیستەمی ئاڕاستە - (*بەرخواستە - جێی خواست و تەمایە / بەرخواست نییە / بەرشیمانەیە - دەشێ ڕوو بدات / بەرشیمانە نییە).*

**گفتوگۆی سێیەم** (سەرەتا گرووپی بنەما و پاشان هەر پڕۆژەیەک بە تەنێ)

**پێشەمی و پێشنیازی چارەسەر**

## 1- گفتوگۆ و پێشەمی

- «خودان» هەنگاوی پێشوو، «نەخشەی دەرفەت» بۆ بەشداربوانی سەرەتا پێشکەش دەکات. گەر پارچەکاخەزێک بە دیدی ئەمان لە جێی خۆیدا نییە، تیرەسایەک لە نێوان کاخەزەکە و جێی مەبەست دەکێشرێ.
- گفتوگۆ: کام لەم چالاکی و ڕووداوانە گەورەترین کاریگەریی – ئایەتی یان نایەتی - دەبێ لەسەر فراژووتنی دێمۆکراتانەی جڤات؟ بۆ ئاسانکاری سوود لەم لیستی «ستراتیژی دێمۆکراتاندن» ـە وەربگرن:

  1- ناوەکی – لەسەر ئاستی سازمان – بە یارمەتیی «چەرخی دێمۆکراسی»

  2- دەرەکی – لەسەر ئاستی میللی / نێودەوڵەتی – بۆ کارێکی داپرسانە بە مەبەستی:

  - ڕاهێزانی سازمانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی
  - ڕاهێزانی بنگەی «فەریکە دێمۆکرات» (داخون input ـە بۆ سیستەمی سیاسی)
  - کاریگەری لەسەر بازاڕ و فەرمانگەی فەرمی (دەرخون output ی سیستەمەکە)

- پێشەمی: هەر ئەندامێک بە خامەی پان چوار پارچە کاخەز دیاری بکات.

25 خولەک

**2- پێشنیازی چارەسەر**

هەر سازمانێک کاخەزەکانی خۆی کە لەسەر «نەخشەی دەرفەت» ـن دەکاتە سەرشار. دوو چارەسەر دیاری بکات بۆ ڕاهێزانی پرۆسەی دیمۆکراسی لە پرۆژەکەی خۆیدا.

- بەدەم کارەوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمەکەتان. «پلانی چارەسەر» پڕ بکەنەوە و شێوەی پیادەکردنیش ڕەچاو بگرن.

| چارەسەر | پیادەکردن |
|---|---|
| سەرەدێڕ<br>وردەکاری بە لیستی خاڵدار<br>1- ...<br>2- ... | |
| سەرەدێڕ<br>وردەکاری بە لیستی خاڵدار<br>1- ...<br>2- ... | |

**«پلانی چارەسەر»**

20 خولەک

**پێشکەشکاریی گەلدەست و گفتوگۆ**

- «نەخشەکانی دەرفەت» بە دیواردا هەڵواسن و لەتەکیاندا «پلانی چارەسەر» ی هەر پڕۆژەیەک
- هەموو بەشداربوانی کۆنفەرانس تابلۆکان بەسەر دەکەنەوە
- هەموو بەشدارێک بۆی هەیە ئازادانە «گوتە» ی هەبێ دەربارەی سێ چارەسەری بەلایەوە سەرنجڕاکێش بن
- ئەوجا کاتێک تەرخان بکەن بۆ پرسیار و ڕاوێژ

**هێڵ** (براونە پاشکۆی مێتودنامە)

- ئەم کۆنفەرانسە دنەدەر بوو بەلاتانەوە
- هیچ بیرۆکەی نوێتان لێ دەست کەوت؟

**ئاستی نێودەوڵەتی**

**جیهانگیر، ناوچەگیر یان** نێواندەوڵەتی**؟**

هەتا دێ دۆزی وەها زیاد دەبێ کە جیهانگیرین و ناکرێ لە ئاستێکی میللیدا چارە بکرێن، بۆ نموونە کێشە «تاوی ڕووەکخانە» Greenhouse Effect (زیادبوونی گەرما لە ئەنجامی زیادبوونی دایۆکسیدی کاربۆن). کامە پەیوەستی نێودەوڵەتی International دەتوانێ کێشەی وەها سنووربەزێن چارە بکات؟ لێرەدا:

- بە یارمەتیی «شێوازەکانی فەرمانڕەوایی» (بڕوانە مۆدێلی «ئەلفوبێی دیمۆکراسی») دەکەوینە پەیجۆری چەند سازمانێکی نێواندەوڵەتی Intergovernmental و هەروەها جیهانیگیری ئەم بوارانە.
- وەڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا European Union - EU دەکەینە نموونەیەک بۆ فەرمانڕەوایی تێکەڵ – بڕیار هەیە لە ئاستی میللیدا دەدرێ، هەیشە دادەگیرێ بۆ ئاستی ناوچەیی.
- دەکەوینە پەیجۆری چەند سازمانێکی جیهانگیریی لە خێزانی UN بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک مەرجەکانی دیمۆکراسییان تێدایە.

**فەرمانڕەواییەکی کۆبەند لەسەر ئاستێکی جیهانگیردا**

جیهانگیریی خۆشڕەو جێدەستی لە هەموو جێیەک دیارە. کەسێک دێسەمبەری 2007 وشەی global ی لە «گوگل google» دابا، 79 ملیۆن «ئەنجام» ی دەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا، شیرازەی کارای ئەم سەردەمە هێشتا هەر سیستەمێکی نێودەوڵەتیە، تێیدا دەوڵەتانی کەموزۆر سەربەخۆ هەوڵ دەدەن دۆزی هاوکۆی خۆیان بە شێوازێکی دیپلۆماسی لە ڕێی بێنەوبەرەی ئازادەوە چارەسەر بکەن. ئەم سیستەمە سیاسییە چەند سەد ساڵێکە دەوڵەتانی زەنگین و بەهێزی باکوور و ڕۆژاوا تێیدا سەردەستن. لە سەدەی بیستەمدا، دوو جار شکەستیان هێنا لە چارەکردنی ململانێی نێوخۆیان و جیهانیان پەلکێشی جەنگ کرد. پڕۆسەیەکی ڕەوا و پێشکاتی کۆبەند لە ئاراد نەبوو بۆ چارەسەرکردنی هەر ناکۆکییەکی بێتە ڕێ.

دەمەو کۆتای جەنگی دوەمی جیهانی، دەوڵەتانی براوە دەستپێشخەرییان کرد بۆ دامەزراندنی:

- «بانکی جیهانی» World Bank - International Bank for Reconstruction and Development (IBRD)
- «فەندی جیهانیی پارەکاری» International Monetary Fund (IMF)
- «دەوڵەتانی یەکگرتوو» (نەتەوە یەکگرتووەکان) United Nations (UN)

مەبەست لەم کارانە پڕکردنەوەی دیپلۆماسیی نەریتکارانەی نێو دەوڵەتان بوو بە سیستەمێکی بڕیاری کۆبەند بۆ فراژووتن و بووژانەوەی ئابووری، ئاشتی و ئاساییش، هەروەها مافی مرۆڤ. پەیڕەوی UN ساڵی

1945 سەلمێنرا. چەند ساڵێک دواتر، ئەندامان پێک هاتن لەسەر بەیاننامەیەکی هاوکۆی وردەکارانەی مەبەست: «مافنامەی مرۆڤ» - جاڕنامەی UN دەربارەی مافی مرۆڤ، Universal Declaration of Human Rights.

هەر ئەو دەمە نێزیکەی بیست دەوڵەتێکی UN ڕێک کەوتن لەسەر سەلماندنی «پەیماننامەی بازاڕی ئازاد» General Agreement on Tariffs and Trade (GATT) بێ سزادانی سنووربەزێنی. ئێستا ئەو پەیماننامەیە لە «سازمانی بازرگانیی جیهانی» World Trade Organization (WTO) کارایە و ڕۆژەڤێکی جیددیتری هەیە: دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵات دەدەنە ئەم سازمانە بۆ سزادانی هەر سنووربەزێکی لە بڕیار و ڕێسا سازمانەکە بکرێ.

بۆ ڕوونکردنەوە پەنا دەبەینە بەر هێڵکاریی شێوازەکانی فەرمانڕەوایی:

**دۆزی جیهانگیر کە خەڵکانێکی زۆر دەگرنەوە، چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

**بە توندوتیژی**

**بە شێوازێکی ئاشتەوا**

**بێفەرمانی**

دیپلۆماسیی نەرێتکاری «نێواندەوڵەتی»، لە نێوان دوو یان چەند دەوڵەتێکدا (بێنەوبەرەی دوو- یان فرەدەوڵەتی). بۆ نموونە:

- GATT (1947)

**بڕیاری کۆبەند (گشت جڤات دەگرێتەوە)**

بۆ نموونە:

- «بانکی جیهانی» IBRD (1944)
- «فەندی جیهانیی پارهکاری» IMF (1944)
- «دەوڵەتانی یەکگرتوو» UN (1945)
- WTO (1995)

له ڕێبازی بێفەرمانیدا، دەوڵەتان له بێنەورەبەی نێوانیاندا، هەلومەرجی دەسەلاتی خۆیان دەکەنه سەرشار. یەکیان بڵێ «نەخێر»، چارەسەرەکه جێ ناگرێت. ئابووریی بازاڕیش به هەمان شێوه دەچەرخێ — بێنەوبەرەیه له نێوان بەرهەمهێن و بەرهەمبەر، فرۆشیار و کڕیاردا - جیاوازییەکه لەوەدایه لێره پێوەری دەسەلات پارەیه و هێنده خێرا و ئاسانیش پەنا نابرێته بەر توندوتیژی گەر ئەو سەودا (مامەڵەت) یه ساز نەبوو.

له ڕێبازی کۆیەکیدا، دەوڵەتان هەوڵ دەدەن پێشکات چارەسەرێک بۆ کێشەکان دەستەبەر بکەن، بۆ نموونه دەسەلات دەدەنه سازمانێکی ناوچەگیر یان جیهانگیر بۆ سزادانی سنووربەزینی له بوارێکی دیاریکراودا. بەم کارەش دەوڵەت له سەروەری Sovereignty ی خۆی دادەشکێنێ. ئەوجا گەر مەبەستیش بێت ئەو «سازمان» ـه دیمۆکرات بێت، ئەوا دەبێ دەستکارییەک بکرێ له دابەشینی دەسەلاتی ئەو دەوڵەتانه له نێوان خۆیاندا. لەبەر ئەوەیه وەلاتی سوێد بۆ نموونه پێی خۆشه UN بەهێزتر بێ: چونکه کاریگەریی سوێد له ئاستی جیهانیدا بەهێزتر دەبێ. وەلاتێکی وەک USA که خاوەنی سەردەستیی ئابووری و ئەرتەشییه، بەرژەوەندیی خۆی له بارێکی پێچەوانەدا دەبینێ. دەوڵەتانی زلهێز وەهایان پێ باشتره بنگەی UN کز و نادیمۆکرات بمێنن و بێنەوبەرەش له بوارێکی «نێودەوڵەتان» ـدا بمێنێ چونکه لەوێدا باشترین دەرفەرتیان هەیه بۆ سوود وەرگرتن له توانا و دەرامەدی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

هەر چەند ساڵێک پاش دامەزرانی UN ئەم دیده ڕوون بۆیەوە. ساڵی 1949 پەیوەندیی نێوان دوو بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا زۆر خراپ بوو. که ئاشکرا بوو سۆڤیەت خەریکه پاوانی (مۆنۆپۆل)ی ئامەریکایی له بواری چەکی ئەتۆمدا دەشکێنێ و یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی دەتەقێنێ، USA لەگەڵ کەنەدا و ده دەوڵەتی ڕۆژاوای ئەورووپا بەرەیەکی بەرگریی نێواندەوڵەتییان به ناوی North Atlantic Treaty Organization - NATO ساز کرد.

سەردەمی شەڕی سارد UN وەلا نرا و ڕێبەرانی ئەو دوو زلهێزه له ڕێی خۆڕاهێزان به چەکی ئەتۆمەوە یەکتریان ڕادەگرت. ئاشتیی جیهانگیری ژێر سایەی UN گۆڕا به تەرازی تیرۆر — هەڕەشەی ڕۆژی قیامەته و نەوەیەکی سەرلەبەر ناچار بوو له سێبەریدا هەڵ بکات.

## EU – تێکەڵەی فەرمانڕەویی ناوچەیی و دەوڵەتی


هەڤبەندیی ئابووریی ئەوروپا - «بازاڕی هاوکۆ» ,European Economic Community (EEC) 'Common Market' کە بەدەم کاتەوە گەیشتە «یەکێتیی ئەوروپا» European Union (EU) ساڵی 1957 بێ دەستوور و جاڕنامەی ڕاگەیەن، دامەزرا.

سەکۆیەکی نێواندەوڵەتی بوو بۆ بێنەوبەرەی چەند سەرۆک دەوڵەت و وەزیری کاروباری دەرەکیی ڕۆژاوای ئەوروپا بەو مەبەستەی لە ئایەندەدا ئابوورییان تێهەڵکێش بکەن. بەهاری 2007، EU بریتی بوو لە 27 دەوڵەت، دە دانەیان کۆن سەربە سۆڤیەت بوون.

ڕۆژەڤی EU بەدەم ساڵەوە زۆر هەڵکشاوە و ئێستا دۆزی ئاساییش و سیاسەتی ناوچەگیری دەگرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیشی بەجێ بێنی، بەدەم کاتەوە چەندین ئۆرگانی فەرمانی ساز کردوە:

- «کۆمیسیۆنی EU» - EU Commission یێکی ناهەڵبژاردە - کارمەندەکانی ڕێنوێنی دەر دەکەن بۆ فەرمانگەکانی دەوڵەتی ئەندام،
- «ئەنجومەنی وەزیران» The Council of the European Union (Council of Ministers) – «جڤینی دوند»: ڕێبەران لە ئاستی هەرە بەرزدا کۆ دەبنەوە بۆ بێنەوبەرە لەسەر دۆزی هاوکۆ
- «بانکی سەنتراڵی ئەوروپایی» European Central Bank
- «دادگەی EU» - EU Court of Justice
- «پەرلەمانی EU» - EU Parliament– بە دەسەڵاتێکی سنووردارەوە ماوەماوە لە نێوان دوو شاری Brussels و Strasbourg دا جێگۆڕکێ دەکات.

سەرجەم دەبێتە سازمانێک، فەرمان تێیدا ئاڵۆزە، بێپلانە، بەدوای چارەی کردەکیدا دەگەڕێ و دەسەڵات لای «کۆمیسیۆنی EU» و «ئەنجومەنی وەزیران» ـە.


دۆزی جیهانگیر کە خەڵکانێکی زۆر دەگرنەوە، چۆن چارەسەر دەکرێن؟
بە شێوازێکی ئاشتەوا
بە توندوتیژی
مۆدێلی کارکردەکی
پسپۆڕسالار
مۆدێلی فیدراڵی
دیمۆکراتی
مۆدێلی نێواندەوڵەتی
بێفەرمانی
«کۆمیسیۆنی EU»
EU Commission
«بانکی سەنتراڵی ئەورووپایی»
European Central Bank
«دادگەی EU»
EU Court of Justice
«پەرلهمانی EU»
EU Parliament
جڤینی دوندی
«ئەنجومەنی وەزیران»
Council of Ministers

EU بۆ ئەوەی بتوانێ فەرمانڕەوایی بکات، تەنانەت بەو دەوڵەتە تازانەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە (کۆنەسۆڤیەت)، «ئەنجومەنی وەزیران» ساڵی 2004 لە شاری ڕۆم Rome «پەیماننامەیەکی دەستوورەکی» Constitutional Treaty ی سەلماند. لەوانەیە گرینگترین ڕیفۆرمی بریتی بێ لەوەی سیستەمێکی سنووردار دانرا بۆ بڕیاری زۆرینە لە »ئەنجومەنی وەزیران» دا. بەڵام کاتێکی پەیماننامەکە بۆ سەلماندن نێردرا بۆ وەڵاتانی ئەندام، لە وەڵات دوای وەڵات دەنگی یەکجار کەمی هێنا لە ڕووماڵی ڕادا. لە ڕاپرسیی هۆڵەند و فرانسە، بەرەی نەخێر سەرکەوت. لە وەڵاتانی دیکە پارتی دژە EU زۆر پێشکەوتن و هەروەها ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی ئەورووپا دابەزییەی 30-40 % لە دەمێکدا بۆ هەڵبژاردنی میللی دەگەیشتە % 70. ئەوجا تەواو خویا (ئاشکرا) بوو کە EU هەر لە سەرەتاوە زیادتر دۆزێک بوە بۆ سەرتەڵی ئەورووپایی. هەوڵدان بۆ ئەوەی پێگەیەکی گەلێر بدرێ بە EU خامۆش بۆوە.

سێ ساڵ دواتر، «ئەنجومەنی وەزیران» ڕێک کەوت لەسەر پێشنیازێکی نوێ بۆ ڕیفۆرمی فەرمانڕەوایی EU. لەوانەیە ئەمیان پەسەند بکرێت لە پەرلەمانە میللییەکاندا. بەڵام هێشتا هەر دەبێ کار بکرێ بۆ ئەوەی خەڵک بەگشتی ئەم تێکەڵە دەگمەنەی EU دەرک بکات: تێکبەستەیەکە لە پسپۆڕسالاری، بێفەرمانی و دیمۆکراسی لە ئاستی ناوچە (ئەورووپا) -دا بڕیار دەدرێ و لە ئاستی میللیدا پیادە دەکرێ.

NATO ش دەستپێک وەک بەرەیەکی نێواندەوڵەتی Intergovernmental ساز کرا، لە نێوان ژمارەیەکی کەمتری وەڵات و لە ماوەی تەنها چەند ساڵێکدا کرایە سازمانێکی تاراەیەک پتەو بە ڕێبەرایەتیی USA. پاش ڕمانی «شوورەی بەرلین» ساڵی 1989 و هەڵوەشانی سۆڤیەت چەند ساڵێک دواتر، سازمانی ناتۆ خۆی فرەواند بە وەرگرتنی وەڵاتی دیکەی کۆنە بلۆکی ڕۆژهەڵات.

باشترین پێناسە بۆ NATO ئەوەیە بڵێین سازمانێکی بەرژەوەندداری نێودەوڵەتیە بۆ ئەو وەڵاتانەی لایەنگری USA ن و ڕێبەرایەتیی ئەویان لە بواری دۆزی ئاسایشدا، سەلماندوە. NATO، بەدەر لە فەرمانی UN، چەند جارێک لەشکری ناردوە بۆ وەڵاتانی پەشێو. بەڵام لە جەنگی عیراقدا ساڵی 2003. USA لەگەڵ چەند هاوبەرەیەکی خۆیدا جەنگا، NATO بەشدار نەبوو.

**سازمانی بازرگانی جیهانی World Trade Organisation – WTO**

ئەرکی WTO بریتییە لە نەهێشتنی کۆسپی بەردەم بازرگانیی جیهانی و نموونەیەکە لە پەیوەستی جیهانگیر: ئەم سازمانە بەگشتی کراوەیە بۆ هەموو وەڵاتان بەڵام مەرجی ئەندامەتی تێدا سەختن. مێژووی WTO هێندەی مێژووی NATO درێژە بەڵام وەک ئەو سەرکەوتوو نییە. لە WTO دا مافی دەنگدانیان یەکسانە بەڵام ڕێساکان وەها دارێژراون کە هەموو وەڵاتێک مافی ڤیتۆ Veto ی هەیە، بەکاری دێنێ دژ بە پێشنیازێک لە بەرژەوەندی خۆیدا نەبێ. بە کردەوەش وەڵاتانی هەژار دەخرێنە ژێر پەستانی بەهێزەوە تا پێشنیازی وەڵاتە زەنگینەکان لە ڤیتۆ نەدەن.

بەمجۆرە، بێنەوبەرەی کۆیەکیی نێو WTO خزمی بێفەرمانییە، پێشکات هیچ دەستەبەرێک نییە بۆ پێکهاتن. ژمارەی ئەندامانیش هێند زۆرە، پرۆسەی بڕیاردان خاو دەکاتەوە. لەبەر ئەوە هەم USA و هەم EU، بێ پرسی WTO، پەنا دەبەنە بەر بێنەوبەرەی دوولایەنە لەگەڵ چەند وەڵاتێکی هەژاردا. زۆر جار هەلومەرجی وەڵاتی هەژار بەم کارە لاوازتر دەبێ بەراورد بە بێنەوبەرەی کۆیەکی.

ئەم خشتەیەی خوارەوە پێشان دەدات کە تەنانەت سازمانە بنەڕەتییەکانی سەربە UN کەماسیی دێمۆکراتانەیان هەیە. لە سەرەتاوە گشت بنگەکانیان وەها ساز کراون، یان بە کۆنترۆڵی ڕۆژەڤ یان بە سەنگی دەنگ، جڵەویان بە دەست براوەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بێ، بە ڕێبەرایەتیی USA. سۆڤیەت کاتی خۆی، هەموو ئەو سازمانگەلەی وێل کرد، UN نەبێ.

| بەشداریی جوست | |
|---|---|
| سازمان | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| UN | لەوانەیە، لە بەشێکی دۆزەکاندا لە ئۆرگانی ڕاوێژکارانەی UN دا. لە ئەنجومەنی ئاسایش- دا تەنێ 5 ئەندام بنەڕەتین. |
| بانکی جیهانی IBRD | لەوانەیە، لە چەند دۆزێکدا، بەڵام مەرجی وام و وامسڕینەوە لە واشینگتۆن دەدرێن. |
| IMF | لەوانەیە، لە چەند دۆزێکدا، بەڵام مەرجی وام و وامسڕینەوە لە واشینگتۆن دەدرێن. |
| WTO | نەخێر. وڵاتی هەژار دەرفەتی دەنگ هەڵبڕینی کەمترە لە زەنگین. |

| جڵەوگرتنی ڕۆژەڤ | |
|---|---|
| سازمان | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| UN | نەخێر. 5 ئەندامی بنەڕەتیی ئەنجومەنی ئاسایش مافی ڤیتۆیان هەیە بەرانبەر دەستکاریی دەستووری UN. |
| بانکی جیهانی IBRD | نەخێر. USA بەتەنێ بە هێزی دەنگی خۆی دەتوانێ گشت پێشنیازێکی دەستکاریی دەستوور ڕەت بکاتەوە. |
| IMF | نەخێر. USA بەتەنێ بە هێزی دەنگی خۆی دەتوانێ گشت پێشنیازێکی دەستکاریی دەستوور ڕەت بکاتەوە. |
| WTO | نەخێر. بە کردەوە چەند وڵاتێک بە ڕێبەرایەتی: USA، کەنەدا، EU و ژاپۆن بەر لە جڤینی ئایەندە، ڕۆژەڤ دادەڕێژن. |




| دەنگدانی یەکسان | |
|---|---|
| سازمان | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| UN | نەخێر. ئەندامانی بنەڕەتیی «ئەنجومەنی ئاسایش»مافی ڤیتۆی هەیە لە گشت پرسێکدا. |
| بانکی جیهانی IBRD | نەخێر. هێزی دەنگی هەر وڵاتێک بەندە بە بڕی سەرمایەی تەرخانەوە. |
| IMF | نەخێر. هێزی دەنگی هەر وڵاتێک بەندە بە بڕی سەرمایەی تەرخانەوە. |
| WTO | ئەرێ. بەڵام بڕیاری کۆدەنگ دەبێتە کۆسپ بۆ وڵاتی هەژار خۆ ڕاگرێ بەرانبەر پەستانی زەنگینەکان. |

| ئەندامەتیی هەمەگیر - ئایە هەموو بەشدارن | |
|---|---|
| سازمان | مەرج پڕ دەکاتەوە؟ |
| UN | نەخێر. ڕاستە هەموو وڵاتێک بۆ هەیە ببێتە ئەندام، بەڵام نەک لە «ئەنجومەنی ئاسایش»ی دەسەڵاتداردا. |
| بانکی جیهانی IBRD | ئەرێ. بە مەرجێک وڵاتەکە بەپێی ئابووری خۆی یارمەتیی سەرمایەی IBRD بدات. |
| IMF | ئەرێ. بە مەرجێک وڵاتەکە بەپێی ئابووری خۆی یارمەتیی سەرمایەی IMF بدات. |
| WTO | ئەرێ. هەموو وڵاتێک دەتوانێ داوای ئەندامەتی بکات. |

## چەند سازمانێکی جیهانگیر و «پێوانەکانی دێمۆکراسی»

سەرنج دەری دەخات پێوانەکانی دامێن مەرجی فەرمییان هەیە و ئەوانەی باڵا مەرجی ناوەڕۆک: «ڕۆژەڤ» پەیوەندی هەیە بە بابەتی دۆزەکان، «دەرفەتی یەکسان» دەربارەی «بەشداری» ـیە، «دەرککردن» پێویستی بە توانای تاڕادەیەک یەکسان و گونجاو هەیە.

گفتوگۆیەکی گەرم هەیە دەربارەی چۆنیەتیی ڕیفۆرمی UN. گەر سەیری لایەنی «دەرخون» Output بکەین – واتە چوستاندنی فەرمانبەری بۆ وەدەست هێنانی بڕیاری باشتر – جۆرێک پێشکەوتن ڕووی داوە. دێمۆکراتاندنی لایەنی «داخون» Input – واتە پڕۆسەی بڕیاردان لە «ئەنجومەنی ئاسایش» Security Council و «کۆڕی گشتی» General Assembly – پێویستی بەوە هەیە دەوڵەتە بەهێزەکانیش ئامادە بن هەم دەسەڵات بۆ UN چۆڵ بکەن و هەم دابەشینیەوە دەسەڵات لە نێو سازمانەکانی UN دا بسەلمێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پێوانەکانی دێمۆکراسی هەرگیز لە ئێستا باشتر پڕ نەکراونەتەوە، دەبێ بزانین کە UN سازمانێکی بەرژەوەندپارێزی «دەوڵەتان» ـی جیهانە نەک «میللەتان». هەتا ئێستاش لەسەر ئاستێکی جیهانیدا هیچ ڕیشاڵێکی نوێنەرسالاری بەدیار نییە. ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەت هەرچەندێک بێ، تەنها یەک نوێنەری دەبێ لە «کۆڕی گشتی» دا.

دۆزی بنەڕەتی ئەمەیە: هەتا دێ پرسی وەها زیاد دەبێ کە ناکرێ لە چێوەی ڕۆژەڤی میللیدا چارەسەر بکرێن، ئەدی «بڕیاری کۆبەند» Collectively Binding Decisions لە کام ئاستدا بدرێ باشە؟ جڵەوی ڕەوتی سەرمایە و زانیاریی جیهانگیر بە دەست هیچ وەڵاتێکەوە نییە. هەموو وەڵاتێک کێشەی هەیە لەگەڵ شەپۆلی ئەو هەموو خەڵکەی سنووران دەبەزێنن. هیچ وەڵاتێک بە تەنێ دەرووەستی تاوانکاری، پەتا، ژینگەشێوان و کەشوهەوا گۆڕین نایەت. ئەم پرسانە تەنها لە چێوەی بەرینتری ناوچەگیر و جیهانگیردا چارەسەر دەکرێن. ئەوجا پرسی ئاساییش دەمینێ، ئەمیان تەنها چارەی جیهانگیری هەیە.

## جەخت لەسەر ڕۆژەڤ

**مەبەست**

ڕوونکردنەوەی گرفتی ڕۆژەڤە لە ڕێی ڕووماڵکردنی دۆزە سیاسییەکانی گرووپی کار (بڕوانە هاوپێچەی مێتودنامە).

**پاشخان**

سێ کوڕ شەڕیان بوو لەسەر سێوێک. بابایەک پەیدا بوو، هاواری لێکردن:

- کوڕینە، نابێ شەڕ بکەن. شەڕ تەنها شەڕی بەدەمەوەیە.
- ئازاد گوتی: جا بە تۆ چی، پیرەمێرد!
- چۆن بە من چی، من مامۆستام لەم فێرگەیەدا.
- ئازاد گوتی: ئەوجا چی؟
- لەم فێرگەیەدا ڕێ بە شەڕ نادرێ.
- نەوزاد گوتی: ئەوجا چی؟
- ئای! ئەمە بڕیاری ئەنجومەنی فێرگەیە و بە شێوازێکی دیمۆکراتانە دراوە.
- ئاها! ئەدی تۆ دەزانیت ئێمە کێین؟ ئێمە «کۆمکاری سێ شاسوارەین» و پاش هەڵسەنگاندنێکی ژیرانە، کۆدەنگ بڕیارمان دا جەنگێکی سەروەرانە بەرپا بکەین لە پێناو سێوەکەدا.

دەشێ دۆزی ڕاستینە دەربارەی بابەتی گرینگتر بێ. بەڵام مەبەست گەر ئەوەندە نەبێ خۆ لە شەڕ لادەین، بگرە خۆ لە کەسانی خۆسەپێنیش لادەین، ئەوا بە ئاسانی گرفتی لەم بابەتە دێتە ڕێ: لایەنەکانی ناکۆک سەربە پەیوەستی جودان و خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن. ئەم گرفتی ڕۆژەڤە دەکرێ چارە بکرێ گەر لایەنەکان ساختارێکی هاوکۆی دیمۆکراتانە بسەلمێنن. بۆ نموونە:

- ڕێساکانی فێرگە لە جڤینێکی بەرفرەواندا بدرێ، تێیدا هەم ئەنجومەنی فێرگە و هەم «شاسوارەکان» وەک هاوزێدی یەکسان بەشدار بن.
- ڕێساکان لە لایەن ئۆرگانێکەوە بدرێ ئەندامەکانی نوێنەری هەڵبژاردەی هەموو لایەنەکان بن و بە شێوەیەکی دیمۆکراتانە هاتبنە هەڵبژاردن.

1) تێمای بەر سێرە

«پرسی هەنووکەیی کە گرینگە چارە سەر بکرێن».

2) ڕووماڵکردن

گرووپ پێک بهێنن ئەوپەڕی 6 ئەندام بن. هەر ئەندامێک 5 پرسی هەنووکەیی، هەر دانەی لەسەر کاخەزێکی Post-It بنووسێت.

3) پۆلێن و پێشەمی

- لە هەر گرووپێکدا، ئەندامان پرسەکانی خۆیان بۆ یەکتر باس دەکەن و کاخەزەکان دەستە دەستە جودا دەکەنەوە. کاخەزی هاوپرسیار دەخرێنە سەر یەک.
- هەموو ئەندامێک نیشانەی X یَک دەدات لەو پرسانەی پێی وایە دەبێ لەپێشتر بن
- بەگشتی گرووپەکە هەفت کاخەز هەڵدەبژێرن لەوانەی زۆرترین X یان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی داهاتوو.

4) هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستا

پێشەمی دانی هاوکۆ بە پرسی گرینگی ئەمڕۆ، چۆن و لە کوێ دەکرێ؟ هەر یەک لەو هەفت پارچە کاخەزەی هاتە هەڵبژاردن لە ستوونێکی ئەم خشتەیەدا جێگیر بکەن.

1- کەسەکی — لە لایەن بەشداربوانەوە

2- نێوخۆ — لە نێو ئەو گرووپ و سازمانەی ئەندامەکان تێیدا بەشدارن

3- بێنەوبەرە - لەگەڵ لایەنێکی دەرەکی بەڵام نەک بڕیاری فەرمانگەی دەسەڵات

6-4 بڕیاری شارەوانی (کۆمیون)، میللی یان نێودەوڵەتی — بۆ پرسی وەها کە پێویستی بە بڕیاری یەک لەو ئاستانە هەیە

7- ناڕوونە - ئەم ستوونە بۆ ئەو پرسانەیە کە جێگەیان ئاشکرا نییە

| 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نارِوونە | بڕیاری نێودەوڵەتی | بڕیاری میللی | بڕیاری شارەوانی | تەنها بێنەوبەرە | نیوخۆ | کەسەکی |

5) شرۆڤەی هاوکۆ

ئەنجامی کاری گرووپەکان بەراورد بکەن. جەخت بخەنە سەر دۆزە سیاسییەکان (ستوونی 3-7) و هەوڵ بدەن دۆزە «نارِوون» ـەکان ساخ بکەنەوە:

- ئایە تێکەڵەی بڕیاری فرەئاستە؟ بارودۆخی وەها چۆن چارە دەکرێ بێ ئەوەی تووشی کێشەی «بەستێنی دەسەڵات» بین (واتە بواری دەسەڵاتی ئەمە یان هی ئەو)؟
- لەم ڕۆژگارەدا هیچ پەیوەستێک هەیە ئەم پرسەی لە ڕۆژەڤی خۆیدا هەبێ؟ گەرنا، کامە ستراتیژ بگرینە بەر باشە بۆ ئەوەی لە ئایەندەدا چارەسەر بکرێت؟

**تێبینی**

زۆر جار «گرفتی ڕۆژەڤ» بۆ خۆی سەخت و ئاڵۆزە بۆیە بە ئاسانی گرووپەکان ناتوانن ستوون بۆ هەموو پرسەکان بدۆزنەوە. هیچ پەیوەستێک نییە - تەنانەت دەوڵەتانی سەروەریش – هێندە خۆفەرمان بن ئەندامانی بتوانن کۆنترۆڵیان هەبێ بە سەر «ڕۆژەڤێکی تەواو کراوە» -دا کە ڕێیان بدات هەر دۆزێکی مەبەستیان بێ بیخەنە بەرباس.

زۆر جار میللەتێک تووشی گێچەڵ دەبێ لە ئەنجامی کاری لایەنێکی دەرەکی. جاریش هەیە لایەنی دەرەکی دەکەوێتە بەرتاوی بڕیاری ئەم پەیوەستە. ئەم گرفتە - ی جیاوازیی میللەت و کەسانی پەیوەندیدار (بڕوانە چاپتەری «ئەلفوبێی دێمۆکراسی») – بەگشتی دەکرێ چارە بکرێ گەر:

- هەر کەسێک دەسترِەسی هەبێ بۆ چەند پەیوەستێک کە گشتیان وێکڕا دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەیە لە هەموو دۆزە گونجاوەکاندا و
- ئەو پەیوەستانە بڕیار لە هەمان جۆر پرسیاردا نەدەن

**فێدەرالیزم**

ئەمیان سیستەمێکە تێیدا نهۆمی تەواو جیاوازی بڕیار هەیە. بۆ نموونە دەوڵەت کە تارادەیەک یەکەی سەربەخۆیە و خاوەنی ڕۆژەڤی تارادەیەک کراوەیە، لە بواری جیاوازی وەک فێرکاری، کاروباری جڤاکی، ساخڵەمی و هتد بڕیار دابەش دەکات بەسەر یەکەی دیکە لە نهۆمی ژێرتردا، وەک شارەوانی. ئەم یەکە بچووکانە، ڕۆژەڤی «سنووردار» یان دەبێ: هەر یەکەیان بواری پرسی تایبەتی خۆی هەیە بڕیاری تێدا بدات.

ئەوجا بە هەمان شێوە، دەوڵەتان دەتوانن دۆزی دیکەی باڵاتر — وەک ئاساییش، بازرگانی و هتد- بە پەیوەستی مەزنتری نێودەوڵەتی بسپێرن.

ئەم سیستەمەی خاوەن یەکەی جیاواز لە نهۆمی بڕیاری جیاوازدا دەکرێ ببێتە سیستەمێکی فەریکە دێمۆکرات، گەر:

- یەکەکان لە ساختارێکی ڕوون و ڕێکوپێکی فێدەرالدا گرێدراوی یەک بن، و لەوێدا
- ڕۆژەڤ لە نهۆمێکی ژێرەوەدا تارادەیەک کراویە بەڵام لە نهۆمی دیکەدا تەواو سنووردارە

زۆر جار ئا لێرەدا کورتی دێنێ. مرۆڤ کە نەزانێت کێ چی ڕادەسپێرێ بە کێ، دیارە کەس نابێتە بەرپرس. دۆزی گرینگیش دەمێنن بێ ئەوەی جێگەیان دیار بێ.

ئەم «گرفتی ڕۆژەڤ» ـە لە سیستەمی مەزنی نوێنەرسالاردا — کە مەودای نێوان دەسەڵاتداران و میللەت تێیدا فرەوانترە - خراپتر دەبێ. گەر نوێنەران لێیان بگۆڕێ و ببن بە «ئەوانەی سەرەوە» کە خەریکی خەمی خۆیانن، ڕێگە خۆش دەبێ بۆ «نا-چارەسەر» ی خاترگیری و بەوەش نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» تەنها بازنەی خۆیان دەگرێتەوە و ڕێبەری کاریزمادار وەڵات لە «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» پاک دەکاتەوە.

**UN و دادی نێودەوڵەتی** International law

**لەم پاشخانە تیۆرییەدا**

- ڕوانگەی گشتیی «دادی نێودەوڵەتی» پێشان دەدەین و ئاماژەش بەو هەڕەشانە دەکەین کە بەرەنگاری دەبنەوە بە بۆنەی جەنگی سنووربەدەری تێرۆر
- نۆرە (ڕۆڵ) ی UN پێشان دەدەین لە سیستەمێکی خۆشڕەوتدا بۆ مافی مرۆڤ.
- لە کۆتاشدا نۆرەی ئەو پرنسیپە بنەڕەتییانەی دیمۆکراسی پێشان دەدەین لە خەباتدا بۆ ڕاهێزانی ئەو سیستەمەی ئەمرۆ لە ئارادن بۆ مافپارێزی

**«دادی نێودەوڵەتی» و جەنگی دژەتێرۆر**

«دادی نێودەوڵەتی» - بڕوانە ئەم هێلکارییە ساکارەی خوارەوە - ئەم چەند ساڵەی ڕابورد درایە بەر پەستانێکی گەورە لە ڕێی تەک (کار) ی سنوورانبەزێنی نمایشکاری تێرۆریستانە لە لایەک و بەرتەکی تۆڵەسەندنیان لە لای دیکەوە.

هەر چەند هەفتەیەک پاش پەلاماردانی World Trade Center لە 11 سێپتەمبەری 2001، USA توانی منداتی جەنگێکی سنووربەدەر، دژی تێرۆر لە UN وەر بگرێ. بەرەی USA یەکەم ئامانجیان پێکا و حکوومەتی تاڵیبانی ئەفغانستانیان ڕووخاند. ئەم حکوومەتە هێرشبەرانی تۆڕی «ئەلقایعدە» یان داڵدە دابوو.

هەڵبەت دەکرا لە بری جەنگ ئەو پەلاماردانە بە ڕێگەیەکی پۆلیسیی جیهانگیر چارەسەر بکرێ. تێرۆریزم زێدێکی دیاریکراوی تایبەتی نییە بیکاتە بارەگە، تێرۆریستان ڕژێمی سەلمێنراوی فەرمی نین. نامۆکارن و زۆر جار لە هێرشی سنووربەزێندا خەڵکی مەدەنی بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو تووش دەکەن. مەبەستیش پەخشانی ترس و بێمتمانەییە بە توانای دەزگەکانی بەرپرس لە دابینکردنی قانوون و ئارامی. بەڵام ئەوسا ئەم تێرۆریستانە دەچوونە خانەی کەسانی بەرگومانی تاوان و دەشکرا سیستەمی مافی مرۆڤی سەربە UN پارێزەریان بێ.

USA – بە سەلماندنی UN ـەوە - ڕێگەی جەنگی هەڵبژارد. هاوکات ڕژێمی تاڵیبان و لایەنی هاوبەرەیان بە «جەنگاوەری ناقانوونی» ناسران و بەوەش «دادی نێودەوڵەتی» لە کار خرا. UN بە کردەوە خۆی لە بارێکی «تەنگانەی جیهانگیری» دا، دیبەوە، نە قانوونی جەنگ کارا بوو نە هی ئاشتی.

پاش ماوەیەک، ساڵی 2003، لەشکری USA پەلاماری عیراقیان دا، بەڵام ئەمجارە سەرۆک بوش Bush وێڕای هەوڵێکی زۆر، «ئەنجومەنی ئاسایش» پێ ساز نەبوو. دژ بە دەستووری UN – و لەویشەوە دژ بە «دادی نێودەوڵەتی» - USA هێرشی بردە سەر عیراق و سەدام حسێنی دیکتاتۆری وەڵاتەکەی خست. بەڵام بوش ئاشتی لەدەست دا. ئەوا چوار ساڵ ڕابورد و لەشکری USA هێشتا لە عیراقە و گیرۆدەی شەڕێکی نوێی نێوخۆیە لە نێوان گرووپانی سوننە و شیعە بە خۆیان و بۆمبی خۆکوژییانەوە کە زیادتر ئاڕاستەی خەڵکی سیڤیل دەکرێ.

**«دادی نێودەوڵەتی»**

**«دادی مرۆڤدۆستانە»**
(بۆ کاتی جەنگ)

- پەیماننامەکانی جێنێڤ 1859-1949
- پەیماننامەکانی هاگ 1907- ...

**«مافی مرۆڤ»**
(بۆ کاتی ئاشتی)

6 پەیماننامەی بنەڕەتی

- مافی سیڤیل و سیاسی، لە ساڵی 1976 ەوە کارایە
- مافی ئابووری، فەرهەنگی و جڤاکی، ساڵی 1976
- دژ بە هەڵاواردنی ڕەگەزی، 1969
- مافی ئافرەتان، 1981
- دژی ئەشکەنجە، 1987
- مافی منداڵ، 1990

**بواری دیکە**

- ڕێسای سازمانەکانی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە دەستووری UN ساڵی 1945
- پەیوەندیی دیپلۆماسی
- فڕینی سیڤیل
- قانوونی زەریا

تێبینی بکە USA هەر دوو جارەکە هەوڵی دا سەلماندنی دەستتێوەردان لە UN وەربگرێ. دەیویست فەرمانی UN ی هەبێ و «ڕەوایەتی» هێرش بردن وەربگرێ. لە شەڕی عیراقدا بۆی نەچوە سەر، ئەوجا دژ بە سەروەریی UN ڕێگەی خۆی گرتە بەر.

ئەم ڕەفتارە پرنسیپبەدەرەی USA ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی دووتیخە (دوو دەمە) بەرانبەر «دادی نێودەوڵەتی» و «مافی مرۆڤ». لە سەرێکەوە: کەم وەڵات هەیە هێندەی USA لە سیاسەتی نیوخۆدا «ماف» ی کردبێتە بنەما. «مافی موڵکایەتی» شابنەمایە و کێشەی سیاسی زۆر جار وەک دۆزی مافپەروەری ڕاپێچی دادگە دەکرێت. لە سیاسەتی دەرەکیدا USA لە سەرانسەری جیهاندا پشتیوانی لە خەباتکارانی مافپەروەر دەکات کە هەوڵ دەدەن بۆ دامەزراندی سیستەمێکی فەریکە دێمۆکرات.

لە سەرێکی دیکەوە، USA ماف بە دۆزێکی میللی خۆی دەزانێ و ڕێ نادات سیستەمێکی جیهانگیر سەروەریی ئەم سنوورکێش بکات. بۆیە USA لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەو شابنەمایە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ «کەس لە ژوور قانوونەوە نییە» چونکە ئەو هیچ قانوونێکی ڕەوا لەو ئاستەدا ناسەلمێنێ.

گەر ئەم هەڵوێستە لە نێو هەموو دەوڵەتاندا گشتی با، ئەوسا «دادی نێودەوڵەتی» دەبوە گوتەی بێناوەڕۆک و ئەوساش تێرۆریزمی سنووربەدەر ئامانجی خۆی دەپێکا: بیرۆکەی «سەروەریی قانوون» لە سەرانسەری جیهاندا پەکی دەکەوت.

**سیستەمێکی گورج بۆ «مافی مرۆڤ»**

سیستەمی مافی مرۆڤ بەندە بە لێککاری Interaction یەکی گورجی نێوان سێ هاوکار: UN وەک سازمانێکی جیهانگیر، دەوڵەتانی ئەندام و ئەوجا مرۆڤ وەک تاکەکەس. گەر هاوکاران نۆرەی خۆیان لەم گەمەیەدا نەسەلمێنن، ئەوا «مافی مرۆڤ» دەبێتە بابەتی ڕەوانبێژی و ماکی «دادی نێودەوڵەتی» ی پێوە نامێنێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە دەڵێین: ماف جۆرێکە لە نۆرم، تێیدا مرۆڤ داوای یان چاوەڕێی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە کەسێکی دیکە دەکات. لەم نۆرمەدا، جگە لە بیرۆکە و ماکی سۆزدارانە، ساختارێکی جڤاکیش هەڵدەبەستێ، وەک ئەوەی دایکوباوک (ی نۆرمبەخش) ڕینوێنی منداڵ (ی نۆرمگیر) ە. کە دێتە سەر «ماف» ئەم ساختارە سێ لایەنی هاوکاری هەیە:



- لایەنی نۆڕمبەخش Originator
- لایەنی نۆڕمگیر Recipient کە نۆڕمەکە وەک ئەرک دەگریتە ئەستۆ،
- لایەنی ئۆبژەی نۆڕم Object کە خاوەن مافە و کە نۆڕمەکەی ئاڕاستە دەکریَ.[8]

دەوڵەتێک کە پەیماننامەیەکی UN ی سەلماند، بەرانبەر «دادی نێودەوڵەتی» ئەرکی لەسەرە بەرانبەر میللەتی خۆی بەوەی مافەکانی نێو ئەو پەیماننامەیە دەستەبەر بکات. ئەم باسە لە گرێبەستێک دەچیَ لە نێوان سیَ لایەندا کە تێیدا مەرجی ناوتۆژ و باریکنووس هەبیَ:

- UN ئەو دەوڵەتە دەسەلمێنیَ
- ئەو دەوڵەتە باڵادەستیی UN لە چەند بوارێکدا دەسەلمێنیَ
- هاوزێدی ئەو دەوڵەتە، بەرانبەر ئەوەی دەوڵەت مافەکانی دەستەبەر دەکات، ئەویش ئەرکی خۆی بەرانبەر ئەو دەوڵەتە بەجیَ دەهێنیَ – بۆ نموونە قانوونی دەوڵەت پەیڕەوی دەکات و باج دەدات

چەندین دەوڵەت هەن چەندین پەیماننامەی UN یان نەسەلماندوە و واژۆیان نەکردوە. لەو بارەشدا ئەو دەوڵەتە لە ڕووی قانوونەوە پابەندی ئەو پەیماننامەیە نییە. لە سەرێکی دیکەوە، زۆری ئەو دەوڵەتانەی کەمترین ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرن، هەر شەش پەیماننامە بنەڕەتییەکەی UN یان سەلماندوە.[9] لەم بوارەدا سینیزم Cynicism بەربڵاوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی «مافی مرۆڤ» بەراورد بە سەردەمی دامەزراندنی UN ئێستا بە شێوەیەکی بەرهەست پێشکەوتوە:

- کۆچەرخ Machinery ی چاودێریی نێو UN هێشتا لاواز و بیرۆکراتانەیە، بەڵام ڕیفۆرمکارییەک لە ئارادایە - بۆ نموونە ئەو ئەنجومەنە تازەیەی مافی مرۆڤ.
- «دادگەی ناوچەیی» هاتۆتە دامەزراندن و باشتر لە دادگەی میللی (دەوڵەتی) دەتوانیَ چاودێریی مافی مرۆڤ بکات. نێزیکە 20 دەوڵەتێکی نێوەند و لاتین ئامەریکا چوونە ژێر باری سەلماندنی «دادگەی ئینتەرئامەریکا» Inter-American Court of Justice. «دادگەی ئەورووپایی مافی مرۆڤ» European Court for Human Rights دەسەڵاتی قانوونی بەسەر نێزیکەی 40 دەوڵەتدا هەیە. ساڵی 2006 «دادگەی ئافریقایی» African Court هاتە دامەزران.
- ساڵی 2002 «دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی» International Criminal Court بۆ دادپرسی لە جێنۆساید و تاوانی دیکەی دژەمرۆڤایەتی.

---

[8] Johan Galtung, *Human rights in a new key*, Polity Press, 1994

[9] - بڕوانە سایتی Raoul Wallenberg Institute
http:www.rwi.lu.se/tm/ThemeMaps.html

- سازمانی دەوڵەتبەدەر Transnational ی دڵخوازی وەک Amnesty و Human Rights Watch کارێکی گرینگ دەکەن بۆ پەخشانی زانیاری لە هەموو جیهاندا و هەروەها پەیجۆریی پیادەکردنی پەیماننامەکان.
- چەندین دەوڵەت و سازمانی دڵخوازی وەک Oxfam هاوڕێ لەگەڵ «بەرنامەی فراژووتنی ئابووریی UN» (UN programme for economic development (UNDP کارێکی «مافپەروەرانە» دەکەن بەتایبەتی دەربارەی مافگەلی ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگی.

**چێوەیەکی «مافپەروەرانە» ی فراژووتن**

کار بۆ گەشەکردن لە چێوەیەکی «مافپەروەرانە» دا، دوو ستراتیژی هەیە:

1. دەوڵەت ببێتە دەستەبەری مافی مرۆڤ
2. ڕاهێزانی دەرفەتی میللەت بۆ داکۆکی لە مافی خۆی

**دەوڵەت ببێتە دەستەبەری مافی مرۆڤ**

بەهای بنەڕەتی کە دەبێتە بنەما بۆ ستراتیژی یەکەم بریتییە لە نۆڕمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان»: گەر هەموو مرۆڤ هاوبایەخن ئەوا بەرژەوەندی هەموان شایانی هەمان ڕەچاوگرتنە. هەموو سنووربەزێنییەکی مافی مرۆڤ بەزاندنی ئەم نۆڕمەیە، گەر ڕووی دا ئەوا دەوڵەت پەرپرسایەتیی خۆی جێبەجێ نەکردوە. لەوەش بترازێ زۆر جار فەرمانگەی دەسەڵات خۆی ئەم سنووربەزێنییە دەکات. لایەنی سنووربەزێن دەستەبەر بێ، وەک ئەوەیە گورگ پاسەوانی مێگەل بێ.

کەواتە خەبات بۆ دادگەیەکی بێلایەن هەنگاوێکە ڕووەو چارەسەر. ڕاستە بە دەگمەن نەبێ تاوانی دژە مافی مرۆڤ ناگاتە بڕیاری تاوانبارکردن لە وەڵاتی ڕووداوەکەدا، بەڵام دەرفەت زیادترە گەر دادپرسییەکە بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستێکی بان-دەوڵەتی.

هەنگاوێکی دیکەی گرینگ لەم ستراتیژەدا بریتییە لە ڕاهێزانی بنگەی FD بۆ ئەوەی بەرپرسان لە بواری دەسەڵاتی سیاسیدا ڕکابەریان لێ پەیدا بێ (بڕوانە چاپتەری «دەوڵەتێکی فەریکە دیمۆکرات»).

دوا خاڵی گرینگیش ئەوەیە مرۆڤ لە کاری چاودێری و بیروڕا سازکردندا، هەردەم لەیادی بێ: مافی مرۆڤ گەردوونگیر Universal ە - سیستەمێکی جیهانگیر پێک دێنێ نێوەندەکەی UN ـە.

**ڕاهێزانی دەرفەتی میللەت بۆ داکۆکی لە مافی خۆی**

ستراتیژی دوەم لە خەباتدا بۆ گەشەکردن لە چێوەیەکی «مافپەروەرانە» دا، بریتییە لە ڕاهێزانی دەرفەتی میللەت بۆ داکۆکی لە مافی خۆی. گەر مرۆڤ مۆدێلی «ئەلفوبێی دیمۆکراسی» بسەلمێنێ ئەم خاڵە دەبێتە بەڵگەنەوسیت. لەوێدا «ڕێسای سەرفەرازیی کەسەکی» ڕێک دەڵێ مرۆڤ هێندە توانایە خۆی باشتر بەرژەوەندی خۆی هەڵسەنگێنێ.

ئێمە لە دونیایەکدا دەژین خەرەندی قووڵی هەیە، زۆرینە هەر ئەوەندە فریا دەکەوەێ گوزەرانی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات، دەستەیەکی کەمیش دەتوانێ بەشێکی بەرینی ئارەزووی خۆی تێر بکات. کەواتە کارێکی ژیرانە نییە چاوەڕێی خەباتی ئەو دەستە دارایە بین بۆ ڕێکخستنەوە و دابەشینەوەی دەرامەد بە جۆرێکی وەها، لە ئاستێکی جیهانگیردا، دەرفەت ساز بکات بۆ هەموان بە یەکسانی بەرژەوەندی خۆیان دابین بکەن. خەڵکیش دەبێ بکەونە خۆیان، بۆ نموونە لە ڕێ کارکردن لە سازمانە دیمۆکراتەکانی خۆیاندا.

ئەمەیان چۆن جێبەجێ دەبێ؟ تەنانەت ئەم جۆرە خەباتە بۆ کاری «مافپەروەرانە» گرفتی هەیە: مرۆڤ چۆن دەتوانێ دەرفەتی «ئەوان» بەهێز بکات بێ ئەوەی خۆی بکاتە گەورە و چاودێریان؟ مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر بەرەنگاریی وەهادا، دەبێ ئەم خاڵانەی لێی ڕوون بێ:

- شێوازە جیاوازەکانی فەرمانڕەوایی چین،
- هەلومەرجی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی شێوازی دیمۆکراسی کامەیە،
- ئەوجا چی بکەین باشە بۆ گەیشتن بەو هەلومەرجە.

**مەبەست**

دەرفەت بە بەشداربوان بدە بۆ ئەوەی:

- چالاکانە خەریکی «مافنامەی مرۆڤ» - بن.
- سەرنج بدەنە جیاوازیی نێوان بیرۆکەی ئەبستراکت و گوزەرانی ڕۆژانە.

**1) «بیرۆکەبارانە»**

بەشدابوان دابەش بکە بەسەر گرووپی 5-6 کەسیدا و ئەمەش ڕێنوێنی:
«گریمان سبەی تووشی پێشهاتێکی کوشندە دەبیت. لە سەرەمەرگدا پێشنیازێکت پێشکەش دەکرێ کە جارێکی دیکە بزێیتەوە (بێیتەوە دونیا)، بەڵام نە وەڵاتی تازەت لێ دیارە نە پێگەی جڤاکیی خێزانت. لە ئاست پێشنیازی وەها ڕیسکداردا چی دەکەیت؟
وردتر بڵێین: هەلومەرجی ژیانێکی تاڕادەیک گونجاو، چییە؟ کامە هەلومەرجەی بنەڕەتی دەبێ دابین بێ بۆ گوزەرانێکی مرۆڤدۆستانە؟ وەڵامەکان، هەر یەک لەسەر پارچە کاخەزێکی Post-It بنووسن. هەتا دەکرێ خاڵی بەرجەستە (کۆنکرێت) داڕێژن».

**2) «مافنامەی مرۆڤ»**

نووسیارەکەی «مافنامەی مرۆڤ» بەسەر بەشداربواندا دابەش بکە و دە خولەکیان بدەرێ بیخوێننەوە. هەتا ئەوان تەواو دەبن، ئەم سەرەدێڕانە لەسەر کاخەزێکی گەورە بە خەتی درشت بنووسەوە و پاشان کاخەزەکە بە دیواردا وەها هەڵواسە لە هەموان دیار بێ:

**«مافنامەی مرۆڤ»**

- بەندی 1 دەروازە
- بەندی 2–5 ئازادی و مافی بنەڕەتی
- بەندی 6–12 دەستووربەندی
- بەندی 13–15 هاوزێدەتی و ئازادیی گەڕان
- بەندی 16–17 خێزان و موڵکایەتی
- بەندی 18–21 مافی سیاسی و مەدەنی
- بەندی 22–27 مافی ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگی
- بەندی 28–30 نیودەوڵەتی

**3) پۆلێن و بەستنەوەی «پێداویستی» و «ماف»**

- داوا بکە هەر گرووپەی وێکڕا «پێداویستیی بنەڕەتی»ی «بیرۆکەبارانە»ی خۆیان پۆلێن بکەن
- کام لەو خاڵانەی گرووپەکە دیاریی کردوون، لە تابلۆی «مافنامەی مرۆڤ» دا بە ڕوونی هاتۆتە دەربڕین؟ (بۆ نموونە «خۆشەویستی» لەوێدا نەهاتوە).
- لەسەر کاخەزێکی گەورە هەر گرووپەی سەرەدێڕەکانی تابلۆی «مافنامەی مرۆڤ» بنووسنەوە و بە دیواردا هەڵیواسن.

**4) گردکردنەوە و بیردانەوە**

- هەر گرووپێک پارچە کاخەزەکانی خۆی، لەسەر تابلۆی «مافنامەی مرۆڤ» ی خۆی، لە دەوروبەری ئەو سەرەدێڕەی گونجاوە، جێگیر بکات
- ئەوجا هەموو لەو دیمەنە ڕادەمێنین کە ساز بوە. ئایە سەردێڕ هەیە دەوروبەری پەرت و کاڵ بێ؟ خاڵ هەیە زۆر چڕ و پڕ بێ؟ شرۆڤەمان بۆ ئەم دیمەنە چییە؟
- ئەدی ئەو کاخەزانەی زیادەبوون باس لە چی دەکەن؟

**5) چارەی سیاسی**

بەم کارە، ئێوە وێکڕا چێوەیەکی سیاسیتان بۆ ئەو وەڵاتە داڕشت کە پێتان وایە تارادەیەک گونجاوە بۆ ژیانێکی ڕێزدارانەی وەها خۆتان بتوانن تێیدا بژین.

- نیشانەیەکی کەسک لەو کاخەزە بدەن کە پێتان وایە دەوڵەت دەبێ پێشەمی بەرزی بداتێ.
- نیشانەیەکی سوور لەو کاخەزە بدەن کە پێتان وایە دەوڵەت بە هیچ جۆرێک نابێ دەستی تێ وەردات.
- ئەم «نیشانەکاری» ـیە بخەنە گفتوگۆوە (بڕوانە پاشکۆی مێتودنامە): چ شیمانەیەک هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەت بەو جۆرە کار بکات کە ئێوە بیرتان لێ کردۆتەوە.

**تێبینی**

- بەگشتی دەوروبەری سەرەدێڕی «مافی ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگی» زۆر جار چڕ دەبێ، بەڵام سەرەدێڕی «دەستووربەندی» و «هاوزێدەتی و ئازادیی گەڕان» و هەروەها «خێزان و موڵکایەتی» دەوروبەریان پەرتە. ئەویان چڕە لەبەر ئەوەی گرێدراوی گوزەرانی ڕۆژانەیە بە هەموو واتاکێشەکیی بەرجەستەیانەوە. گرووپەکەی دیکەی ماف بەگشتی ئەبستراکتتر دێنە بەر هۆش. دەکرێ ئەمانیش لایەنی کەم وەک ئەوانەی دیکە گرینگ بن، بەڵام وەک ئەوان بە ئاسانی هۆش پێیان ناشکێ.
- لەو گردەی پارچە کاخەزی نەکرا لە تابلۆی «مافنامەی مرۆڤ» دا جێیان بکرێتەوە، زۆر جار دۆزی ژینگە دەدۆزینەوە. سەردەمی سەلماندنی «مافنامەی مرۆڤ»، ساڵی 1948، کێشەی شێواندنی ژینگە دۆزێکی سیاسیی هێندە گەرم نەبوو.
- جار هەیە کاخەزی وەها دەخزێتە نێو تابلۆی «مافنامەی مرۆڤی» ی گرووپەکان، پەیوەندیی وەهایان نییە بە مافنامەکەوە. تەنانەت پۆلێنی کاخەزەکان لە دەوری سەرەدێڕەکانیش جار هەیە دەبنە جێی سەرنج و گفتوگۆ. ڕێبەری بەرنامەکە نابێ ئەم وردەباسانە گەورە بکات.

**«مافنامەی مرۆڤ» - جاڕنامەی UN دەربارەی مافی مرۆڤ**

**Universal Declaration of Human Rights**

بەندی 1.

هەموو مرۆڤێک بە ئازادی زاوە و هەموان هاو بایەخ و مافن. مرۆڤ خاوەن هۆش و ویژدانن و دەبێ هەڵویستیان لە یەکدی برایانە بێ.

بەندی 2.

ئەم ئازادی و مافانەی لەم مافنامەیەدا باسیان هاتوە، هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەکی وەک، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، زایەند، زمان، دین، بیروڕای سیاسی، یان هی دیکە، ڕیشەی میللی یان جڤاکی، موڵکایەتی، ڕەچەڵەک، یان هەر پێگەیەکی دیکە بێ.

ئەوجا، نابێ هیچ جیاوازییەک بکرێ لەسەر بنەمای هەڵوێستێکی سیاسی، قانوونی یان نێودەوڵەتی، کە وەڵات یان ناوچەی ئەو مرۆڤە دەیگرێ، جا ئەو وەڵات یان ناوچەیە سەربەخۆ بێ، ژێر چاودێری بێ، خۆفەرمان نەبێ، یان هەر لایەنێکی دیکەی سەروەریی خۆی دۆڕاندبێ.

بەندی 3.

هەموو مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاساییشی کەسەکی هەیە.

بەندی 4.

نابێ هیچ مرۆڤێک بە کۆیلە و نۆکەر بگیرێ. هەموو جۆرێکی کۆیلەتی قەدەخەیە.

بەندی 5.

نابێ هیچ مرۆڤێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجە یان هەڵسوکەوت و سزای درِی، نامرۆیانەی ڕووشکێنەوە.

بەندی 6.

هەموو مرۆڤێک مافی هەیە لە هەموو بارێکدا وەک مرۆڤ بە واتای قانوونی بسەلمێنرێ.

بەندی 7.

هەموو کەس یەکسانە لە ئاست قانووندا و هەموو کەس بێ جیاوازی مافی یەکسانی پاراستنی هەیە لە لایەن قانوونەوە. هەموو کەسێک مافی یەکسانی هەیە بپارێزرێ لە هەموو جیاوازییەکی دژ بەم مافنامەیە و هەروەها دژ بە هەر سازکردنی جیاوازیی لەو بابەتە.

بەندی 8.

هەموو مرۆڤێک مافی هەیە لە لایەن دادگەی دەسەڵاتدارەوە یارمەتی کارا بکرێت بەرانبەر هەر کردارێک دژی مافی بنەڕەتی بێت کە دەستوور و قانوون دەیسەلمێنن.

بەندی 9.

نابێ هەر لەخۆڕا مرۆڤ بگیرێ، زیندانی بکرێت یان وەڵاتبەدەر بکرێت.

بەندی 10.

هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بە ئەوپەڕی یەکسانییەوە لە دادگەی سەربەخۆ و بێلایەندا دۆزەکەی بە ئاشکرا و دادپەروەرانە یەکلا بکرێتەوە، چ ماف و ئەرکی بێت چ تاوانێکی ئاڕاستە کرابێت.

بەندی 11.

1- هەموو مرۆڤێک کە بەرگومان بێت بە کردارێکی بەرسزا، مافی هەیە بە بێتاوان دابنرێ، هەتا ئەو دەمەی گوناهەکەی بە گوێرەی قانوون دەسەلمێندرێ لە دادگەی کراوەدا، کە هەموو دەرفەتێکی دەداتی بۆ دەستەبەرکردنی داکۆکیکردن لە خۆی.

2- هیچ مرۆڤیک نابێ سزا بدرێ بە کردارێک یان ناکردارێک کە کاتی ڕوودانی بە قانوونی میللی یان نێودەوڵەتی بەرسزا نەبووبێ (بە تاوان دانەنرابێ). ناشبێ سزایەک بدرێ گرانتر بێ لەو سزایەی دەمی ڕوودانی ئەو کردارە بەرسزایە ڕەوا بوە.

بەندی 12.

هیچ مرۆڤیک نابێ لەخۆڕا تووشی، دەستتێوەردانی ژیانی کەسەکی، خێزان، ماڵ و پەیوەندی بێ، یان پەلاماردانی شەرەف و ناوبانگ بێ. هەموو کەسێک مافی پاراستنی قانوونیی هەیە لە دەستتێوەردان و پەلاماردانی لەو بابەتە.

بەندی 13.

1- هەموو کەسێک لە سنووری هەموو دەوڵەتێکدا مافی هەیە ئازادانە بگەڕێ و نشیمەنی خۆی هەڵبژێرێ.

2- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە هەموو وەڵاتێک بەجێ بێڵێت، با وەڵاتی خۆیشی بێ، و هەروەها مافی هەیە بگەڕێتەوە وەڵاتی خۆی.

بەندی 14.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە لە وەڵاتی دیکە هەم داوای پەنابەری بکات و هەم پەنای بدرێ بۆ ڕزگاربوون لە ستەمکاری.

2- ئەم مافە کەسانێک ناگرێتەوە دادگە داوایان بکات، لەسەر دۆزی بەڕاستی ناسیاسی یان دژ بە بنەما و ئامانجەکانی دەوڵەتانی یەکگرتوو UN.

بەندی 15.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هاوزێدەتییەکی هەیە.

2- نابێ لەخۆڕا مافی هاوزێدەتی لە هیچ مرۆڤێک بسەندرێتەوە و نابێ مافی گۆڕینی هاوزێدەتی لێ زەوت بکرێ.

بەندی 16.

1- ژن و پیاوی ڕسکاو مافی هاوسەری و دامەزراندنی خێزانیان هەیە، بێ هیچ سنووردارییەک بنەمای لەسەر ڕەگەز، هاوزێدەتی یان دین بێ. هەردووکیان خاوەن مافی یەکسانن کاتی هاوسەری، لە ماوەی هاوسەریدا و لە کاتی جودابوونەوەدا.

2- هاوسەریی تەنها بە دڵسوودەیی (ڕەزامەندیی) ئازاد و تەواوی هەردوو هاوسەر دەبێ.

3- خێزان یەکەی خۆرسک و بنەڕەتییە لە جڤاتدا و مافی هەیە لە لایەن جڤات و دەوڵەتەوە بێتە پاراستن.

بەندی 17.

1- هەموو مرۆڤێک مافی موڵکایەتی هەیە چ بە تەنێ و چ لە پەیوەست لەگەڵ کەسانی دیکە.

2- نابێ هیچ مرۆڤێک لەخۆڕا موڵکی لێ زەوت بکرێ.

بەندی 18

هەموو مرۆڤێک مافی ئازادیی بیر، ویژدان و دینی هەیە. واتە مرۆڤ ئازادە لە گۆڕینی دین و گۆڕینی باوەڕ و هەروەها دەربڕین لە دین و باوەڕ بە تاک یان بە کۆمەڵ، ئاشکرا یان نهێنی، لە ڕێی خوێندنەوە، پەرستنەوە، پەیڕەوی و ڕێزگرتنی ڕێوڕەسمەوە.

بەندی 19.

هەموو مرۆڤێک مافی ئازادیی بیروڕا و ئازادیی دەربڕینی هەیە. بە گوێرەی ئەم مافە هەموو مرۆڤێک بێ دەستتێوەردان ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروڕا، گەڕان بەدوای زانیاری، وەرگرتن و پەخشی زانیاری و بیروڕا بە هەموو دەستاوێژێکی دەربڕین و بێ گوێدانە سنووری ناوچە.

بەندی 20.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە ئازادانە بەشداری پەیوەست و جڤین (کۆبوونەوە) ی ئاشتییانە بێ.

2- نابێ هیچ مرۆڤێک ناچار بکرێ ببێتە ئەندامی پەیوەستێک.

بەندی 21.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بەشداری بەڕێوەبردنی وەڵاتی خۆی هەیە، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی نوێنەری ئازادانە هەڵبژێردراو.

2- هەموو مرۆڤێک مافی یەکسانی هەیە بۆ وەرگرتنی کارمەندێتی گشتیی لە وەڵاتی خۆیدا.

3- ویستی میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە. ئەم ویستە بە هەڵبژاردنی دروست و ماوەماوە دێتە دەربڕین، هەڵبژاردنیش بە مافی گشتی و یەکسانی دەنگدان پیادە دەکرێ و لە ڕێی دەنگدانی نهێنییەوە یان هەر شێوەیەکی دیکەی هاوبایەخی دەنگدانی ئازادەوە.

بەندی 22.

هەموو مرۆڤێک چونکە ئەندامی جڤاتە مافی ئاسوودەگیی جڤاکیی هەیە کە دەبێ براستێنرێ (تەحقیق بکرێ) لە رێی خەباتی میللی و هاریکاریی نێودەوڵەتییەوە و بە رەچاوگرتنی سازمان و دەرامەدی هەر دەوڵەتێک، بۆ دابینکردنی مافگەلی ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگیی کە پێویستن بۆ پاراستنی سەروەریی مرۆڤ و بۆ فراژووتنی ئازادانەی کەسایەتیی مرۆڤ.

بەندی 23.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە: کار بکات، ئازادانە پیشە هەڵبژێرێت، هەلومەرجی پیشەکەی دادپەروەرانە و دڵاسوودەبەخش بێ و هەروەها مافی پاراستنی هەیە لە بێکاری.

2- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بێ جوداوازی هەمان مووچەی هەبێ بەرانبەر هەمان کار.

3- هەموو مرۆڤێک کە کار دەکات، مافی هەیە مزەیەکی دادپەروەرانە و دڵاسوودەبەخش وەر بگرێ، کە گوزەرانێکی مرۆڤشیاو بۆ خۆی و خێزانی دەستەبەر بکات و، لە بارودۆخی پێویستدا، دەستاوێژی دیکەشی بچێتە پاڵ بۆ پاراستنی جڤاکی.

4- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی هەم سەندیکا دامەزرێنێ و

هەم ببێتە ئەندامی سەندیکا.

بەندی 24.

هەموو مرۆڤێک مافی هەیە کاتی سەربەست (کاری ئازادی بێکاری) و پشووی هەبێ، کە دەکاتەوە دیاریکردنی سنوورێکی گونجاو بۆ کاتی کار و ماوەی وچان (ماوەی بێکاری) ی مووچەدار.

بەندی 25.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بۆ ئاستێکی ژیان کە گونجاو بێ بۆ ساخڵەمی و خۆشگوزەرانیی خۆی و خێزانی، کە دەکاتەوە خۆراک، پۆشاک، نشیمەنی، ساخڵەمی و خزمەتگوزاریی پێویستی جڤاکی، و هەروەها مافی ئاسوودەگی لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، پەککەوتن، مەرگی هاوسەر، پیری یان زیانی دیکەی ڕێگری بژێوی لە هەلومەرجی وەهادا کە لە توانای ئەم بەدەر بن.

2- دایک و زارۆک مافیان هەیە بۆ پەرۆشداری و یارمەتیی تایبەت. هەموو زارۆکان، چ لە نێو چ لە دەرەوەی هاوسەرگیریدا زا بن خاوەن هەمان مافی پاراستنی جڤاکین.

بەندی 26.

1- هەموو مرۆڤێک مافی فێرکاریی هەیە. فێرکاری لایەنی کەم لە ئاستی سەرەتا و بنەڕەتیدا دەبێ مفت (بێبەرانبەر) بێ. فێرکاریی بنەڕەتی دەبێ ناچاری (ئیلزامی) بێ. فێرکاریی پیشەزانی و تەکنیکی دەبێ ڤەکری (ئاواڵە) بێ بۆ هەموان. فێرکاریی باڵا دەبێ ڤەکری بێ بۆ هەموان بە گوێرەی کارامەیی.

2- مەبستی فێرکاری دەبێ فراژووتنی تەواوی کەسایەتی بێ و هەروەها بۆ ڕاهێزانی ڕێزە لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی. فێرکاری دەبێ هاندەر بێ بۆ دەرککردن، سنگفرەوانی و دۆستایەتیی نێوان میللەتان، گرووپی ڕەگەزی و گرووپی دینی و هەروەها بۆ پتەوکردنی خەباتی UN بۆ دابینکردنی ئاشتی.

3- مافی هەڵبژاردنی جۆری فێرکاری بە پلەی یەکەم بۆ دایک و باوکانە.

بەندی 27.

1- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە ئازادانە بەشداری ژیانی فەرهەنگیی جڤات بێ، چێژ لە هونەر وەربگرێ و بەشدار بێ لە پێشخستنی زانست و لە بەهرەکانی سوودمەند بێ.

2- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بەرژەوەندی ماددی و ئەدەبی بپارێزرێ لە هەر بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبی و هونەری کە خۆی خاوەنی بێ.

بەندی 28.

هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بەشێک بێ لە هەر شیرازەیەکی جڤاکی و نێودەوڵەتی کە تێیدا ئازادی و مافی نێو ئەم مافنامەیە بە تەواوی بڕاستێنێ.

بەندی 29.

1- هەموو مرۆڤێک ئەرکی لەسەرە بەرانبەر ئەو جڤاتەی دەرفەت ساز دەکات بۆ فراژووتنی تەواوی کەسایەتی خۆی بەتەنێ.

2- هەموو مرۆڤێک لە پیادەکردنی ئازادی و مافی خۆیدا سەرفروو دێنێ تەنها بۆ ئەو سنووربەندییەی کە قانوون دیاری کردوە تەنها بە مەبەستی دابینکردنی ڕێز و ڕەچاوگیری بۆ ئازادی و مافی کەسانی دیکە و هەروەها بۆ پیادەکردنی مەرجی جڤاتی دێمۆکرات لە پێناو ئاکار، شیرازەی گشتی و خۆشگوزەرانیی گشتی.

3- ئەم ئازادی و مافە نابێ لە هیچ بارودۆخێکدا دژ بە بنەما و ئامانجی UN بخرێنە کار.

بەندی 30.

هیچ نییە لەم مافنامەیەدا بە شێوەیەک لێک بدرێتەوە کە ماف بداتە دەوڵەتێک، گرووپێک یان تاکەکەسێک خەریکی چالاکییەک بێ یان کارێک بکات مەبەست لێی هەڵوەشاندنەوەی ئازادی و مافی نێو ئەم مافنامەیە بێ.

«...»

**پاشکۆی «مێتودنامە»**

لێرەدا بە کورتی چەند مێتودێک ڕوون دەکەینەوە کە بەکار دەهێنرێن بۆ:

- پیادەکردنی نۆرمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان» و ڕێسای «سەرفەرازیی کەسەکی» لە پەیوەستدا.
- هاندانی گفتوگۆ، ئاخافتن و بەشداریی چوست

**«کوورەهەنگ»**

ماوەی چەند خولەکێک وانەگوتنەوە ڕادەگیری، بەشداربوان دوودوو پرسێکی تایبەت گفتوگۆ دەکەن و پۆلەکە پڕ دەبێ لە واژەواژ.

بڕوانە «داستانی ئازاد و نەوزاد».

**«سێرەی گرووپ»**

لێرەدا هەموو بەشداربوان لە ڕێی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بابەتێکی تایبەت بە شێوەیەکی چوست بەشدار دەبن. دوور نییە بگەنە وێنەیەکی هاوکۆ دەربارەی سەرشاری باسەکە و لەویشەوە بەرەو داڕشتنی پلانی کار. ئەم مێتودە دەکرێ بخرێتە کار بۆ پێوانەی جۆرایەتی، داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی، داڕشتنی پێناسەی چەمک و هەروەها بۆ چارەکردنی ناڕەزایی.

ژمارەی بەشداربوان دەبێ ئەوپەڕەکەی 25-30 کەس بن. مێتودەکەش ئەم هەنگاوانەی هەیە:

1) دیاریکردنی بابەت
2) بیرۆکەبارانە
3) پێشەمی دانان – یەکیەک یان بە گرووپ
4) هەڵسەنگاندنی باری ئێستا – یەکیەک یان بە گرووپ
5) شرۆڤەکاریی هاوکۆ

هەروەها بڕوانە ڕاهێنانی «جەخت لەسەر ڕۆژەڤ»

**«چوار گۆشە»**

«چوار گۆشە» بۆ وەرگرتنی هەڵوێست و هەڵبژاردنە. ئەم مێتودە هەم بۆ سەرەتای گفتوگۆ و هەم بۆ قووڵبوونەوە کارایە. تەنانەت مرۆڤی هەرە بێدەنگ، بێ هەرا و بێ ئاماژە پێکردن، لێرەدا دێتە گۆ. ئەم مێتودە بۆ گرووپی گەورەش دەست دەدات.

ڕێبەری خول چوار بژارە، چوار ڕێگەی جیاواز پێشنیاز دەکات. هەر بژارەیەک گۆشەیەکی ژوورەکە دەگرێت. داوا لە بەشداربوان دەکات، هەر یەکە بە بۆچوونی خۆی ئەو گۆشەیە بگرێ کە ئێستا باشتر لەگەڵ بیروڕای خۆی دەگونجێت.

پاش ئەوەی هەموو کەسێک گۆشەی خۆی دۆزییەوە، لە گۆشەکاندا چەند خولەکێک گفتوگۆ دەکرێت لەسەر ئەوەی بۆ من ئێرەم پێ باش بوو. ئەوجا یەک دوو کەس لە هەر گرووپێک ڕوانگەی خۆیان بۆ هەموان ڕوون دەکەنەوە.

ڕێبەری خول داوا لە بەشداربوان دەکات، گەر بەدەم گفتوگۆوە بیروڕای خۆیان گۆڕی، ئازادانە گۆشە بگۆڕن. گیر نەخۆن.

- چوار بژارەی چوار گۆشەکە وەها بێلایەن باس بکە کە هیچیان ئاماژە بە دروستی و نادروستیی بۆچوون نەدات.
- هەردەم یەک لە بژارەکان ڤەکری بێ (ئاواڵە بێ، بۆ نموونە: بۆچوونی دیکە.)

بڕوانە «دوو ڕووخساری دێمۆکراسی»

**«گەرمەکورسی»**

میتودێکی دیکەیە داوای بیرکردنەوەیەکی قووڵتر دەکات. بەشداربوان ئاشکرا هەڵوێست وەردەگرن لە چەند پرسیارێک دەربارەی دۆزی بەها. هەر کەسێک بە «دانیشتن» یان «ڕابوون» بیروڕای خۆی دەردەبڕێ. ئەمەش ڕێسا:

1) هیچ کەسێک گوتەی نابێ دەربارەی هەڵوێستی کەسێکی دیکە
2) هەموو بەشداربوان بە وردی سەرنج دەدەنە ئەوەی دەگوترێ، وەک گوتەی گەواهێک لێی وەردەگرن نەک بابەتێک بۆ گفتوگۆ
3) هەڵوێست گۆڕین هەردەم ئازادە بۆ هەموو کەسێک

بەشداربوان و هەروەها ڕێبەری خول لە یەک بازنەی گەورەدا دادەنیشن. ڕێبەری خول گریمانەیەک ڕەپێش دەخات و بەشداربوان دەبێ هەڵوێستی لێ وەرگرن. ئەوەی لای پەسەندە «ڕا بێ» (هەستێتە سەر پێیان). ئەوەی گریمانەکەی لای پەسەند نییە، لە جێی خۆی دانیشتوە. گەر کەسێک دوودڵە، دەتوانێ بچێتە سەر چیچکان – بارێکی ناخۆش و سەختە، وەک ڕاڕایی!

کاتێک گشتیان هەڵوێستیان وەرگرت، ئەوجا چەند کەسێ دەرفەتی دەبێ خۆی ڕوون بکاتەوە:

- «تۆ بە پێوەی. چۆنت بیر لێ کردۆتەوە؟»
- «تۆ دانیشتوی. بۆ؟»

پاش ئەوەی کەسانی خاوەن دید و ڕا گوتەیان تەواو دەکەن، دەچینە سەر گریمانەی پاشی. گرینگە گریمانەکان ڕوون و ساکار بن – نایاندنی نەبێ (نابێ، نەکرێ، نەچێ...). گەر کەسانێک هەبن گرفتدار، (پەککەوتە، خاوەن پێداویستیی تایبەت) دەکرێ لە بری ڕابوون، دەست هەڵبڕن یان هەر نیشانەیەکی دیکەی گونجاو.

بڕوانە ڕاهێنانی «پەیوەست».

**«تەکنیکی خۆسەپاندن»**

جار هەیە بە ئاسانی کەسێک یان چەند کەسێک زاڵ دەبن بەسەر جڤینێکدا، لەوانەیشە بە مێتودی ناجۆر. پرۆفیسوری نۆروێژی لە بواری دەروونناسیی جڤاکیدا Berit Ås پێنج «تەکنیکی خۆسەپاندن»ی دیاری کردوە کە پیاو بۆ خۆ زاڵکردن بەکاریان دەهێنێ بەرانبەر هاوکاری ژن. لە ڕاستیدا ئەم تەکنیکانە بۆ هەموو جۆرە خۆ زاڵکردنێک بەکار دێن، نەک تەنها دژ بە ژن.

1) «خەفاندن»: بێدەنگکردن یان کەنار خستنی بەرهەڵستکاران لە ڕێی وێڵکردنیانەوە.
2) «شکاندن»: بە جۆرێکی فێڵاوی – وەک بەکار هێنانی وێکچواندنی بەهێزی نادروست – سووکایەتیکردن بە کەسێک، بە گوتەی ئەو کەسە، بە ڕوخساری بە... هتد
3) «تاریکاندن»: شاردنەوە یان دەستگرتن بەسەر زانیاریدا. بۆ نموونە زانیارییەکی هەیە تەنها بدرێتە چەند دۆست و هاوبیرێک و لە خەڵکی دیکەی بشاریتەوە. زۆر جار ئەم دیاردەیە بێمەبەستیش ڕوو دەدات.
4) «جووتچەپاندن»: کەسی بەرانبەر بخرێتە بارێکی وەهاوە هەر ڕێگەیەک هەڵبژێرێ هەر کەوتن و سزای بەدەمەوە بێ.
5) «شەرماندن»: مرۆڤ ناچار دەکرێت شەرم لە ڕەفتاری خۆی بکات و پێی وا بێ ئەوەی بەسەری دێ گوناهی خۆیەتی. زۆر جار لەتەک «شکاندن» و «جووتچەپاندن» دا دێت.

هەر بەوەندەی دیاردەی «تەکنیکی خۆسەپاندن» دیاری بکرێ و ناوی لێ بنرێ لە سوورێکدا، لەوانەیە بەس بێ بۆ ڕێبەستن لێی و گەڕانەوە بۆ نۆرمی «ڕەچاوگرتنی یەکسان».

بۆ ئامۆژگاریی دیکە، بڕوانە «دەستاوێژ بۆ جڤینی باشتر» لە خوارەوە.

**«بیرۆکەبارانە»**

داوا لە گرووپەکە بکە ئازادانە گفتوگۆ دەربارەی چەمک یان وشەیەک بکەن.

- هەموو بیرۆکەیەکی هەموو ئەندامان تۆمار دەکرێن. ڕێسا:
  1- هیچ بیرۆکەیەک هەڵە نییە
  2- هیچ کەسێک تێبینی نابێ لەسەر بیرۆکەی کەسێکی دیکە
  3- مەرج نییە هاوڕای یەک بن
- گورج بن، گرینگ ئەوەیە سەربەستانە چەندین پێشنیاز بێتە کایەوە، بیرۆکە بباریّ!
- ئەوجا کە بیرۆکە نەما، یان کات نەما، دێینە سەر پۆلێن، هەڵسەنگاندن و پێشخستنی بیرۆکەکان.

دەکرێ «بیرۆکەبارانە» بکرێتە کێبەرکێ، ئەو گرووپەی لە ماوەی تەرخاندا زیادترین ژمارەی بیرۆکەی باراندوە، براوەیە. دەشکرێ کەسەکی بێ، هەر ئەندامێک 5-6 پارچە کاخەز وەردەگری، هەر پارچەیەک بۆ یەک بیرۆکە. زۆر جار بیرۆکەی پێنجەم و شەشەم زیادتر سەرنجڕاکێشن.

بڕوانە ڕاهێنانی «جەخت لەسەر ڕۆژەڤ» و «لە پێداویستییەوە بۆ ماف».

**«بەفرانگە» (یەخچاڵ. سەللاجە)**

زۆر جار کەمیی کات دەبێتە کێشە بۆ بەشداریی چوستی ئەندامان، بەتایبەتی گەر ژمارەیان زۆر بێ. پرسیار و سەرنج زۆر دەبن و لەوانەیە کات نەبێ ڕێک ئەو کاتە بخرێنە بەرباس. وەها باشە بەشێکیان بخرێنە «بەفرانگە» وە بۆ ئەوەی پاشان کاریان لەسەر بکەین. ڕێبەری خول پارچە کاخەزێکی گەورە بە دیوارەوە دەکاتە «بەفرانگە» و هەر پرسیارێک فریای نەکەون لەتەک ناوی خاوەن پرسیاردا، لەسەر ئەو تابلۆیە تۆمار دەکرێ. پاشان لە دەرفەتێکی گونجاودا بابەتەکان لە «بەفرانگە» دەردەهێنرێن و دەخرێنە بەرباس. ئەوجا دەکرێ مێتودی «ڕۆژەڤی هاوکۆ» (پاشان باسی دێ) بۆ ئەم مەبەستە کارا بێ. بڕوانە ڕاهێنانی «ئازاد و نەوزاد».

**«هێڵ»**

مێتودی «هێڵ» گەر مەودا بەرین بێ، بۆ زۆر بار سوودبەخشە. دەکرێ وەک بزوێنەر، تەرمۆمەترێکی خێرا و پێوەر بخرێتە کار.

ڕێبەر هێڵێکی خەیاڵکرد بە نێوەندی ژوورەکەدا دەکێشێ. ئەمسەریان نیشانەیە بۆ «ئەرێ، ڕێک وەهایە!»، ئەوسەریان دەڵێ «نەخێر، نا، هیچ وا نییە!». بەشداربوان دەبێ هەڵوێست وەر بگرن لە گریمانەیەکی ڕێبەری خولەکە بەوەی جێیەک لەسەر ئەو «هێڵ» ـە بگرن. وەها باشە نێوەندی هێڵەکە بە کالآیەک نیشانە بکە ئاسان نەبێ بەشداربوان بێلایەن بن و نێوەند بگرن.

پاش ئەوەی گشت بەشداربوان جێی خۆیان لەسەر هێڵ دەگرن، ئەوجا دەرفەت بدە چەند کەسێک دیدی خۆی ڕوون بکاتەوە: بۆچی ئەو جێگە و هەڵوێستەی گرتوە؟ لەم مێتودەدا ئاشکرا دەبێ کە زۆر جار خەڵک بە هەمان بەڵگە و هۆکار جێگەی جیاواز دەگرن و لەوانەیشە بە بەڵگە و هۆکاری جیاوازەوە لە یەک جێگەدا کۆ ببنەوە.

دەکرێ چەند گریمانەیەک، بە دوا یەکدا، بخرێنە بەرباس و بەشداربوانیش پەیتاپەیتا هەڵوێستیان لێ وەربگرن.

بڕوانە هەر دوو ڕاهێنانی «پلاتفۆرمێکی دیمۆکرات» و «کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاهێزراو».

**«نەخشەی دەرفەت»**

جۆرێکی دیکەیە لە «بیرۆکەبارانە» دەرفەت دەداتە بەشداربوان بە شێوەیەکی نوێ چالاکی یان پرۆژەی داهاتوویان پێشان بدەن.

- بەشداربوان بە خەیاڵ وەهای دادەنێن کە چالاکییەکە تەواو بوە و ئەمان ئێستا کۆبوونەتەوە بۆ «یادکردنەوەی» ئەو چالاکییە. هەر بیرەوەرییەک لەسەر یەک پارچەکاخەزی «یادنامە» بنووسن
- «یادنامەکان» لە سەر «تابلۆی ئاراستە»، لە بەشەکانی: «بەرخواستە»، «بەرخواست نییە»، «بەرشیمانەیە»، و «بەرشیمانە نییە» جێ دەگرن.
- ئەوجا ئەم «نەخشەی دەرفەت» ـە کە زادەی بەشداری و ئافراندنی هەموانە، دەکەینە سەرشار بۆ دارشتنی پلانی کار.

زۆر بەسەرهاتی نێو چالاکی و پرۆژە لەو جۆرەن پێشبینی ناکرێن: دەوروبەر بەو جۆرە هەڵناسوورێ کە چاوەروانی بووین، هەڵسوکەوتی بەشداربوان دەرئەنجامی وەهای هەبوو پێشبینی لێ نەکرا. رووداوی وەها بە ئەندازەی رووداوی بەرنامەدار کاریگەری هەیە.

ئەم جۆرە «بیرۆکەبارانە» یە رێ دەداتە بەشداربوان مەودا لە پلانەکانی خۆیان وەربگرن — و ئەوانەیش کە هێشتا پلانیان دانەرشتوە بە هەمان هەلومەرج بەشداربن.

بروانە راهێنانی «کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی راهێزراو».

**«نیشانەکاری»**

«نیشانەکاری» میتودێکی خێرا و بەرچاوە بۆ پۆلێن و پێشەمیدانی گەلدەست. ژمارەیەک کالآی نیشانەکاری (دوگمەی تایبەت بێ یان خامەی درشتنووس یان... هتد) بە یەکسانی بەسەر هەمواندا دابەش دەکرێ، بۆ نیشانەکردنی چەندین خاڵ و پێشنیازی کە زووتر گرووپەکە تۆماریان کردوون. مرۆڤ تەواو بە ئارەزووی خۆی بابەتەکان نیشانە دەکات.

«نیشانەکاری» پەیجۆرییەکی پێشدەستە بۆ زانینی هەڵوێستی بەشداربوان، نە بڕیارە و نە هەڵبژاردن. مەبەست بەراوردکردنی پێشنیازەکانە بە یەکدی و نیشانەکردنی ئەوەیانە کە مرۆڤ، لەبەر هەر هۆیەک بێ، لای هۆشپەسەندە.

«نیشانەکاری» لە ماوەیەکی کورتدا هەڵوێستی گرووپەکە پێشان دەدا لە ئاست دۆزێکی تایبەتدا. بەوەش دەبێتە ژێرخانێکی بابەتەکی بۆ بەردەوامیی کار.

«نیشانەکاری» زەمینە بۆ بەشداریی چوست خۆش دەکات، تەنانەت کەسانی هەرە کەنارگیر جێدەستیان دیار دەبێ.

بڕوانە ڕاهێنانی «لە پێداویستییەوە بۆ ماف».

**کۆنفەرانسی پلانڕێژی لە گرووپی گەورەدا**

- کۆنفەرانسی دیالۆگ

نێزیکەی سەد کەسێک کۆ دەبنەوە بۆ پەیدۆزیی بەرژەوەندی هاوکۆ، ڕێک کەوتن لەسەر پێناسە و واتالێکدانەوە، هەروەها بۆ گفتوگۆ دەربارەی پێشنیازی کاری ئایەندە. ئەم کۆنفەرانسە بریتییە لە سێ سووڕی گفتوگۆ. ڕێبەری کۆنفەرانس بابەت و ڕۆژەڤ دیاری دەکات، بەشداربوان گرووپی بچووکی ئەوپەڕەکەی 8 کەسی پێک دێنن.

1) سووڕی یەکەم بۆ «گرووپی بنەما» یە، گرووپی پرۆژەی جیاواز، دەستەی کاری نێو تۆڕێکی دیاریکراو یان بەشی جۆراوجۆری سازمانێک. ئەندامانی ئەم گرووپانەی بنەما لەم سووڕەدا لە تێما (بابەت) یەکی تایبەت قووڵ دەبنەوە.
2) لە سووڕی دووەمدا «گرووپی تێهەڵکێش» بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی گرووپە جیاوازەکانی بنەما لە گرووپی تازەدا (پاشان زیادتر ڕوون دەکرێتەوە). ئەمان گفتوگۆی سووڕی یەکەم دەخەنە بەرباس، هەڵیدەسەنگێنن، سەرنجی لەسەر دەدەن و زیاتر تێیدا قووڵ دەبنەوە.
3) لە سووڕی سێیەمدا، گرووپی بەرایی، «گرووپی بنەما» باسەکە دەگرنەوە دەست. بە شێوەیەکی هاوکۆ کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی ستراتیژ بۆ ڕاستاندن (پیادەکردن) ی ئەو بیرۆکە و پێشنیازانەی لە سووڕی یەکەم و دووەمدا هاتنە بەرهەم. گەر بەشداربوانی ئەم کۆنفەرانسە تێکەڵەی هەڕەمەکیی چەندین تۆڕ و سازمان بن ئەوا دەکرێ لەم سووڕەدا گرووپ لە کەسانی هاوپرۆژە پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی باسەکانیان کۆ ببێتەوە.

کۆنفەرانسی دیالۆگ دەستاوێژێکی بەهێزە بۆ ئافراندنی بەشداری و هاوڕایی بۆ کاری داهاتوو. سەرکەوتنی کۆنفەرانسی دیالۆگ پێویستی بە ڕێبەرایەتیی ڕوون هەیە. دەبێ هەم گرووپەکانی بە باشی پێک هێنرابن و هەم پێشکات بابەتی گفتوگۆی جیاوازیان بۆ ئامادە کرابێ.

ئەوجا بڕوانە ڕاهێنانی «فراژووتنی دێمۆکراتانەی سازمان» (بۆ یەک سازمان داڕێژراوە) و هەروەها ڕاهێنانی «کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاهێزراو» (بۆ تۆڕێک داڕێژراوە کە نوێنەرانی چەندین سازمانی تێدا بێ).

- دیوەخانی کراوە Open Space

لێرەدا – بە پێچەوانەی کونفەرانسی دیالۆگ – بەشداربوان خۆیان ڕۆژەڤی خۆیان دادەڕێژن، خۆیان ئارەزوومەندانە گرووپ ساز دەکەن بۆ گفتوگۆ دەربارەی ئەو دۆزەی لایان پەسەندە. ڕەوتی کۆنفەرانس بەم جۆرەیە:

1) مەیدانی بۆچوون – بەشداربوان لە بازنەیەکی گەورەدا دادەنیشن. گەر کەسێک باسێکی هەبێ، ڕێبەری کۆنفەرانس هانی دەدا لەم بازنەیەدا کورتەیەکی باسەکەی خۆی بناسێنێت. سەرەباسەکە بە دیواردا هەڵدەواسرێ.
2) بازاڕ – بەشداربوان دەگەڕێن بەسەر سەرەباسەکاندا کە جاڕ دراون. هەر کەس بە ئارەزووی خۆی باسێکیان هەڵدەبژێرێ. گرووپی گفتوگۆ دەربارەی ئەو سەرەباسانە پێک دێت. تێبینی بکە، ڕێبەری کۆنفەرانس لێرەدا فەرمانڕەوایی ناکات.
3) گفتوگۆی نێو گرووپی بچووک
4) گردبوونەوەی هەموان، ڕاپۆرتاندنی باسی نێو گرووپەکان و پێک هێنانی گرووپی هاوبەرژەوەند.

هەر لە دەرزەنێک هەتا گرووپی چەند سەد کەسی دەتوانی لەم «دیوەخانی کراوە» دا بەشدار بێ. مەبەست لەم مێتودە وەدەست هێنانی ئەوپەڕی بەشدارییە لە هەلومەرجی یەکساندا و هەروەها تەرخانکردنی بەرینترین مەودایە بۆ ڕێسای «سەرفەرازیی کەسەکی». بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Harrison Owen, *Open Space Technology: A User's Guide*, Berrett-Koehler, 1997.

**میتودی SWOT**

میتودێکە بۆ پەیجۆریی سازمان. دەگەڕێ بۆ لایەنی بەهێز و لاوازی ناوەکی، بۆ دەرفەت و هەڕەشەی دەرەکی و ئەوجا کاریگەریی ئەم هۆکارانە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە پێشان دەدات. SWOT کورتکراوەی ئەم وشانەیە:

- هێز **S**trength
- لاوازیی **W**eakness
- دەرفەت **O**pportunity
- هەڕەشە **T**hreat

بە گشتی چارەسەری کێشە دەکەینە سەرشار و لەوێوە ئامانج دیاری دەکەین، مەبەست چییە؟ ئەوجا ئەم خاڵانە دیاری دەکەین:

- هێز **S**trength - ی نێو سازمان کە یاریدەر بێ بۆ پێکانی ئامانج.
- لاوازیی **W**eakness - ی نێو سازمان کە ڕێبەست بێ بۆ پێکانی ئامانج.
- دەرفەت **O**pportunity - ی دەورەبەر دەیڕەخسێنێ بۆ پێکانی ئامانجی سازمانەکەمان.
- هەڕەشە **T**hreat - ی دەورەبەر کە دەبێتە کۆسپ بۆ پێکانی ئامانجی سازمانەکەمان.

ئەنجامی ئەم ڕووماڵکردنە دەبێتە بنەمای «پلانی کار» بۆ پێکانی ئامانج.

بڕوانە ڕاهێنانی «فراژووتنێکی دیمۆکراتانەی سازمان».

## گرووپی تێهەڵکێش

مێتودێکی ساکار و کاریگەرە، گورج زانیاری پەخشان دەکات لە نێو گرووپی گەورەدا. بە تێکبەستن لەگەڵ «بازنە» دا بەشداری دەگاتە ئەوپەڕی. بریتییە لەوەی گرووپی نوێ دروست دەکەیت لە ئەندامی گرووپە جیاوازەکانی بازنەی گفتوگۆی پێشوو. لە هەر گرووپێکی تێهەڵکێشدا، نوێنەری گشت گفتوگۆیەکانی تێدایە. بەم جۆرە هەموو کەسێک زانیاری وەردەگرێ دەربارەی گفتوگۆی سەرجەم گرووپەکان و ئەمەش بە ماوەیەکی تەواو کورتتر لەوەی هەر گرووپێک کاری خۆی بۆ هەموان ڕوون بکاتەوە.

ئەوجا بڕوانە ڕاهێنانی «فراژووتنی دیمۆکراتانەی سازمان» و «کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاهێزراو».

**دەستاویژ بۆ جڤینی باشتر**

**1) دەستکەلای گوتار**

تۆپێکی نەرم و سووکەڵە دەدرێتە دەست کەسی ئاخێوەر و دەیکاتە جێی سەرنج. ئەم دەستکەلایە ماف دەداتە ئاخێوەر گوتەی خۆی هەبێ بێ ئەوەی کەس پێی ببڕێ. دەستکەلا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئاپۆرەیە بۆ کەسی ئاخێوەر بێ ئەوەی کەسی دیکە پەرتی بکات. پاش کەمێک ڕاهێنان مرۆڤ فێر دەبێ تەنانەت لە جڤینی گەورەشدا بێ سەرۆک و دەمڕاست، بە ڕادەستکردنی ئەم دەستەکلایە نۆرەی ئاخافتن بداتە هاوڕێیان.

**2) سووڕ**

لە جڤیندا، نۆرەی ئاخافتن دەسووڕێ و هەموو کەسێک بە ڕیز سەرەی خۆی دەبێ. لە سەرەی خۆیدا، مرۆڤ لە کاتی دیاریکراودا، چەند خولەکێک، باسەکەی خۆی پێشکەش دەکات بێ ئەوەی کەسی دیکە پێی ببڕێ. لە سووڕدا مرۆڤ گەر باسی تایبەتی نەبێ بۆی هەیە لە نۆرەی خۆی خۆش بێ، بەڵام کەس بۆی نییە سەرنج و تێبینی هەبێ دەربارەی گوتەی کەسێکی دیکە، ئێرە بواری گفتوگۆ نییە.

بۆ ئەوەی «سووڕ» بە ڕێکی بێ ڕێبەر بچەرخێ دەبێ سەرەتا تێمایەک (بابەتێکی باس) دیاری بکرێ، بۆ نموونە:

- سووڕی ئێرە و ئێستا - لێرەدا هەموو کەسێک ئەو باسانە دەکاتەوە کە ئێستا لێرەدا خەیاڵی جەنجاڵ کردوە، بۆ ئەوەی پاشان هەر هەموو بەتەواوی سەرنجەوە بەشداری جڤینەکەمان بین.
- سووڕی ڕۆژەڤ - لە پرسەکانی ڕۆژەڤی ئەم جڤینە کامە پرس بەلای منەوە لە هەموان گرینگتر بوو.
- سووڕی ڕووماڵ - بەر لە دەستپێکی گفتوگۆ، کامە پرس گرینگە کاتی گفتوگۆ لە یادمان بێ.
- سووڕی پێشنیاز - پاش گفتوگۆ، هەر کەسێک پێشنیاز دەدات بۆ بڕیارێک، بە بێ بەڵگەکاری و گفتوگۆ
- سووڕێ کۆتا - دەمەو کۆتابوونی جڤین، چی باش بوو لەم جڤینەدا و چی دەکرێ باشتر بێ.

### 3) ڕۆژەڤی هاوکۆ

دەستپێکی جڤین سوورێکە تێیدا ئەندامان ڕوونی دەکەنەوە:

- کامە پرس بەلایانەوە گرینگە باس بکرێ
- مەبەستیان لەو باسە چییە: پەخشانی زانیارییە، گفتوگۆیە یان بڕیاردان
- ئەو باسە چەندی کات پێوستە لەم جڤینەدا

وەها باشە ئەو خاڵانە لەسەر کاخەزێکی گەورە بنووسرێت بۆ ئەوەی لە هەموان ڕوون بێ. گەر ئاشکرا بوو کە کاتی پێویست بۆ گفتوگۆی ئەو خاڵانەی ڕۆژەڤ سنووری کاتی تەرخانی جڤینەکە دەبەزێنێ، ئەوسا دەبێ بێنەوبەرە لەگەڵ یەکبەیەکی ئەندامان بکرێ لەسەر کاتی پێویست بۆ خاڵەکانیان – لەوانەیە خاڵ هەبێ بخرێتە جڤینی داهاتوو. پاش ئەم بێنەوبەرەیە بڕیار دەدرێ لەسەر ڕیزبەندی خاڵەکان، کامیان لە پێش و کامیان لە پاش دێنە بەرباس. ئەوجا هەر کەس بەرپرسە لەوەی خاڵەکەی خۆی پێشکەش جڤینەکە بکات. ئەم پرۆسەیە کات زۆر نابات و دەشبێتە مایەی ڕیزبەندییەکی «هاوکۆ» ی ڕۆژەڤ.

### 4) سووڕاندنی کارکردی جڤین

ڕێبەرایتیی جڤین ئەرکێکی ئاڵۆزە و دەکرێ دابەش بکرێت بەسەر چەند کەسێکدا. گەر ئەم ئەرکە لە نێو ئەندامانی پەیوەستدا بسووڕێ، ئەوا هەموو کەسێک دەرفەتی دەبێ بۆ پەی بردن بە چۆنیەتی چەرخانی سازمان و باشتر بەرپرسایەتیی جڤین دەگرێتە ئەستۆ.

- ڕێبەری جڤین – یەکەم ئەرکی ڕێبەر دابەشینی سەرەی ئاخافتنە لە جڤینەکەدا و ئەوجا ڕێبەرایەتیشە بەوەی:
  - داوا لە کەسانی درێژدادڕ بکات بگەنە کرۆکی باس،
  - خۆی پوختەی گفتوگۆی جڤین پێشکەش بکات،
  - گفتوگۆ بەرەو بڕیاردان بەرێت و ... هتد.

گرینگە ڕێبەری جڤین هاوکات باسی تایبەتیشی نەبێت. گەر هەیبوو دەبێ کەسێکی دیکە بۆ ماوەیەک ڕێبەرایەتییەکە بکات.

- سکرتێر – لە هەموو دۆزێکدا کە دێتە بەرباس، بڕیارەکە دووبارە ڕوون دەکاتەوە و پرۆتۆکۆلنووسی دەکا بۆ دیڤچوون لە جڤینی داهاتوودا

- کاتراگر – کەسێکە ئاگاداری کاتە، ڕێ نادات گفتوگۆ لە سنووری کاتی تەرخان دەرچێت و هەروەها ئاگای لەوەیە جڤینەکە لە کاتی خۆیدا تەواو بێ. چونکە کەسێک هەیە بەرپرسی کاتە، ئەوانەی دیکە خەریکی خاڵەکانی جڤینەکە دەبن و پەرۆشی کات نابن.
- چاودێر – وەها باشە بەر لە دەستپێکی جڤین ناوزەد بکرێ بەتایبەتی گەر خاڵ هەبێ لە فەرهەنگی جڤیندا پێویستی بە سەرنجی تایبەت بێ، بۆ نموونە: دابەشینی کاتی ئاخافتن، گوتەی زێڕینی وەها شایانی تۆمارکردن بێ، تەکنیکی خۆسەپاندن، پێویستبوونی وچان و ... هتد.

تەکنیکی یەکەم و دوەم، «دەسکەلای ئاخافتن» و «سوورڕ»، ئاسانە یەکسەر پیادەیان بکەیت و ئەنجامی باشیان لێ وەربگریت. تەکنیکی «ڕۆژەڤی هاوکۆ» و «سووڕاندنی کارکردی جڤین» پیویستیان بە ڕاهێنانە. گەر مرۆڤ سەرکەوتوو بێ لە دامەزراندنی ئەم چوار تەکنیکەدا، ئەوا مەودایەکی باش دەبڕێ لە دابەشینەوەی دەسەڵات و ڕێبەستن لە مەیلی هەڵاواردن لە نێو سازماندا.

ئەوجا بڕوانە ڕاهێنانی «فراژووتنی دێمۆکراتانەی سازمان».

«...»